حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان/بەشی کوردی

# جوانکاری لە شیعری ( وەفایی ) دا

## نامەیەکە

## مەریوان حسێن فەرحان

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.

## سەرپەرشت

## پ.ی.د.قومری سەعید عەزیز

( 5102 ) زاینی      ( 5202 ) کوردی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو/ پ.ی.د.قومری سەعید عەزیز

ڕۆژ/ / / 5102

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو/ پ.ی.د. کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ / / / 5102

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن, ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامە ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| ڕۆژ: | ڕۆژ: |

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام و سەرپەرشت |
| ڕۆژ: | ڕۆژ: |

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو/

سەرۆکی سکولی زمان

ڕۆژ

**پێشکەش:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە:**

**⋆ بە ڕۆحی پاکی باوکم کە هەردەم یادی لە دڵدا دەژێتەوە.**

**⋆ بە ڕۆحی پاکی مامۆستای لەیادنەچووم، دکتۆر (عەبدولسەلام سالار)، کە بە ڕۆیشتنی، دونیای ڕەوانبێژی کوردی پایەیەکی گرنگی لە دەستچوو.**

**⋆ بەدایکی خۆشەویست و لەدلأبووم، ئەو مرۆڤەی چاوەڕوانی هاتنەدنیای ئەم بەرهەمەبوو.**

**⋆ بە ئەوانەی چ بەنووسین و چ بەخوێندنەوە، لەگەڵ شیعرەکانی وەفاییدا ئاوێزان بوون.**

## سوپاس و پێزانین:

★ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێز پ.ی.د, قومری سەعید کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بەسەرنج و تێبینییە ورد و زانستییەکانی نامەکەی دەوڵەمەند کرد.

★ سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان وانەیان پێوتووم، لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا.

★ سوپاس بۆ ئەو مامۆستا و هاوڕێیانەی کە بە سەرچاوە و تێبینی هاوکارییان کردووم، بەتایبەتی( پ.ی.د. صاحب ڕشید، د. ئیدریس عەبدوڵا، د. فەرهاد قادر، د. تارا محسن م.هەژار فەقێ سلێمان، م. ئاڤێستا ئیسماعیل، م. هێرش کەریم، م. بەختیار عەلی، م. ئاری عوسمان خەیات، م. ڕەفعەت محەمەد).

★ سوپاس بۆ (کتێبخانەی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سلێمانی و کتێبخانەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی کوردستان لە شاری سنە و کتێبخانەی گشتیی کفری) کە هەمیشە دەرگایان کراوەبووە بەڕووماندا.

★ سوپاس بۆ خوشك و برا ئازیزەکانم و خانەوادەکەم، کە هەردەم پاڵپشتێکی مەعنەویی گەورەم بوون لە ژیان و خوێندنمدا.

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 0 | پێشەكی |
| 4 | بەشی یەكەم |
| 4 | ڕەوانبێژی و زانستەكانی |
| 2 | باسی یەكەم: زانستی ڕەوانبێژی |
| 9 | ڕەوانبێژی، چەمك و تێڕوانین |
| 01 | مێژووی ڕەوانبێژی لای میللەتان |
| 01 | ڕەوانبێژی لای یۆنانییەكان |
| 01 | ڕەوانبێژی لای ڕۆمەكان |
| 09 | ڕەوانبێژی لای عەرەبەكان |
| 50 | ڕەوانبێژی لای فارسەكان |
| 52 | ڕەوانبێژی لای كوردەكان |
| 52 | باسی دووەم: زانستەكانی ڕەوانبێژی |
| 52 | زانستی ڕوونبێژی (علم البیان) |
| 51 | زانستی واتاناسی (علم المعانی) |
| 21 | زانستی جوانكاری (علم البدیع) |
| 29 | بەشی دووەم |
| 29 | هونەرەكانی جوانكاری وشەیی لە شیعری (وەفایی) دا |
| 41 | جوانكاری وشەیی (المحسنات اللفظیه) |
| 40 | ڕەگەزدۆزی (الجناس) |
| 22 | هێنانەوە (التصدیر) |
| 20 | كەرتكردن (التشطیر) |
| 22 | گێڕانەوە (الترديد) |
| 12 | پات كردنەوە (التكرار) |
| 12 | بوونی پێویستە (لزوم مایلزم) |
| 19 | هاوكێش (سەروای متەوازن) |

| | |
|---|---|
| متەوازی (المتوازی) | 11 |
| هاوسەر (المطرف) | 10 |
| تەترِیز (الطرّیز) | 15 |
| نەسخ (نسخ) | 11 |
| لێوەرگرتن (اقتباس) | 90 |
| تێهەڵکێش (التضمین) | 92 |
| پێنجخشتەکی (التخمیس) | 99 |
| بەشی سێیەم | 010 |
| هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە شیعری (وەفایی) دا | 010 |
| جوانکاری واتایی (المحسنات المعنویة) | 015 |
| دژیەك (الطباق) | 012 |
| بەرامبەری (المقابلە) | 011 |
| جێگۆرکێ (العکس) | 001 |
| تیلنیشان (التلمیح) | 005 |
| کۆکردنەوە (الجمع) | 001 |
| لێککردنەوە (التفریق) | 009 |
| دابەشکردن (التقسیم) | 050 |
| ڕاڤە (تفسیر) | 052 |
| پەنبێژی (ارسال الثل) | 052 |
| زیادەڕەویی (المبالغە) | 051 |
| جوانی بایس (حسن التعلیل) | 059 |
| پێکەوە گونجان (مراعاة النظیر) | 020 |
| خۆگێلکردن (تجاهل العارف) | 022 |
| پێچان و کردنەوە (اللف والنشر) | 022 |
| پۆشین (التوریە) | 021 |
| ئاڕاستە (التوجیە) | 040 |
| بادانەوە (الرجوع) | 042 |
| لۆمە لە بەرگی وەسفی (الذم بما یشبە المدح) | 042 |
| داهێنان (ابداع) | 041 |

| | |
|---|---|
| **ئەنجام** | 049 |

| | |
|---|---|
| **لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان** | 020 |
| **ملخص البحث** | 021 |
| Abstract | 020 |

# پێشەکی

(جوانکاری لە شیعری وەفایی دا) ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکە کە کار لە سەر سەرجەم هونەرە جوانکارییە ڕەوانبێژییەکان دەکات لە شیعری وەفایی دا، هونەرە جوانکارییەکانیش لەدوو ئاستی جوانکارییدا شیعری ( وەفایی) یان ڕەنگڕێژ کردووە، ئەوانیش ئاستی جوانکاریی وشەیی و ئاستی جوانکاریی واتایین، ئاستی جوانکاریی وشە کاردەکات لە سەر ڕازاندنەوەی ڕووخساری وشە و تەنسیقکردنێکی دەنگی لە نێوان وشەکان، کە ئەمەش دەبێتە پێدەری مۆسیقا و ئاواز و هەماهەنگییەك بە دەقە ئەدەبییەکە، ئەم جۆرە لە جوانکاریس پێکدێت لە هونەرگەلێك کە هەڵگری ئەو ئەرکانەن کە ئاماژەی پێدرا و هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە کار لە دەقە ئەدەبییەکە دەکات و دەیڕازێننەوە و بە هەمووشیانەوە شەبەنگێکی ناوازە درووست دەکەن و دیققەت و بیری گوێگر و هەستی خوێنەر بەرەوخۆی کێش دەکات، ئاستی جوانکاری واتاییش کار لە جوانکردنی دەربڕینەکان و واتای وشەکان دەکات و دەبێتە پێدەری جۆرێك لە نرخپێدانی واتایی لە دەقەئەدەبییەکەدا، بەو مانایەی زۆرجار وتە و پەند و بەسەرهاتێك پێشووتر هەبووە، دوور لە هیچ هونەرێکی جوانکاریی واتایی گێڕدراوەتەوە، بەڵام کە دەخرێتە نێو چوارچێوەیەکی هونەریی ڕەوانبێژییەوە، بەرگێکی جوانتر و ئاهێکی تری بەبەردا دێت.

لە بەشی دووەمی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەدا ناوی وەفایی هاتووە، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی ئەو هونەرەجوانکاریانەیە لە شیعری وەفایی دا، وەفایی شاعیرێکی دیاری نێو ئەدەبییاتی کلاسیکی کوردییە و دیارترین شاعیری ئەدەبییاتی کلاسیکی ناوچەی موکریانیشە، شیعرەکانی وەفایی لە ئاستێکی بەرزی هونەرییدان و هەڵگری مۆسیقاگەلێکی تایبەت و هەناسەگەلێکی ئاشکرای تایبەت بەخۆیین، پڕییەتی لە وێنەی هونەری بەرز و تێمای تایبەت بەخۆی، وەفایی خاوەن پاشخانێکی گەورەی زمانیی و شیعری و مێژوویی و ئاینی و کۆمەڵایەتییە، هەڵمژی زۆرێك لە شیعری شاعیرانی پێش خۆی بووە، بەتایبەتی حافز لە نێو فارس و نالیی شاعیر لە نێو کورددا.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

1 - تاوەکو ئێستا هیچ نامەیەکی ئەکادیمی زانکۆیی وەکو ناونیشانێکی تایبەت لەسەر هونەری جوانکاریی نەهاتووە.

2- بوونی ئەو هەمووە هونەرەجوانکارییانەی لە شیعری وەفاییدا هەبوون، وای لێکردین نەمانتوانی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت نەکەین بەم کارە و بەم باسە.

## گرفت و تەگەرەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:

ئاشکرایە هیچ کارێکی زانستی و ئەکادیمی بێهەبوونی کۆمەڵێك گرفت و کێشە نەهاتووەتە بەرهەم، ئەم لێکۆڵینەوەیەش چەند گرفتێکی هاتووەتە بەردەم، لەوانە، کەمی سەرچاوە و وەرگێڕانی سەرچاوەکان، بەوهۆیەی کە زۆرترین سەرچاوە ڕەوانبێژییەکان بە زمانی عەربیین، هەروەها وەك لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە، هونەرەجوانکارییەکان، پێویستی بە وردەکاری و لێکجێکردنەوە هەیە، بە شێوەیەك کە چەند هونەرێکی تێدایە کە زۆر لەیەکترییەوە نزیکن.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە بەکارهێنانی هونەرەجوانکارییەکان و هەردوو ئاستەکەی (واتایی و وشەیی)، هاوکات لەگەڵ شیعرە کوردییەکانی وەفایی شاعیردا و شیکردنەوە و ڕاڤەی ئەوشیعرانەیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هونەرانەدا و کردنەوەی کوودگەلێگی شیعرییە لای ئەم شاعیرە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازی وەسفیی شیکارییە، سەرچاوە هونەرەجوانکارییەکانی ڕەوانبێژی کردووەتە پێوەر بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی شیعرە کوردییەکانی وەفایی و لەوێوە کاری لەسەرکردووین.

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە سەرەڕای ئەم پێشەکییە لە سێ بەش پێك هاتووە:

بەشی یەکەم : ئەم بەشە ناوی ڕەوانبێژی و زانستەکانییەتی، پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم قسە لەسەر زانستی ڕەوانبێژی دەکات لە ڕووی زمانەوانی و چەمك و تێڕوانینەکان بۆ ئەم زانستەو ڕاوبۆچوونی زۆرێك لە زانایانی ئەدەب و ڕەوانبێژیناسەکان خراوەتەڕوو، پاشان مێژووی ڕەوانبێژی لای میللەتانی وەکو یۆنان و ڕۆم و عەرەب و فارس و دواتریش میللەتی کورد باسکراوە، لە باسی دووەمدا هەرسێ زانستەکەی ڕەوانبێژی (ڕوونبێژی و واتاناسی و جوانکاری ) هاتووە باسکراوە ، بەدرێژی و بەوردی کار لەسەر زانستی جوانکاری کراوە وەك بەشێکی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە، لەڕووی زمانەوانیی و چەمك و تێڕواننینەکان بۆ جوانکاری و مێژووی گەشەسەندنی ئەم زانستە.

بەشی دووەم: بەو پێیەی زانستی جوانکاری دوو ئاستە جوانکاری وشەیی و جوانکاری واتایی، ئەم بەشە و بەشی سێیەمیان بۆ تەرخانکراوە، بەشی دووەم لە هونەرەجوانکارییە وشەییەکان دەدوێت لە

شیعری وەفایی شاعیردا، سەرەتا پێناسە و مەبەست و ئەرکی ئەم جۆرە لە جوانکاری خراوەتە ڕوو، پاشان بەگوێرەی ئەو هونەرەجوانکارییە وشەییانەی کە لە شیعری وەفاییدا هەبوون و ئێمە درکمان پێکردووە، باسەکانمان دابەشکردووە بەو شێوەیەی هەر هونەرە و بووەتە باسێکی سەربەخۆ و جۆر و لقی هەر هونەرێك لەو هونەرانە دەستنیشانکراوە و پێناسە و ناساندنی بۆ کراوە و دواتر لە شیعری وەفاییدا پراکتیکمان کردووە و لێکدانەوە و ڕاڤەی شیعرەکە کراوە لەبەر ڕۆشنایی هونەرەکاندا، هونەر و باسەکانیش پێکهاتوون لەم هونەرانە کە هونەری جوانکاریی وشەیین، ئەوانیش: ( ڕەگەزدۆزی، هێنانەوە، کەرتکردن، گێڕانەوە، پاتکردنەوە، بوونی پێویستە، هاوکێش، متەوازی، هاوسەر یاخود موتڕیف، تەترِیز، مولەممەع، نەسخ، لێوەرگرتن، تێهەڵکێش، پێنجخشتەکی.).

بەشی سێیەم: ئەم بەشە کۆتا بەشی لێکۆڵینەوەکەیە و وەکو ئاماژەی پێدرا زانستی جوانکاری لە دوو ئاستدا کاردەکات بەشی دووەم تەرخانکرا بۆ جوانکارییە وشەییەکان و ئەم بەشەش تایبەتە بە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی لە شیعری وەفاییدا، سەرەتا پێناسە و مەبەست و ئەرکی ئەم جۆرە لە جوانکاریی خراوەتە ڕوو، پاشان بەگوێرەی ئەو هونەرە جوانکارییەواتاییانەی کە لە شیعری وەفاییدا هەبوون و ئێمە درکمان پێکردووە، باسەکانمان دابەشکردووە بەو شێوەیەی هەر هونەرە و بووەتە باسێکی سەربەخۆ و جۆر و لقی هەر هونەرێك لەو هونەرانە دەستنیشانکراوە و پێناسە و ناساندنی بۆ کراوە و دواتر لە شیعری وەفاییدا پراکتیکمان کردووە و لێکدانەوە و ڕاڤەی شیعرەکە کراوە لەبەر ڕۆشنایی هونەرەکاندا، هونەر و باسەکانیش پێکهاتوون لەم هونەرانە کە هونەری جوانکاریی واتایین، ئەوانیش: (دژیەك، بەرامبەری، جێگۆڕکێ، تیلنیشان، کۆکردنەوە، لێکردنەوە، دابەشکردن، ڕاڤە، پەندبێژی، زیادەڕەوی، جوانی بایس، پێکەوەگونجان، خۆگێلکردن، پێچان و کردنەوە، پۆشین، ئاڕاستە، بادانەوە، لۆمەلەبەرگی وەسفدا، داهێنان.).

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا کۆمەڵێك ئەنجام، کە دەرئەنجامی سرووشتی لێکۆڵینەوەکەیە خراوەتە ڕوو، پاشان خستنەڕووی ئەوسەرچاوانەی کە لێکۆڵینەوەکە پشتی پێبەستوون، دواتریش کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە.

# بەشی یەکەم

# ڕەوانبێژی و زانستەکانی

## بەشی یەکەم: ڕەوانبێژی و زانستەکانی

## باسی یەکەم : زانستی ڕەوانبێژی

**یەکەم : ڕەوانبێژی لە ڕووی زمانەوانیەوە :-**

زاراوەی ڕەوانبێژی یەکێکە لەو زاراوە دیار و ئاشکرایانەی نێو ڕەخنەی ئەدەبی، زاراوەیەکە دەتوانین بڵێن کەرەستەیەکی هونەری و بنچینەی شیعر بووە لەکۆن و لە ئێستادا، مێژووی ئەم زاراوەیە زۆر کۆنە و کاتێکی زۆری ویستووە تاوەکو بچەسپێت و بەو مانایەی ئێستا بێت، لە زۆربەی سەرچاوە بەلاغییەکاندا وشەی بەلاغە بەچەند واتایەك و چەند ئاماژەیەك هاتووە، ئەم کورتە باسە کارکردنە لەسەر وشەی بەلاغە لە زماندا (البلاغە فی اللغە) هەوڵدراوە زیاتر فەرهەنگیانە وشەی بەلاغە بخرێتە ڕوو، کە لەخوارەوە بە دەقیقی لەبارەیانەوە دەدوێین:

لە زمانی کوردیدا (ڕەوانبێژی) بەرامبەر بە وشەی ( البلاغە) ی عەرەبی بەکارهاتووە، لە دیارترین فەرهەنگە عەرەبییەکانیشدا بە چەند جۆریك لە بارەیەوە نوسراوە لەوانە ڕەوانبێژی لە فەرهەنگی ( لسان العرب) دا بە واتای زمانپاراوی هاتووە، بە بۆچوونی نوسەری ( لسان العرب) : (( ڕەوانبێژی واتا زمانپاراوی و جوان ئاخاوتن, واتا ئەو کەسە ڕەوانبێژە کە شێوەی ئاخاوتنەکەی جوانە, هەروەها زمانپاراو, کرۆك و ڕاستی ئامانجی ئەو بابەتە ئەپێکێ کە دەربارەی ئەدوێ))[1] . لە فەرهەنگی (مختار الصحاح) دا (البلاغە) لە (بلغ) ەوە هاتووە, بە واتای ((گەیشتن))[2] . دێت, بەلاّم لە (تاج العروس) دا بەمانای گەیاندن و گەیشتن بە ئامانج دێت, واتە ((قسەکەر لە کاتی قسەکردندا بە ئامانج دەگەیەنێت))[3] . وشەی (بلاغە) لەقورئانی پیرۆزدا بە چەند واتایەکی جیاواز هاتووە, خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وتحمل اثقالكم الي بلد لم تكونا بالغيه الابشق الانفس﴾[4] . لەم ئایەتەی سەرەوەدا بە مانای گەیاندن هاتووە, خوای گەورە دەفەرمێت ((أولئك الذين يعلم الله منا في قلوبهم فاعرض وعضهم وقل لهم في انفسهم قولا بليغا))[5] . لێرەدا بە واتای زمان پاراوی و ڕەوانبێژیش هاتووە , بۆیە ڕەوانبێژی و زمانپاراوی دوو وشەن هاوواتا و هاومەبەستن، دەبێت لە کرۆکی زمانپاراویش بکۆڵینەوە.

---

[1] لسان العرب, ابن المنظور, جماالدين ابي الفضل, مؤسسه التاريخ العربي ودار احياء التراث العربي بيروت, مجلد الاول, طبعة الثالثة, 1993, مادة (بلغ) .

[2] مختار الصحاح, محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الرازي, دار الكتاب العربي, بيروت, 1991, ص13 .

[3] - تاج العروس من جواهر القاموس , الزبيدي محي الدين ابي الفيض السيد محمد مرتضي الواسطي , مجلد الاول, دار الفكر, بيروت, دون تاريخ طبع, مادة (بلغ) .

[4] - سورەتی النحل ئایەتی 7 .

[5] - سورەتی النساء ئایەتی 33 .

(صحاری کوڕی عیاش) لە تێڕوانینێکی زمانەوانیدا بۆ ڕەوانبێژی دەڵێت : ((ڕەوانبێژی شتێکە سوپا لە سنگماندا کۆدەکاتەوە و بە زمان دەریان دەبڕین))[6] . (ئیبن عیاش ) لەم پێناسەیەدا مەبەستی ئەوەیە کە ڕەوانبێژی لەگەڵ ناخ و دەربڕینەکانی مرۆڤدا کاردەکات, واتا ڕەوانبێژی شتێکە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت, لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت. پێش ئەوەی ڕەوانبێژی وەکو زانستێك بچەسپێت کۆمەڵێ بابەت و شێوازی خۆی هەبووە, چەند لایەنێك بەلای خۆیاندا رایاندەکێشا, ئەم لایەنانەش لەگەڵ جیاوازی و چەندێتیاندا تەنها شتێك کۆیان دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە ((مانای بەهێزی و جوانی و کاریگەری لە خۆدەگرێت, بریتیە لە وتەیەك کە دڵەکانمان جۆش دەدات, دواتر دێتە سەر زمان))[7] .

(الراغب الأصفهان) یش لە ڕووی زمانەوانیەوە ڕوانیویەتیە ڕەوانبێژی و دەڵێت : ((بە دووشت دەوترێت ڕەوانبێژی، یەکەم : پێویستە لە خودی وتەکە خۆیدا ڕەوانبێژیانە بێت, ئەویش دەبێت سێ سیفەت لە خۆ بگرێت 1- لە ڕووی زمانەوانیەوە ڕاست و دروست بێت. 2- لەگەڵ مەبەستی وتەکەدا بگونجێت. 3- لە خودی خۆیدا ڕاستگۆبێت, بەڵام دووەم : دەبێت ڕەوانبێژیانە بێت سەبارەت بە قسەکەر و ئەوەش کە قسەکەی ئاڕاستە دەکرێت))[8] .

ئێمەی کورد کە وشەی ڕەوانبێژیمان لە بەرامبەر(البلاغە) ی عەرەبیدا بەکارهێنا, پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە زۆرکات عەرەبەکان وشەکانی (فصاحە و بلاغە) بەدوو وشەی هاوواتا و هاومەبەست بەکاردێنن .

وەکو (جلال الدین محمد بن عبدالرحمن الخطیب القزوینی) کە لە ساڵی (937ی کۆچی) مردووە, زانای ڕەوانبێژی و خاوەنی کتێبی (مفتاح العلوم) بەم شێوەیە ڕوانیویەتیە ڕەوانبێژی و زمانپاراوی (( ڕەوانبێژی بریتیە لە گونجاندنی واتا لە کاتی قسەکردندا, دەربڕینی واتای جوان و زمانپاراوی))[9] . بەپێی پێناسەکەی (قزوینی) مەرجە سەرەکیەکان بۆ ڕەوانبێژی ئەوەیە کە قسەکەر زمانپاراو بێت, دەنگ و وشەکان گونجاوبن, خۆی بپارێزێت لە هەر هەڵەو کەم و کورتیەك, ئەگەر ئەم مەرجانە لە قسەکەردا هەبوو بە زمانپاراو و ڕەوانبێژ دادەنرێت, واتە ڕەوانبێژی هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن لە ڕووی زمانەوە لەلای (قزوینی).

---

[6] -المعجم المفصل في علوم البلاغه البديع والبيان والمعاني, اعداد الدكتوره انعام فوال العكاوي, مراجعة احمد شمس الدين, دار الكتب العلميه, بيروت – لبنان, طبعة الثالثة, 2003, ص239 .

[7] -بلاغه فنونها وأفنانها (علم المعاني), الدكتور فضل حسن عباس, دار الفرغان, عمان, 1424 هجري - 2004م, ص57 .

[8] -المفردات للراغب الصفهاني, ابو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الاصفهاني, لبنان, جزء الاول, طبعة الأخري, 2011م, ص30.

[9] -ئینتەرنێت: ...https://www.google.com/nada albyan liab walfky/.../244766385639.

(ابو الهلال العسكری 395ك) لە كتێبی (الصناعتین) دا لە بارەی (الفصاحە) ەوە دەڵێت : (( وشەی (فصاحە) واتا زمانپاراوی, كاتێ ئەو كەسەی ئەوەی لە ناخیدا بێت دەریببڕێت, واتا دەربڕینی مەبەستە, بۆ نمونە عەرب دەڵێت (ڕۆژ دەركەوت) كاتێك كە ڕۆشنایی ئەبینرێت. هەروەها كەسێ كە عەرەب نەبێت ئەگەر هاتوو بەجوانی و بەبێ هەڵە قسەیكردو ئەوەی لە ناخیدا بوو دەری ببڕێت ئەوە زمانپاراوە))[10] .

(محمد زرقان الفرخ) وشەكانی (فصاحە و بلاغە) لە زمانی عەرەبیدا بە دووشتی جیاواز دادەنێت و دەڵێت : ((زمانپاراوی تایبەتە بەڕادەی دەربڕینەوە, بەڵام ڕەوانبێژی دەربڕینە یاخود واژەیە لەگەڵ واتادا))[11] .

لە زمانی فارسیشدا وشەی (بلاغت) بە واتای ڕەوانبێژی زمانی كوردی هاتووە, ئەمەش لە (البلاغە) ی عەرەبیەوە وەرگیراوە. (بلاغت) لە فەرهەنگی (فارسی - كردی ) دا بەرامبەر بە ((ڕەوانبێژی, دەمپاراوی, وتەپاراوی))[12] دێت. (فصاحت و بلاغت) دوو وشەن هەر ڕەوانبێژی دەگرێتەوە لە فارسیدا كراوەیی و ڕەوانی زمان و, ئاخاوتنیشی پێدەگوترێت, واتە (قسە لە جێگای شیاوی خۆیدا بكرێت و قسەكە دروست بێت))[13] . بە كورتی ڕاست و دروستی ئاخاوتن ئەوەیە كە بەشەكانی ئاخاوتن گونجاو بێت لەگەڵ ڕیزكردنی وشە و یاسا و ڕێسا زمانیەكاندا.

لە زمانی ئینگلیزیشدا دوو وشە لە بەرامبەر ڕەوانبێژیدا هاتووە, ئەوانیش (Rhetoric) (Figure Of Speech) ن بەپێی فەرهەنگی (Colins) وشەی (Rhetoric) دوو واتا دەگەیەنێت ((1- ناوە, هونەرێكە یان ڕێگەیەكی كاریگەری نوسینە, یاخود قسەكردنە 2- زاراوەیەكی دروست كراوە, یاخود زیادەڕۆیی تیاداكراوە))[14] . وشەی (Figure Of Speech) بە پێی فەرهەنگی (Oxford) : ((ناوە بەكاردێت بۆ هونەری لێكچواندن لە زانستی ڕەوانبێژیدا, یاخود زاراوەیەكە, كە وشەكانی مانای (وشە) یی, یاخود بابەتی خۆیان ناگەیەنن))[15] .

---

[10] - الصناعتین الكتابە والشعر, ابوهلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري, تحقیق محمد علي البجاوي ومحمد ابوفضل ابراهیم, المكتبة العصریة, بیروت, 1993, ص3 .

[11] -الواضح في البلاغه العربیه المعاني - البیان- البدیع, محمد زرقان الفرخ, دار هبه وهدي, طبعةالاولى, 1413هجري - 1993م, ص9 .

[12] -فرهنگی فارسی - كردی دانشگاه كردستان, ماجد مردوخ روحانی, دانشگاه كردستان سنندج, چاپ ششم, 1390, ص125 .

[13] -فنون بلاغت وصناعات ادبی, استاد جلال الدین همایی, انتشارات توس تابستان, چاپ دوم, 1333, ص10 .

[14] - Colins School Dictionary, Flockhart .Jamle, Lilly .Cordelia.Summers. Elspeth, Harper Colins Publishers, Glasaw, edition 2012 ,Page447

[15] Oxford Learners Pocket Dictionary, 4th,ed,Oxford university Press, **2011**, P379 .

ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا بەپێی فەرهەنگی (خاڵ) بە واتای : ((جوانی و ڕەوانی لە نوسین گفتوگۆدا)) [16] دێت. کەواتە لە ڕووی زمانەوانیەوە باشتروایە وشەی ڕەوانبێژی بەرامبەر بە (البلاغە) ی عەرەبی بەکاربهێنین, سەبارەت بە وشەی (الفصاحە) ی عەرەبیش لە زمانی کوردیدا بە پێی فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) بە واتای ((هەرچیەك کە لە ناکاو وێستانی نی یە , ئەسپی ڕەوان, خوێندنەوەی بێ گرێ کردن)) [17] دێت. کەواتە لە هەرسێ زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسیشدا وشەکانی (فصاحەت و بلاغت) لە ڕووی زمانەوانی و وشەییەوە هاو و واتا و هاومەبەستن, بۆڕوونکردنەوەی وتە و نەهێشتنی تەم و مژاوی لە نوسین و قسەکردندا بەکاردێن.

[16] -فەرهەنگی خاڵ, شێخ محمەدی خاڵ, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر, چاپی دووەم, 2005, ل227 .

[17] -هەنبانە بۆرینە, عبدالرحمن شەرەف کەندی (هەژار), کیتاب میلی ایران, چاپ شەشم, 1399 هتاوی, ل332 .

دووەم: ڕەوانبێژی، چەمك و تێڕوانین:

ڕەوانبێژی یەکێکە لەو بابەتە ئەدەبیانەی، کە نوسەر و شاعیر پەنای بۆ دەبەن تا ئەندێشە و هەستی خۆیان لەقاڵبێکی جوان و گونجاودا بە ڕستە بەیان بکەن، تا کەسی گوێگر بە بیستنی ئەو ئەندێشە و ئەو هەستانەی بەشێوەی وشەیی ئارایشتکراون کاریگەربن و چێژی لێ ببینن، ئەو بەرهەمە بە شایستەی مانەوە بزانن.

لەگەڵ ئەمەشدا هەریەکە لە میللەتان بە شێوەیەکی جیاواز واتای ڕەوانبێژیان لێکداوەتەوە (ابو عثمان الجاحظ 255ی کۆچی) مردووە، زانای ڕەوانبێژی عەرەبی و خاوەنی هەردوو کتێبی (البیان والتبین) و (الحیوان) لەو بارەیەوە دەڵێت : ((ڕەوانبێژی لەلای فارس. زانینی کاتی قسەکردن و وەستان و بەردەوامبوونە. لای یۆنان ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە. لای ڕۆم کورتکردنەوە یان درێژەپێدانی قسەیە بە پێی کەسەکە کە قسەی تێدا دەکات. لای هیندیەکان ڕوونی مەبەست و هەل قۆستنەوە و ئاماژە پێدانە بە جوانی))[18] . کەواتە هەر میللەتەو بایەخی بە لایەنێکی ڕەوانبێژی داوە فارسەکان بایەخیان بە کات و ساتی قسەکردن داوە، یۆنانیەکان بایەخیان بە ڕاستی واتاکان داوە، ڕۆمەکان بایەخیان بەوەداوە کە قسە بەپێی پێویست بێت، هندیەکانیش بەڕوونی و دەربڕینی واتای جوان.

(خە طیبي قزوینی) یش لە کتێبی (التلخیص) دا، لەپێناسەی ڕەوانبێژیدا دەڵێت : ((ڕەوانبیژی لە وتەدا بریتییە لە گونجانی لەگەڵ کات و ساتی قسەکردندا، لەگەڵ ڕوونی واتاکاندا، ڕەوانبێژی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەربڕینانەی کە مانا ئەدەن بەدەستەوە لەگەڵ وشەیەکی تردا))[19] . بەپێی پێناسەکەی (قزوینی) ڕەوانبێژی لەسەر چەند کۆڵەکەیەك وەستاوە لەوانە هەڵبژاردنی وشە، ڕێکخستنی وشەکان، چاکی و ڕاستی و دروستیان، بەکارهێنانی شێوازێك لە قسەکردن بگونجێت لەگەڵ ئاستی بەرامبەر و کاتی قسەکردندا، ئەمانەش وادەکەن کاریگەریەك لەسەر دەروونی ئادەمیزاد دروست بێت.

(ئیمامی عەلی) خاوەنی کتێبی (نهج البلاغە) لە بارەی ڕەوانبێژیەوە دەڵێت : ((ڕەوانبێژی ڕونکردنەوەی نادیارەکانە بەئاسانترین شێوە، لە ڕەوانبێژیدا مەرجە واتا ڕوون بێت و دەربڕینەکانیش قبوڵکراوبن))[20] .

---

[18] - البيان والتبين، ابوعثمان بن بحر الجاحظ : تحقيق عبدالسلام محمد و محمد هرون، دارالفكر بيروت، طبع رابع، دون تاريخ، ص88 .

[19] - تلخيص المفتاح للقزويني شرح الرقوقي، القاهرة، 1940م , ص33 .

[20] - العمده في محاسن الشعر ونقده، ابن القيرواني، تحقيق محمد محي الدين الحميد، دارالجليل، بيروت، طبعة الخامسة، 1991م، ص242 .

(دکتر رضا نژاد) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ڕەوانبێژی دەلالەتە لە دەربڕینی مانا بە ئامرازی ڕێك و بەشکۆ و سەرنج ڕاکێش بۆئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر دڵ و دەروونی گوێگر, بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لە نهێنی شاراوەی ناوەوە و گیانی قسەکەردا بوونی هەیە))[21] . بە بڕوای (دکتر رضا) ڕەوانبێژبوونی شاعیر و نوسەر لەوەدایە کە نهێنی دڵ و دەرونی خۆی بەجوانترین ڕستە و دەربڕین بخاتەڕو, بە شێوەیەك کە هەتا ئەو ساتە کەسێك بەوشێوەیە دەرینەبڕیبێت, لە داهێنانی کەسی قسەکەربێت و خۆی لە قسەی دووبارە و ناشیاو بپارێزێت.

(عەزیز گەردی) یش لە بارەی ڕەوانبێژیەوە دەڵێت : ((هەر قسەیەك کە ئەوترێت یان ئەنوسرێ ئەوکاتە ئەکەوێتە ژێر ئالأی ڕەوانبێژی و دەنگ ئەداتەوە کە بچێتە دڵی گوێگرو گوێگر بخاتە سەر هەست و سۆزێکەوە کە هی قسەکەرە0 ئەگەر وانەبێ ڕەوان نیە لەجۆش و خرۆشێکی گەرمەوە هەڵئەقولأوە))[22] . بە بیروڕای (گەردی) دەبێت شاعیر و نوسەر بنچینەیەکی بەهێزی هەبێت, بە جوانی یاری بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بکات, هەتاوەکو کاریگەری لەسەر دڵ و دەرونی گوێکر هەبێت و هاوبەشیان پێبکات لە هەست و نەستی خۆی دا.

هەرچی ڕەوانبێژیشە وەکو زاراوە ((دەربڕینی واتای بەرز و ڕوونە بە واژەی پاراو بەشێوەیەکی وا کاریگەری لە دەروندا هەبێ و لەگەڵ ئەوشوێنەدا کە تیادا دەوترێت و لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بۆیان دەوترێت بگونجێت))[23]. واتا ڕەوانبێژی ڕایەڵی نێوان قسەکەر و گوێگرە, دەبێت قسە بەپێی شوێن و کات و کەسەکان بکرێت. بۆئەوەی زیاتر چەمك و زاراوەی ڕەوانبێژیمان لاڕوونبێتەوە پێویستە ئاوڕ لەو زاراوانەش بدەینەوە کە پەیوەندیان بە ڕەوانبێژیەوە هەیە.

لەبارەی زاراوەی (فصیح) ەوە لەکتێبی (المعجم الوسیط) دا بە زمانی عەربی هاتووە (رجل فصیح) واتە ((ئەوپیاوەی کەقسەی باش لە خراپ جیادەکاتەوە))[24]. واتە قسەی قسەکەر بە شێوەیەکی پاك و ڕەوان قسەکانی دەربڕێت, دور بێت لە هەڵە و کەمووکورتی, هەمووکەس بە ئاسانی لێ تێبگات.

((البلیغ یش وەکو زاراوە لە زمانی عەربیدا دەبێتە ئاوەڵناو بۆ قسە (کلام) و بۆ قسەکەر, بەلأم وەسفی وشەی پێناکرێت)).[25] کەواتا (بلیغ) زاراوەیەکە لە زمانی عەرەبیدا تایبەتە بە دەربڕینەوە و چێژ و چەشەی ئەدەبی بە واژەکان دەبەخشێت.

---

[21] -اصول علم بلاغت در زبان فارسی, رضا نژاد, غلامحسن, انتشارات سپهر, تاران, چاپ اول, 1337, ص30 .

[22] -ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا (رونبێژی - البیان), عەزیز گەردی, بەرگی یەکەم, بغداد, 1972, ل17 .

[23] -جواهر البلاغة, سید احمد الهاشمي, اشراف : صدقي محمد جمیل, دارالفکر, بیروت - لبنان, 1414 هجري - 1994م, ص29 .

[24] -المعجم الوسیط, د.ابراهیم انیس واخرون, دار احیاء تراث العربی, القاهرە, 1973م, ص390 .

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا سەبارەت بە زاراوەی (فصیح) و (بلیغ) یش نوسەرانی کورد لە سەرەتادا هەر زاراوە عەرەبیەکانیان بەکارهێناوە, بەلاّم (عەلی کەمال باپیر) لە کتێبی (گولّ دەستەی شعرای هاو عصرم) دا لە بەرامبەر زاراوەی (فصیح) و (بلیغ) دا زاراوەکانی (ئاودار) و (رەوان) بەکاردێنێت, وەکو لە باسی (شیعری زێوەر) دا دەڵێت : ((شیعری زیور لە هەمویان رەوانترو ئاودارترە))[26] . بە پێی تێپەڕ بوونی کات نوسەرە کوردەکان هەوڵیانداوە لە بەرامبەر زاراوە عەرەبیەکاندا چەمك و زاراوەی کوردی بەکاربهێنن, بەلاّم جۆرە تێکەلاّو بوونێك بەدی دەکرێت لە بەرامبەر بەکارهێنانی زاراوەکاندا.

(علادین سوجادی) یش لە بارەی زاراوەی (بلیغ) ەوە دەڵێت : ((بلیغیش بەلای منەوە پاراو جێگای خۆیەتی)).[27] لە بەرامبەر ئەم وتەیەی (سوجادی) دا, (عەبدلسەلام سالار) بۆچوونەکەی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت : ((بەلای ئێمەوە زاراوەی ڕەوانبێژی وەکو دیارە لە (ڕەوان) و (بێژی) پێك هاتووە و شوێنی بەلاغەی عەرەبی گرتووەتەوە, لەبەر ئەوە (پاراو) شوێنی (بلیغ) ناگرێتەوە, واچاکتربوو (سوجادی) زاراوەی (ڕەوان) ی لەشوێنی (بلیغ) بەکاربهێنایە, چونکە لە پێکهاتەی زاراوەی ڕەوانبێژیدا (ڕەوان) بەشدارە نەك (پاراو), بەم ڕەنگە ئێمە زاراوەی (فصیح) و (بلیغ), زاراوەی (پاراو) و (ڕەوان) لە ڕووی زانستی یەوە بە پەسەند دەزانین)).[28]

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین لە بەرامبەر (بلیغ) دا زاراوەی (ڕەوان) بەکاربهێنرێت, چونکە ئەگەر لە بەرامبەر (بلیغ) دا زاراوەی (پاراو) مان بەکار بهێنایە ئەبوایە بمانوتایە (پاراوبێژی) لەبری زاراوەی (ڕەوانبێژی) ئەمەش گونجاو نەئەبوو واتایەکی زانستی نەئەدا بەدەستەوە.

لە زۆربەی کتێبە عەرەبیەکاندا لە پاڵ (بلاغە) دا باسی(فصاحە) ش کراوە.

(عبدالقاهر جرجانی 471ك) زانای گەورەی ڕەوانبێژی عەرەبی لە کتێبی (دلائل الاعجاز) دا جیاوازی لە نێوان (فصاحە) و (بلاغە) دا ناکات, بەم شێوەیە باسی لێوەکردوون ((جیاوازی لە نێوان دواندەرەکاندا هەیە لە ڕووی قسەکردنەوە, هەندێ لە دواندەرەکان ئەتوانن بەشێوەیەکی جوانتر ئەوەی لە ناخیاندایە بیگەیەننە کەسی بەرامبەر. بەم جۆرە دواندەرانەش دەوترێت زمانپاراو, ڕوونبێژ, ڕەوانبێژ))[29].کەواتە زاراوەکانی (زمانپاراوی, ڕەوانبێژی, ڕوونبێژی) لەلای (جرجانی) هاواتا

---

[25] - هونەری ڕەوانبێژی لەشیعری(نالی)دا, عەبدولسەلام سالار عەبدولرەحمان, نامەی ماستەر, زانکۆی سلێمانی,2000, ل4 .

[26] - گولّ دەستەی شعرای هاو عصرم, عەلی کەمال باپیر, چاپخانەی ژیان, سلێمانی, 1359 ك - 1939ز, ل34 .

[27] - خۆشخوانی, عەلادین سوجادی, چاپخانەی مەعارف, بەغداد, 1399 هـ 1979م, ل3 .

[28] - هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا, عەبدولسەلام سالار, ل 3- 11 .

[29] - دلائل الاعجاز, عبدالقادر الجرجاني, تحقيق محمد رشيد رضا, القاهرة, 1372 ه, ص35 .

و هاومەبەستن, هیچ سنورێك لە نێوانیاندا نیە, زاراوەكانیش سەربەخۆنین و واتای سەربەخۆی خۆیان وەرنەگرتووە.

بەم شێویە لای عەرەبەكان ((تا سەدەی حەوتەمی كۆچی بابەتەكانی ڕەخنە بابەتەكانی ڕەوانبێژی بوون, چونكە ئەوان جیاوازیان لە نێوان زاراوەكانی (ڕەوانبێژی, فەساحەت, بەراعەت, بەیان, صنعەتی شیعر, صنعەتی ئاخاوتن) دا نە دەكرد , لەلای ئەوان هەموو ئەو زاراوانە هاواتان و لەسەر یەك واتا كۆبوونەتەوە. پاشان لەسەر دەستی (سەكاكی) هەریەكە لەو زانستانە واتای سەربەخۆی خۆی وەرگرت))[30] . بەپێی تێپەربوونی كات هەریەكە لەم زاراوانە واتای سەربەخۆی خۆیان وەرگرتوو, تایبەتبوون بەزانستێكی دیاریكراوەوە, سەبارەت بە (فەصاحەت) یش هاتووە ((كە دەربازبوونی وشەیە لە لاوازی و ناجۆری و گرانی, لاوازی بەو مانایەی كە وشەكان بەگوێرەی یاسا ڕێزمانییە بەناوبانگەكان نەبن, ناجۆری و گرانیش بەو مانایەی كە وشەكان نزیك نەبن لەیەك و قورس نەبن لەسەر زمان))[31] . لەم پێناسەیەیی سەرەوەدا نوسەر زیاتر گرنگی بە وشە دەدا، چونكە پاراوی لە وشەدا بەدی دەكرێت نەك لە دەربڕیندا ((زمانپاراوی (الفصاحه) وەسفی تاك دەكات وەكو وشەیەك, یاخود هۆنراوەیەك, بەلاّم ڕەوانبێژی وەسفی قسە و قسەكەر دەكات))[32] . كەواتە دواندەر لەكاتی دەربڕینی ڕستەیەك، یاخود وشەیەكدا ئەگەر بەشێوەیەكی پاراو واتاكانی دەربڕی ئەوە بە (زمانپاراو) دادەنرێت, ڕستەی ڕەوان مەبەست لە وشەكانی ئەو ڕستەیە, چونكە وەكو باسمان كرد (فصاحه) تایبەتە بە تاكەوە.

زۆربەی لێكۆلّەرانی بواری ئەدەبی فارسیش زۆركات ڕەوانبێژی بە مانای زمانپاراوی, ڕوونبێژ پێناسە دەكەن لەو بارەیەوە ( ذبیح الله صفا) باوەڕی وایە ((ڕەوانبێژی پەیوەستە بە قسەكەر و گوێگرەوە, تایبەتمەندی ڕەوانبێژ, لە ڕەوانی و زمانپاراوی و پەیوەست بوون بە كاتی قسە كردنەوەیە))[33] .

هەندێك لە نوسەرانیش لەگەلّ ئەوەدان كە زمانپاراوی, ڕەوانبێژی دووزاراوەی جیاوازن (كامل بصیر و احمد مطلوب) هەردوو نوسەری بەناوبانگی ئەدەبی لە كتێبی (البلاغة والتطبیق) دا دەلّێن : ((هەموو (ڕەوان) ێك ئەگەر وتە بێت یاخود دواندەربێت (پاراوە), بەلاّم هەموو (پاراو) ێك (ڕەوان)

[30] - الادب والبلاغة, د. یوسف البیومي, مطبعة دارنشر الثقافة, مصر, 1970, ص3-7 .

[31] - مناضر الانشاء, تالیف : محمودبن محمد الگیلانی, تقدیم وشرح الابیات العربیه بالفارسیه, الملا خضر النالي الشهرزوري, تحقیق ومراجعة وتالخیص : الدكتور صباح ممد البرزنجي, من منشورات ملتقي نالی, بنكەی ژین, دون تاریخ الطبع, ص5 .

[32] - شرح المختصر, لسعدالدین التفتازاني, علی تلخیص المفتاح للخطیب القزویني في المعاني والبیان والبدیع, منشورات دار الحكمة, ایران, الجزء الاول, دون تاریخ, ص13 .

[33] - ایین سخن, ذبیح الله صفا, انتشارات ققنوس, تهران, چاپ سیزدهم, 1333, ص13 .

نیە, واتە هەموو ڕەوانبێژێك زمانپاراوە, بەڵام هەموو زمانپاراوێك ڕەوانبێژ نیە))[34] . بەپێی بۆچوونی هەردوو نوسەر كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێكرد (ڕەوانبێژی) پەیوەست دەكەن بە دەربڕین و ماناوە, بەڵام (زمانپاراوی) پەیوەست دەكەن بەڕادەی دەربڕینەوە.

لە سەرەتای لێكۆڵینەوەكان لە ئەدەبی كوردیدا هەمان زاراوەكانی (فصاحەت) و (بلاغەت) یان بۆ ئەم چەمكە بەكاردەهێنا بۆنمونە (ئەمین فەیزی) لە كتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبان) دا لە باسی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دا دەڵێت : ((بالخاصە ئەشعاری كوردی یەی هەموو عیبارەتە لە فەساحەت و بەلاغەت))[35] . ئەتوانین بڵێین تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆربەی زاراوە عەرەبیەكان لە ئەدەبی كوردیدا بەكاردەهێنرا, بەڵام لەوە بەدوا نوسەران بەدوای وشە و زاراوەی كوردیدا دەگەڕان.

(عەلادین سوجادی) لە باسی بەكارهێنانی زاراوەكانی (زمانپاراوی) و (ڕەوانبێژی) دا بەرامبەر بە زاراوەكانی (فصاحەت) و (بەلاغەت) بەم شێوەیە دەدوێت : (( وترا زمانپاراو وەیا زماندار بۆ فصیح و فصاحەت ئەگونجێن, زاراوەی ڕەوانبێژی بە تەواوی چەمكی بەلاغەی عەرەبی پڕ دەكاتەوە))[36] . كەواتە لە دوای بلاوبونەوەی كتێبی (خۆشخوانی) (سجادی) بە تەواوی زاراوەكانی (ڕەوانبێژی) و (زمانپاراوی) بەرامبەر بە (فەصاحەت) و (بەلاغەت) ی عەرەبی ڕیشەیان داكوتا.

لە بارەی زاراوەی (ڕەوانبێژی) لە زمانی كوردیدا (هەژار فەقێ سلێمان) دەڵێت : ((ئەم زاراوەیە لە زمانی كوردیدا وشەیەكی لێكدراوە لە (ڕەوان + بێژ+ ی) پێكهاتووە, وشەی (ڕەوان) بەواتای ڕەوانی دێت, لە ڕووی واتاوە بەرامبەر بە پاراوی لە ڕووی وشەوە, وشەی (بێژ) ڕەگی چاوگی (وتن) ە, لەگەڵ پاشگری (ی) دا كە (ڕەوانبێژ) لە بەشی ئاخاوتنی هاوەڵناوەوە گۆڕیوە بۆناو (ڕەوانبێژی) ))[37] .

بۆ دیاریكردنی زاراوەكان لە زمانی كوردیدا زۆرجار تووشی گرفت دەبین, بەڵام سەبارەت بە زانستی (ڕەوانبێژی) لە ڕووی زاراوە و فەرهەنگی وشەكانەوە جیاوازیەكی ئەوتۆ لە نێوان نوسەرەكانماندا بەدیناكەین زۆربەیان لەسەر ئەوە كۆكن كەزاراوەی (ڕەوانبێژی) بەرامبەر بە (البلاغە) ی عەرەبی بەكاربهێنین.

لەئەدەبی ئینگلیزیشدا دوو زاراوە لە بەرامبەر ڕەوانبێژیدا هاتووە, ئەوانیش(Rhetoric) و (Figure of Speech) ن كە هەریەكەیان واتای سەربەخۆی خۆیان هەیە, بەڵام لە زمانی

---

[34] -البلاغة والتطبيق, الدكتور احمد مطلوب و الدكتور كامل حسن البصير, دار الكتب للطباعة والنشر جامعة موصل, 1420 هـ - 1999م, ص79 .

[35] -ئەنجومەنی ئەدیبان, ئەمین فەیزی, لیژنەی توێژینەوە و كەلەپوور, چاپخانەی كۆڕی زانیاری عیراق, بەغداد, 1403 ك - 1993ز, ل29 .

[36] -خۆشخوانی, علاء الدين سجادي, ل19.

[37] -ڕوونبێژی لە شیعری (مەحوی)دا, هەژار فەقێ سلێمان حسێن, چاپخانەی سەردەم, كوردستان – سلێمانی, چاپی یەكەم, 2014, ل23 .

ئینگلیزیدا و ئەدەبی ئەوروپیدا زیاتر زاراوەی (Rhetoric) باوە, بۆ یەکەم جار لەلایەن (ئەرستۆ) نوسەری یۆنانی و (مارکوس سیسروس) ی ڕۆمانیەوە بەکارهێنراوە کە بریتییە لە ((هونەری بەکارهێنانی زمان بۆ ڕازیبوون لە ئاخاوتن و نوسیندا, لە وتاردا یاخود لە کاتی وتاردانداا))[38] . ئەم پێناسە یەکێکە لەو پێناسانەی کە زانستی ڕەوانبێژی دەبەستێتەوە بەهونەری دەربڕین و ماناوە, سەبارەت بەڕازی بوون لە ئاخاوتن و نوسینیشدا مەبەستی گەیاندنی واتای ڕوون و ئارایشکردنی وشەیە لە نوسیندا, بەپێی ئەم پێناسەیە ڕەوانبێژی وەکو هونەرێك بەکاردەهێنێت زیاتر لەوەی کە زانستێکی سەربەخۆ بێت.

(ئەرستۆ)ش لە (پۆیەتیکا) کەیدا بەم شیوەیە باس لە ڕەوانبێژی دەکات و دەڵێت : ((چاکترین ئەوەیە, کە واتاکەی ڕەوانە و ناشرین نیە. ڕەوانترین دەقیش لە وشە باوەکان پێکهاتووە, بەلاّم لەوانەشە وەکو شیعرەکانی ( سلیفۆن و سیێلیس) دەقێکی ناشرین بێت. بە پێچەوانەشەوە, دەقێکی نایاب و زۆرتریش لە پەخشانەوە دوورە ئەگەر لە وشەی باوەکان پێکنەهاتبێت , بۆ نمونە وشەی داهێنراو, میتافۆر درێژکراوەی تێدابێت و لە گوتەی ڕۆژانەوە جیاوازبێت.))[39] . واتە ڕەوانبێژی زیاتر لە شیعردا بوونی هەیە وەك لە پەخشاندا، چونکە لادان لە وشە باوەکان لادانی زمانەوانی دێنێتە کایەوە ئەمەش لە شیعردا ئاساییە وەك لە پەخشان و قسەی ڕۆژانەدا ((ڕەوانبێژی زانستێکی پێوانەیە بە بەشداری (دال و مەدلول)، یاخود واژە و مانایە, کە دووەمیان جێگایەکی گرنگی ڕەوانبێژەکان بووە, دواتریش لای زماناسان هەموو دال و مەدلولێك و توانای فراوانبوونی مانای زیاترە و پەیوەستە بە جیهانی شاعیر و ئەدیبەوە لە پێکهاتە زمانییەکەداو جیهانێکی دەلالی شیعری دەخوڵقێنێ))[40] . کەواتە ڕەوانبێژی زانستێکە بەها و مانای وشە و دەربڕینەکان دیاری دەکات و هەموو وشەیەکیش مانای فەرهەنگی و سیاقی خۆی هەیە ڕەوانبێژیش کار لەسەر گونجانی واتا و دەربڕینەکان دەکات بەپێی ئەو سیاقەی کە ئەدیب, یاخود نوسەری تیادایە بۆ خوڵقاندنی جوانترین دەقی ئەدەبی.

(احمد الشایب) یش جیاواز لە بۆچوونەکانی سەردەمی خۆی دەڕوانێتە ڕەوانبێژی و دەڵێت : ((ڕەوانبێژی دەبێت لە دوو بابەتی سەرەکیدا کۆبکرێتەوە 1- شێواز 2- هونەری ئەدەبی))[41] . ئەم

---

38- Dictionary Of Litry Terms, and Litrary Theory, Cuddon.J . A, P747-748.

39 - شیعر(پۆیەتیکا), ئەریستۆ, وەرگێرانی د. محەمەد کەمال, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, کوردستان - سلێمانی, چاپی یەکەم, 2010, ل53-54 .

40 - بنیاتی کارنامەی لەدەقی نوێی کوردیدا, د. عبدالقادر حمە امین محمد, چاپخانەی تیشك, سلێمانی, چاپی یەکەم, 2009, ل174 .

41 - نحو بلاغة جدیدة, د. محمد عبدالمنعم خفاجي, د.عبدالعزیز شرف, مكتبة غریب, مصر, 1992, ص177-179.

بۆچوونەی (الشایب) زیاتر لە بۆچوونە کۆنەکانی سەردەمی یۆنان و پێش ئیسلام دەچێت, چونکە لە سەردەمی یۆنان و پێش ئیسلامدا وەکو هونەرێك تەماشای ڕەوانبێژیان ئەکرد نەك وەکو زانستێکی سەربەخۆ.

ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیادنانی وێنەی هونەری لە دەقێکی ئەدەبیدا ((ڕەوانبێژی هیچ نییە, ئەوە نەبێت واتا بە باشترین وێنەی گۆکراو بگەیەنرێتە دەروون, وەکو ڕەوانبێژ و ڕەخنەگرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە))[42] . واتە ڕەوانبێژی ئامانجی خوڵقاندنی وێنەی ئەدەبیە, وێنەش ڕەگەزی بنەڕەتی زمانی شیعریە شیعریش بەبێ وێنە لە قسەی ئاسایی دەچێت ((لە ڕێگەی ڕەوانبێژیەوە دەکرێت وشە هەڵبژێردرێت و بەشێوازێك دابڕێژرێت, کە کاریگەریبێت, ئەو شێوازە لە ڕێگەی ڕەوانبێژیەوە وێنەیەکی کارتێکەر و مەبەستدار پێشکەش دەکات و هەستی خوێنەرەکە دەبزوێنێ))[43] . واتە ڕەوانبێژی کار لەسەر خستنەڕوی واتا دەکات بە وێنە, دروستکردنی کۆمەڵێك وێنەی نوێ و نەبینراو لە ڕێگەی وشەکانەوە.

هەندێك لە نوسەرانیش جیاوازی لە نێوان ڕەوانبێژ و وێنەکێشدا ناکەن, بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم وتەیەمان (موسی عبدالرحمن قشاوی) دەڵێت : ((جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لە نێوان ڕەوانبێژی و وێنەکێشاندا, ڕەوانبێژی کار لەسەر دەنگەکان، یاخود وتەی بیسترا و دەکات, وێنەکێش خەریکی ڕێکخستنی ڕەنگ و شێوە بینراوەکانە, جگە لەم جیاوازیانە هاوشێوەن))[44] .

بۆ ئەو مەبەستەش هەریەکە لە (علی جارم و مصطفي امین) هەمان ئەو بیرو بۆچونانە پشتراستدەکەنەوە و هاودەنگ لەسەر ئەوەی کە ڕەوانبێژی و وێنەکێشان جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نیەو لەو بارەیەوە باوەڕیان وایە ((جیاوازیەکی وەها لە نێوان ڕەوانبێژ و وێنەکێشاندا نیە, تەنها ئەوە نەبێت, وێنەکێش بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر پشت بەڕەنگ و شێوە دەبەستێت, ئەمەی لێدەربهێنیت هەردوو وەکویەك وان, بەڵام بەشەکانی ڕەوانبێژی وشە و مانا دروستکردن و پێدانی هێز و کاریگەری و جوانیە پێیان, پاشان وردییە لە هەڵبژاردنی وشەکان و دانانییەتی لە جێگەی گونجاودا))[45] .

---

[42] - الفظ والمعني في التفکیر النقدي والبلاغي عند العرب, الدکتور الاخضر جمعي, من منشورات اتحاد الکتاب العرب, دمشق - سوریا, 2001م, ص135 .

[43] - شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا, حوسێن کەلاری, چاپخانەی یاد, سلێمانی, چاپی یەکەم, 2011, ل243.

[44] - وقفه مع العربیه وعلومها, موسي عبدالرحمن قشاوي, دار صفاء للنشر والتوزیع - عمان, الطبعة الثانیه, 2000م, ص34 .

[45] - البلاغة الواضحة (البیان والمعاني والبدیع), علي جارم و مصطفي امین, مؤسسة صادق للطبعة والنشر, 1423هجري, ص9 .

ڕەوانبێـژیش لـە ئـەدەبی کوردیـدا بـەها و نرخـی تایبـەتی خـۆی هەیـە بەتایبـەتی لـە شـیعری کلاسیکیدا, چونکە شیعری کلاسیکی لەسەر بنەمای (صـەنعەتکاری) و ڕازانـدنـەوەی وشـە بنیـادنـراوە, ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری نوێ و هاوچـەرخی کـوردی خـاڵیبن لـە هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی, بەهەمان شێوەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە خوڵقاندنی وێنـەی شـیعری و پێـدانی مۆسیقا و چێژی ئـەدەبی بـە وشـەکان لێرەشـدا ڕاو بۆچوونی چەند نوسەرێکی کورد وەردەگرین لەم بوارەدا.

(مامۆسـتا سـەجادی) لـە پێناسـەی ڕەوانبێژیـدا دەڵێـت : ((ڕەوانبێــژی بـریتی یـە لـە کۆمەڵـە گوزارەیـەکی فـراوان لـە قـاڵبی چـەند وشـەیەکی کەمـدا))[46] . ئـەم پێناسـەیەی (سـەجادی) زیـاتر لـە هونـەری (کـورتبڕی) یـەوە نزیکـە, بەدەسـتهێنانی گوزارەیـەکی فراوانیشـی لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی وێنەیەکی هونەری سەرنج ڕاکێشەوە بە دەست دەهێنرێ, بەڵام ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەدا نـین ڕەوانبێـژی بەو فراوانیەوە لە تەنها هونەرێکیدا قەتیس بکرێت.

(عەزیز گەردی) یش لە بارەی ڕەوانبێژیەوە دەڵێت : ((بۆ ئەوەی قسەیەك یا نوسینێك بکەوێتـە بەر بلێسەی گەشی ڕەوانبێژی پێویستە ڕەوانیەکەی لە دوولاوە بێت, لەلایە وشە و لەلایـە گـوزارە, یـا لە بارەی ڕووخسار و لە بارەی ناوەڕۆکەوە))[47] . لەم پێناسەیەدا نوسەر ئەوەمان پێدەڵێت کە هـەموو وتەیـەك، یـاخود نوسـینێك ناکەوێتـە بـەر بلێسـەی ڕەوانبێـژی ئەگـەر مـەرجی وشـە و واتایـان تێـدا نەبێت, بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کـە بـە زۆری ڕەوانبێـژی لـە ئـەدەبی کلاسـیکی کوردیمانـدا کـاری لەسەر وشەکاری و روخساری شیعری کردوە وەك لەوەی کە گرنگی زیاتر بە ناوەڕۆك بدات.

(نوزت احمد عوسمان) یش لە بارەی ڕەوانبێژی کوردیەوە دەڵێت : ((ڕەوانبێژی کوردی بریتی یە لـە قسـەی نـەرم و شـیرین و نایـاب و پەسـەند))[48] . لـەم پێناسەیەشـدا نوسـەر ئـەوەمان پێـدەڵێت کـە ڕەوانبێژی کوردی زیاتر کاری لەسەر هەڵبژاردنی وشەی جوانکردوە بە دەربڕینێکی وەها کە چەشە و چێژی ئەدەبی بە گوێگر یاخود خوێنەر ببەخشێت.

بەگشتی ناتوانرێت پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ڕەوانبێـژی دابنرێت، چـونکە هـەر نەتـەوە و نوسـەرە لـە گۆشـەنیگای تایبـەتی خۆیـەوە ڕوانیویەتیـە ڕەوانبێـژی, شـاعیرانی کوردیش لـە ڕێگـەی وشـەکاری و هونەرەکانی ڕەوانبێـژی و دەربـڕینی واتـای جۆراوجـۆر و دروسـتکردنی وێنـەی پـڕ واتـاوە توانیویانـە بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆیانیان پێ برازێننەوە.

---

[46] -خۆشخوانی, علا الدين سجادی, ل7 .

[47] -ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا, عەزیز گەردی, ل13 .

[48] - ڕوونبێژی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی مەلای جزیری و نالی, نوزت احمدعثمان, زانکۆی سـەلاحەدین, نامەی ماستەر، 9991, ل13 .

**سێیەم : مێژووی ڕەوانێژی لای میللەتان :**

ڕەوانبێژی وەکو زانستێك ڕەگەکەی بۆ سروشتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە, هەموو مرۆڤەکان بە هەموو فەرهەنگ و کولتور و ڕەگەز و زمانە جیاوازەکانیانەوە لە هەرگۆشەیەکی ئەم جیهانەدا کاتێك بیەوێت بەشێوەیەکی کاریگەر قسەیەك بکات ناچارە ڕەچاوی یاسایەکی ڕەوانبێژی بکات ((ڕەوانبێژی ڕاست ئەوەیە: ئاخاوتن و واتا لە خۆبگرێت, قسە هەڵبژێردرێت, ئاواز خۆشبێت, بەشێوەیەك وشە لەگەڵ وشەکەی تەکە خۆی نزیك و هاوشێوەبن))[49] . کەواتە هەموو مرۆڤەکان لە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوە جیاوازەکاندا بۆ بەدەست هێنانی ڕەوانبێژیەکی ڕاست ناچارە پەنا بەرێتە بەر هەریەکە لە هونەرەکانی (خواست) و (دژیەك) , (لێکچواندن) , (چاولەیەك)...هتد. کەواتە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە هاوبەشەکانی فەرهەنگ و کولتوری مرۆڤەکانن و لە زمان و ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەیەکدا دەبینرێت, بۆ قسەکردن لەسەر ڕەگی ڕەوانبێژی, لە سەرەتاوە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کۆکردنەوە و نوسینەوەی بنەماکانی ڕەوانبێژی لەلای یۆنان و ڕۆم.

**1- ڕەوانبێژی لای یۆنانییەکان :**

بە پێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا لە بەردەستدان سەرەتا و دەستپێکی ئەم زانستە وەکو زۆربەی زانست و هونەرەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانەکان, نزیکەی پێنج سەدە پێش زایین, کە حکومەت و دەوڵەتداری نزیك بە دیموکراسی و کۆماری بوو, بە دڵنیاییەوە خوازیاران و پەیوەندیدار بە پلە بالاکان خۆیان بە مشتومڕ و گفتوگۆ سیاسیەکانەوە خەریك دەکرد, لەم نێوەندەدا بردنەوە بۆکەسانێك بوو کە بە ڕەوانبێژییەکی بالاّ و زمانزانیەکی گەورەوە قسە بکات بۆسەرکەوتن بەسەر بەرامبەرەکەیدا لەم ڕووەوە هونەری وتار و ڕەوانبێژی جێگەی بایەخێکی گەورە بوو.

لە کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایین, گروپێك لە فەیلەسوفانی یۆنان پەیدابوون ئەم گروپەش ((بە زاڵبوونی سۆفستییەکان بەسەر فێرگە و کۆڕە دواندەریەکاندا, پاش سەرکەوتنی یۆنانەکان بەسەر فورسەکاندا و ڕزگاربوونی وڵاتەکەیان, سەرەنجام پێویستی ڕەوانبێژی و دواندەری بووە پێویستیەکی میللی. ئا لەم دەرفەتەدا کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران پەیدابوون زیاتر کۆڕی مشتومڕیان خۆش کرد و جڵەوی فێرکردنی ڕەوانبێژیان گرتە دەست, ئەم کۆمەڵەیەش

---

[49] -البلاغه, ابي العباس محمد بن يزيد المبرد, تحقيق : د. رمضان عبدالتواب, مكتبة الثقافة الدينية, القاهرة - مصر, الطبعة الثانية, 1405 هجري - 1995م, ص3 .

بـه نازنـاوی سۆفسـتایەکان ناسـرابوون. بەتایبـەتی (بروتـاغوراس و هسـبیاس و برودیکـوس) کـە لـە زۆربەی بابەتەکانی دواندەری و زمانەوانی و ڕەوانبێژی و رەخنەسازیدا کۆلێونەتەوە))[50] .

پاشـان کۆمـەڵێك فەیلەسـوفی تـر هاتنـە مەیدانەکـە بەتایبـەتی (ئەرسـتۆ 323ی پـێش زایـین) گرنکیەکی زۆری بە ڕەوانبیژیدا ((ئەرستۆ بـۆ بـەر پەرچدانەوەی سۆفستایەکان, بناغـەکانی ڕێبـازی هەڵسەنگاندنی چەسپاند و هەوڵی دا سنوری خـوازەش لـە ژیانـدا بچەسـپێنێ))[51] . کەواتـە (ئەرسـتۆ) کەوتە گفتووگۆ و مشتومڕ لەگەڵ سۆفستاییەکان و ئەو ڕەوانبیژیانەی ئەوان بەکاریان دەهێنا ڕەتیان دەکردەوە و قوتابیەکانی خۆیان لە ڕەوانبێژیە سۆفستایەکان دوردەکردەوە و ناچاریان دەکرد واز لـەو میتۆدە بێنن و لە جێگایدا ڕێسایەکی تریان دانیا.

(ئەرستۆ) دوونامـە بەناوبانگەکـەی خـۆی نوسـی بـەناوەکانی (هونـەری شـیعر) و (هونـەری وتـاردان) ڕەوانبیژی جیاکردەوە و لـە باسـی پەیڤیشـدا گرنگیـەکی زۆری بـە هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی داوە بـەم شـێوەیە باسـی پـەیڤ و جۆرەکانی دەکات ((لەوانەیـە پـەیڤ باوبێـت یـا سـەیر بێـت یـا خـوازەیی یـا داهێنـەر بـێ یـا دریـژە دادڕبـێ یـا کـورتبڕی))[52] . هەریەکـەش لـەم هونەرانـەی کـە (ئەرسـتۆ) باسـی لێوەکردوون هونەرگەلێکن لە زانستەکانی (ڕونبێژی و واتاناسی) بوون بە بناغەیەکی گرنگـی زانسـتی ڕەوانبێژی.

2- ڕەوانبێژی لای ڕۆمەکان :

لە سەدەکانی یەکەم و دووەمی پێش زایینی، دەستووری ڕەوانبێژی، کە پێویستی هونـەری ڕەوانبێـژی بوو، گرنگیەکی زۆری پێدەدرا لە ڕۆم، ( سیسرۆن لـە 43 پ. ز) کۆمـەڵێك بنـەما و یاسـای بـۆ وتـاری ڕەوانبێژی دانا کە دواتر فەیلەسووفی ڕۆمی ( سینکا 65 پ. ز) ڕەتیکردەوە، بەلاّم دواتـر فەیلەسـوف و ئـەدیبێك بـەناوی (مـارکۆس کوێنتیلیـانۆس 95 پ.ز) لـە پێنـاو پەسـەندکردنی ڕاو بۆچـونەکانی سیسرۆن و وەلاّمدانەوەی ڕەخنەکانی سینکا نامەیـەکی بـە نـاوی چـۆنێتی پـەروەردەکردنی ڕەوانبێـژ (Institutio Oratoria ) لە دوانزە بەرگدا نوسی)[53] . هەرچـەندە دوای خـۆی گوێیپێنـەدرا, بـەلاّم دواتر لەسەر و بەندی ڕێنسانسدا دووبارە گەڕانەوە بۆی.

---

[50] -رەخنەسازی مێژوو و پەیرەوی کردن, دکتۆر کامل حسن عزیـز البصـیر, چاپخانەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق, بغـداد, 1993, ل12-13 .

[51] - هونەری ڕەوانبیژی لە شیعری (نالی) دا, عەبدلسەلام سالار عەبدولرەحمان, ل15 .

[52] - اسس النقد لادبي الحديث, مـارك شـورر واخـرون, ترجمـة هيفـاء جاسـم, مراجعـة الـدكتورة نجاح العطار, مطابع وزارة الثقافة والسياحة ولارشاد القومي, دمشق, جزء الثاني, 1933, ص42 .

[53] - در قلمرو بلاغت, محمد علوى مقدم, خراسان, استان قدس رضوي, چاپ اول, 1372 هتاوى, ص9 .

پاشان (لونجینۆس) کە بەخاوەنی کتێبی (بەرزیی ڕەوانبێژی) ناسراوە, بایەخێکی زۆری بە ڕەوانبێژی داوە, بیروڕاکانی بە دەمەتەقێ دەردەبڕی, توانی سنوری ڕەوانبێژی فراوان بکاتەوە و سود و کاریگەریەکانی ڕەوانبێژی بخاتەڕوو لەو بارەیەوە پێی وایە ڕەوانبێژی : ((سەرچاوەی کاریگەریەکی بێ هاوتا و هێزێکی بە تەوژمە کە بەسەر دڵ و دەروونی گوێ گراندا زاڵ دەبێت))[54] .

مێژووی ڕەوانبێژی لەلای ڕۆمەکان بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕی تاسەردەمی (لونجینیۆس) گەیشتە چڵە پۆپە ئەمەش بە چاولێکەری یۆنانیەکان بووە بەتایبەتی لاسایکردنەوەی لەسەر شێوازی ئەفلاتۆنی.

## 3-ڕەوانبێژی لای عەرەبەکان :

بێگومان جوانسازی و ئاڕاستەکردنی قسە لە ڕۆژگارانی کۆنەوە جێی بایەخ بووە و خەڵکی وتەی جوان و ئاڕاستەکراویان زیاتر بەلاوە پەسەندبووە, بایەخدان بە هونەری ڕەوانبێژی لە نێوان عەرەبدا جێگایەکی تایبەتی هەبووە و وتە ڕەوانبێژەکان بە شانازی و هونەر هاتووەتە ئەژماردن لە پێش هاتنی ئیسلامدا جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان ڕەوانبێژی و ڕەخنەدا نەدەکرا. ((لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلامدا هەندێ قوتابخانەی ئەدەبی هەبوو لەوانە (زهیرو بنیە) گرنگیان بەئەدەب داوە بەتایبەتی شیعر, لەگەڵ هەندێ تێبینی ڕەخنەیی و ڕەوانبێژی دەربارەی شیعر و شاعیران لە بازاڕە ئەدەبیەکاندا, ئەم تێبینیانە هەرچەندە گرنگیش بوون, بەلاَم ناتوانرێت وەکو زانستێك دابنرێت, چونکە ئەمە جۆرە دەمارگیریەکی تیادا بەدیدەکرێت لە لایەن عەرەبەوە بۆ شانازیکردن بەزمانی عەرەبی و گرنگیدان بە لایەنی دەربڕین و ڕوونبێژی))[55] . پێش دابەزینی قورئانی پیرۆز تێبینە ڕەوانبێژیەکان زیاتر لەسەر بنەمای کەسی و زانینی چەند یاسا و ڕێسایەك بووە کە بەهێزی و بێهێزی وتە و دەربڕینەکانی پێ دیاری دەکرا, لە شیعرەکانیشیاندا هەندێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەدی دەکرا هەروەکو (شوقی ضیف) دەڵێت: ((شاعیرانی سەردەمی پێش ئیسلام زیاتر بایەخیان بە دەربڕین و واتا و وێنەی شیعری دەدا هەندێجار لە تێبینیەکانیاندا, هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەدی دەکرا لەوانە لێچو, لەوچوو, لەپەخشانە کانیشیاندا جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی بەدی دەکرا, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گرنگیەکی زۆریان داوە بەزمانپاراوی و جوانی لە دەربڕیندا))[56] .

لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا ڕەوانبێژی عەرەبی پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی بەتایبەتی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) لێبێت کە بە ئاشکرا زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی

---

[54] - هونەری ڕەوانبێژی لەشیعری (نالی) دا, (عەبدولسەلام سالار), ل13 .

[55] -المدخل الي دراسة البلاغة العربية, د . سيد احمد خليل, دارالنهظة العربية, بيروت, طبع الاول, 1939 م, ص79 .

[56] -البلاغه تطور و تاريخ, شوقي ضيف, دارالمعارف, مصر, طبع السادس, دون تاريخ, ص13 .

تیادا بە دیدەکرێت, ((لەگەڵ هاتنی قورئانی پیرۆزدا ڕەوانبێژی عەرەبی گۆڕانی بەسەردا هات, چونکە هەستیان کرد شێوازی نوسینەکان لە قورئاندا جیاوازە هەرچ کەسێکیش لەو سەردەمەدا ئایەتەکانی قورئانی بەرگوێی بکەوتایە سەرسام دەبوو بە ڕەوانبێژیەکەی لەوانە (عمری کوڕی خەتاب) کاتێك سەردانی خوشکەکەی کرد گوێ بیستی خوێندنی قورئان بوو, پێی سەرسام بوو, ئەمەش بووە هۆی ئەوەی عەرەبەکان هەست بەوە بکەن کە زمانەکەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە, زۆرێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە قورئاندا بەدیدەکەن بەپێویستیان زانی گرنگی پێبدەن, لە سەدەی یەکەمی کۆچی موسڵمانان سەرقاڵبوون بە بلاوکردنەوەی ئاینەکەوە, بەلام لە سەدەی دووەمی کۆچیەوە بۆ تێگەیشتن لە واتای ئایەتەکان و دیاریکردنی جۆرەکانی ڕەوانبێژی لە قورئاندا چەندین لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و تشریعی ئەنجامدرا))[57] . کەواتە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا هەست بە هونەرکانی ڕەوانبێژی دەکرا لە قورئاندا, بەلام لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژیەکان بوونیان نەبوو,

پاش داگیرکردنی ولاتان لەلایەن موسڵمانان و تێکەلاوبوونیان لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکاندا لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژیەکان گەشەیان سەند ئەمەش بەهۆی ئاشنابوونی زانایانی نەتەوە جیاوازەکان بە زمانی عەرەبی, ئاشنابوونی عەرەبەکانیش بە فەلسەفە و ئەدەبی نەتەوەکانی بێگانە بەتایبەتی یۆنانەکان ئەمەش لە ڕێگەی وەرگێڕانەکانەوە کە لەو سەردەمەدا (دارالحکمە) دامەزرا ڕۆڵێکی گەورەی لەم بارەیەوە بینی و ڕۆشنبیری عەرەبی تێکەڵ بە ڕۆشنبیری میللەتانی ترکرد. ((عەرەبەکان توانیان زانستی یۆنانەکان و ولاتانی تریش بۆخۆیان بگوازنەوە ئەمەش کاریگەری لەسەر شیعری عەرەبی هەبوو لە ڕووی واتاییەوە نەك لە ڕووی هونەریەوە, چونکە کتێبی زانستیی داناییان وەرگێڕایە سەر زمانەکەیان, بەهۆی دەمارگیری و شانازیکردن بە زمانی عەرەبیەوە زۆر گرنگیان بە ئەدەبی یۆنانی نەئەدا بەتایبەتی شیعر تەنها کاریگەری لەسەر شاعیرانی وەکو (ابی تمام, ابی العلاء) هەبووە, چونکە ئەم شاعیرانە لە شیعر و ڕەخنەکانیاندا فەلسەفە بەدی دەکرێت))[58] .

(شوقی ضیف) یش پێی وایە فەلسەفەی یۆنانی بووە بناغەیەك بۆ شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبی و لەو بارەیەوە پێی وایە ((لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژینگەیەکی نوێی و تایبەت بە جموجۆڵی ڕەوانبێژی ڕەخسا, ئەو ژینگەیەش بووە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی گواستنەوەی فەلسەفەی یۆنانی بۆ سەر شارستانیەتی عەرەبی و شانازیکردن عەرەبەکان بە فەلسەفەی عەرەبیەوە, ئەمەش وایکرد فەلسەفە و ڕەوانبێژی یۆنانی بکەنە بناغەیەك بۆ بەهێزکردنی نمونەکانی ئەدەبی عەرەبی و هەڵسەنگاندنی بەهای ڕوونبێژی))[59] .

---

[57] -علوم البلاغە العربیە, الدکتور محمد ربیع, دارالفکر, الاردن, طبع الاول, 2007, ص40-41 .

[58] -تاریخ الادب العربي, الزیات احمد حسن, دارثقافە بیروت, طبعة 2, دون تاریخ , ص292 .

[59] -البلاغە تطور وتاریخ, شوقي ضیف, ص34 .

له نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچیدا کەش و هەوایەکی فەلسەفی پەیدابوو بایەخی زۆریان بە ڕەوانبێژیدا ئەمەش بوونە دوو گروپەوە گروپێکیان پەیڕەوی شیعرە کۆنەکانی عەرەبیان دەکرد گروپەکەی دیکەش فەلسەفەی یۆنانیان کردە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندی ئەدەبی عەرەبی، لە نێوان ئەم بۆچوونە جیاجیانەدا چەندین لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی بە زمانی عەرەبی دەرکەوت، لە سەردەمی عەباسیەکانیشدا (132-133ك) چەندین کتێبیان لە بارەی ڕەوانبێژیەوە دانا لەوانە (ابو عبیدە معمر بن المثنی 209ك) بۆ تێگەیشتن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە قورئاندا کتێبێکی دانا بەناوی (المجاز) ەوە.

لە دوای (ابوعبیدە) , (ابو عثمان الجاحظ 255ك) کە یەکێك بووە لە شێخەکانی گروپی (معتەزیلە)، کتێبێکی دانا بە ناوی (البیان والتبین). کە کۆمەڵە باسێکی تیادابوو لە بارەی (زمانپاراوی، ڕەوانبێژی) یاخود دەرخستنی (جوانکاری و سەروادار).

هەر لە سەردەمی عەباسیەکاندا یەکێك لە زانایانی سەدەی سێیەمی کۆچی بە ناوی (عبدالله بن المعتز 293ك) کتێبێکی سەربەخۆی لە بارەی ڕەوانبێژیەوە دانا بەناوی (البدیع) کە تیادا باس لە هونەرەکانی ((درکە، ڕەگەزدۆزی، وەکیەکی، ڕێبازی گوتەی، هێنانەوە دەکات، کە هەریەکە لەم لێکۆڵینەوانە دەگەڕێنەوە بۆهەرسێ بەشەکانی ڕەوانبێژی واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)).[60]

(قودامەی کوڕی جەعفەر337ك) یش کتێبێکی داناوە بە ناوی (نقد الشعر) کە تیایدا باس لە باش و خراپی شیعر دەکات بیست جۆر لە هونەرەکانی جوانکاری لەخۆدەگرێت، پاشان هەریەکە لە (ابوالهلال العسکری395ك) و (عبدالقاهرالجرجانی471ك) و (ابو یعقوب السکاکی323ك) و (الخطیب القزويني) چەندین کتێبیان لە بارەی ڕەوانبێژی عەرەبیەوە دانا، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکان لە ڕەوانبێژی عەرەبی تا ئێستاش بەردەوامن.

## 4- ڕەوانبێژی لای فارسەکان :

وەك لە شارەزایانی بواری ڕەوانبێژی فارسی، یان ئەو کتێبانەی لەسەر ڕەوانبێژی نوسراون ئاشکرا و ڕوونە هەندێ هونەری ڕەوانبێژی فارسی لە زمانی عەرەبیەوە سەرچاوەی گرتووە ((ئەو شیعرانەی کە لە سەدەکانی یەکەم ودووەم و سێیەمی کۆچی دا بە زمانە ئێرانیەکان بەدەست گەیشتون هەموویان سەر بە کێشی بڕگەیین، هەندێکیان بێ سەروا و ئەوانی تر سەروادارن)).[61] ئەم شیعرانەش دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان تا سەدەی سێیەمی کۆچی و داگیرکردنی ئێران لەلایەن موسڵمانەکانەوە پاشان شیعری فارسی بەئاراستەیەکی تردا ڕۆیشت.

---

[60] -البلاغه العربیه في ثوبهاالجدید، د. بکري شیخ امین، دارالعلم للملایین، بیروت - لبنان، جزءالاول، الطبعة العاشرة، 2005، ص43 .

[61] -شعر فارسی از اغاز تا أمروز، پروین شکیبا، چاپ حیدری، چاپ دوم، 1373 , ل29 .

((شارەزایی شاعیرانی ئەدەبی فارسی لە جۆرەکانی چواندندا لە سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمدا زۆر فراوان بووە و لە شاعیرانی تر زیاتر هەوڵیانداوە کەرەسەی چواندنەکانیان لە جیهانی دەرەوە وەربگرن, لەبەر ئەمە چواندنەکانیان زیاتر چواندنی هەستی و ئاوێتەبوون))[62] . تا سەدەکانی چوارەم و پێنجەم هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی فارسیدا نەبووە, تەنها ئەوە نەبێت شاعیرانی ئەو سەردەمە لە شیعرەکانیاندا هونەرەکانی ڕەوانبێژیان بەکاردەهێنا بە زۆری هونەری (چواندن) ئەمەش بە چاولێکەری شاعیرە عەرەبەکان کە سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ قورئانی پیرۆز.

یەکەمین کتێبێك کە بە زمانی فارسی نوسرابێت و بە دەستمان گەیشتبێت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی کۆچی بەناوی (ترجمان البلاغە از محمد بن عمر رادویانی) ئەو لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت : ((کتێب گەلێکی زۆری لە بواری ڕەوانبێژی و ژانرەکانی تردا بینیوە, بەڵام هەموویان بە زمانی (تاجیکی) بوون, هەربۆیە بڕیاردەدات کتێبێك لەوبارەیەوە بنوسێت))[63] . نوسەر لەم کتێبەیدا تەواوی نمونەکانی کە وەکو بەڵگە هێناوەتەوە لە شیعرە فارسیەکاندا هەڵبژاردووە و زیاتر بە یادکردنەوەی هونەرە جوانکاریەکانە هیچ ئاماژەیەك بە دووبەشەکەی تری ڕەوانبێژی ناکات.

لە سەدەی حەوتەمی کۆچیشدا کتێبێك بە ناوی (بلاغت المعجم فی معایر اشعار العجم) لەلایەن (شمس قیس رازی) یەوە نوسراوە کە (لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی بە چاولێکەری (رشید وطواط) ئەم کتێبەی نوسیوە و باس لە عەروز و قافیە و ڕەخنەی شیعری دەکات, یاساکانی ڕەوانبێژی نوسیوە و وەلە زمانی فارسی و عەرەبیەوە نمونەی زۆری هێناوەتەوە و تێبینی و نمونە و بابەتەکان لە هەردوو کتێبدا نزیکن لە یەکەوە)[64] .

لە سەدەی هەشتەمیشدا بەرهەمگەلێکی زۆر نوسراونەتەوە لەوانە (معیارجمالی شمس فخری اصفهانی) و (دقایق الشعر حقایق الحدائق رامی تبریزی).

لە سەدەی نۆیەمیشدا (بدایع الافکار فی صنایع الاشعر ملا حسین واعظ کاشفي) نوسراوە.

لە سەدەی دەیەم و یانزەهەمدا شێوازی هندی (سبك هندی) لە زمانی فارسیدا دەرکەوت کەتیادا درکە و خواستن و چواندن و هاوبێژی زۆر بەکار دەهێنران سێ جۆر شێواز لە زمانی فارسیدا بەکاردەهێنران ئەوانیش (شێوازی خۆراسانی, شێوازی عێراقی, شێوازی هیندی) بوون.

---

[62] -هونەری ڕەوانبێژی لەشیعری (نالی) دا, عەبدولسەلام سالار, ل 24 .

[63] -ترجمان البلاغە, محمد بن عمر رادویانی, بە اهتمام پروفسور احمد اتش, تهران - اساطیر, چاپ دوم, 1332, ص122-124 .

[64] -معانی و بیان, محمد علوی مقدم و رضا اشرف زادە, انتشارات سمت, تهران, چاپ ششم, 1394, ص 19 .

(رضايي اردانى) له بارەی ڕەوانبێژی فارسی له سەدەی یانزەهەمی كۆچیدا دەڵێت : ((له سـەدەی یانزەهەمی كۆچیدا نوسینەكان له بارەی ڕەوانبێژیـەوە فـراوان بـوون لـه ڕووی قـەبارەوە, بـەڵام نـوێ بوونەوەیـەكی ئـەوتۆ لـه بەرهەمەكانـدا نـەبینرا و هـەمان شـوێنەواری بەرهەمـەكانی رابـردوون و بەرهـەم گـەلێك وەكـو (دسـتور الشـعرای امـانی مازنـدرانی وانـوار البلاغـه محمـد صـالح مازنـدرانی) نوسران))[65] . ئەم شێوازانە تا سەرەتای سەدەی دوانزەهەم باو بوون.

چەندین كتێبی تر له نیوەی دووەمی سەدەی دواتردا لەسەر ڕەوانبێژی نوسراون (هنجار گفتاری سید نصرالله تقوی), بابەتەكانی (مختصر المعانی تفتازانی) ی به پـوختی بـۆ فارسی وەرگێـڕاوە, هەنـدێك نمونەی زمانی عەرەبیشی وەكو خۆی هێناوەتەوە.

لـه سـەدەی دوانـزەی كۆچـی بـەولاوە هـەتا ئـەمڕۆ بەشـێوەیەكی زۆر زانسـتیانه ئـەم كتێبـه ڕەوانبێژیانە نوسران و لەوانیشدا بەڵگە و نمونەی عەرەبی تیادا دیارە, ئەمانیش كاریگەرن به عەرەب كتێبەكانی ئەم ساڵانەی دوایش بەنمونەی (صور خیال در شعر فارسی شفیعی كدكنی) كه له مێژووی ڕەوانبێـژی ئیسلام و ئێرانـی كۆڵیوەتـەوە, (سـیروس شمیسا) ڕەوانبێـژی زمـانی فارسـی لـه حـەوزەی ڕوونبێژیـدا نوسـیوە بـە نمونـەی فارسـی كـۆن و نـوێ, (معـانی و بیـان جلیـل تجلیـل) و (معـانی میرجلاالدینی كزازی) كه هەمان پایەی كتێبه ڕەوانبێژیە كۆنەكانیان هەیە, بەڵام ئەمان بـه نمونـەی شیعری فارسیەوە, هەریەكە له كتێبەكانی (اصول علم بلاغت در زبان فارسی غلام حسین) و (بیـانی محمد علوی مقدم)000هتد 0 گرنگیەكی زۆریان به ڕەوانبێژی فارسی داوە.

## 5- ڕەوانبێژی لای كورد :

سەرەتای ڕەوانبێژی وەكو سەرجەم زانستەكانی تری ئەدەب له زمانی كوردیدا ڕوو له فۆلكلۆر دەكات, بەتایبەتی ئەگەر سەیری پەندە كوردییەكان بكەین كه به چەند وشەیەك دیاردە و چالاكیەكانی ئەم میللەتەی پێ بەرجەستەكراوە, بـه چـەند وشـەیەكی چڕ و پـڕ مانـا بەسـەرهاتێكی دوور و درێـژیان تۆماركردووە, بۆ ئەمەش پەنایان بردووەتە بەر ڕەوانبێژی بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات له تێگەیشتنی زماندا.

له نمونەیەكی پەندی كوردیدا كه مەبەست لێ ئامۆژگاریكردنە وتوویەتی : ((قسه بی گێـژە, بـی بێژە, بی وێژە))[66] . واته ئەگەر ویستت قسەیەك بكەیت له پێشدا وەكو چۆن گەنم دەیدەن لەبێـژن و شتە زیادەكانی لێ دەبێتەوە و به پاكی دەمێنێتەوە، بەم جۆرەش دەبێت قسە له مێشكی خۆتـدا لێك بدەیتـەوە و پـوختی بكـەیت پاشـان بیڵێـت, لـەم پەنـدەی سـەرەوە و چـەندین پەنـد و شـیعرە

---

[65] -بلاغـت تعلیم درجملات پرسشی دیـوان ناصر خسرو, پایـان نامـه كارشناسـی ارشـد رشـته ادبیـات فارسـی, لـیلا رمضانیان, دانشگاه كردستان, 1392, ص9 .

[66] -مێژووی ئەدەبی كوردی, عەلادین سوجادی, چاپخانەی المعارف - بغداد, 1952 , ل119 .

فۆلکلۆریەکاندا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەدی دەکرێت, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پایەی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا چەند بەرزبووە و هەمیشە بایەخیان بە شێوازی ئاخاوتن داوە.

لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیشدا شاعیران بە هۆی ئاشنابوونیان بە زمان و ئەدەبی ڕۆژهەلات بە تایبەتی ئەدەبی فارسی و عەرەبی, کاریگەری ئاینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز بەرهەمەکانیان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕازاندوەتەوە, ئەم ڕازاندنەوەش هەر لە (باباتاهیری هەمەدانی و مەلای جزیری) ەوە, هەتا شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ بوونی هەبووە شاعیری کلاسیکی کورد, ((بەو ڕەوانبێژی و وشەکارییە وێنەی شیعری دروست کردووە, چونکە وێنە چۆنیەتی دەربڕین و بنیاتنانی هونەری یەو, ڕێبازی دەربڕینی بیر و هەستە)).[67] کەواتە شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەکو سەرجەم شاعیرانی گەلانی تر ئەو هونەرە ڕەوانبێژیەی کە بەکاریان هێناوە بۆ دەربڕینی بیر و هەست و ڕەسەنیەتی خۆیان بووە, وێنە دلڕفێنەکانیشیان بە هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی چنراون.

لە شیعری کوردی سەدەی نۆزدەشدا هەموو هونەرێکی ڕەوانبێژی بەکارهاتووە, چونکە ((ئەدەبی کلاسیکی, وشەکارییەکی زۆری تێدادەکرا بۆ ئەوەی ڕوخسارەکەی جوان و ڕازاوەبێت ئەمە نیشانەی دەسەلات و توانای شاعیرەکەی بوو))[68] . واتە سەدەی نۆزدە بە قۆناغی کامڵبوونی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دادەنرێت, شاعیرانی ئەو قۆناغەش بەشێوەیەکی وەها شارەزای هونەرەکانی ڕەوانبێژی بوو بوون و کە بەشێوەیەکی داهێنەرانە لە شیعرەکانیاندا بەکاریان دەهێنا ئەم قۆناغەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەرسێ شاعیر (نالی, سالم, کوردی) شاعیران لە شیعرەکانیشیاندا ئاماژەیان بە مەزنی خۆیانەوە کردووە و کە هەریەکە لەم شاعیرانە چ شۆڕەسوارێکی مەیدانی ڕەوانبێژین, وەکو (سالم) ی شاعیر لەم دێڕەدا چۆن شانازی بە مەزنی و پایە بەرزی شاعیرانی قوتابخانەی بابان دەکات و دەڵێت :

**لەڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر تالب و مەعشووق**

**کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشقبازانا**

**لەیەك لا (نالی و مەشوی) لە لایێ (سالم و کوردی)**

**لەهەنگامەی هونەرگەرمی تکاجۆبوون لە (مەولانا)**

**لە مەیدانی بەلاغەتدا, بەسواری مەرکەبی مضمون**

**بەکوردی هەریەکە تازی سوارێ بوون لەبابانا**[69]

---

[67] -الصورة الشعرية ونماذجها في ابداع ابي نواس, د . ساسين عساف, بيروت, الطبة الاولي, 1992, ص27 .

[68] -هونەری شیعر, هۆراس, حمید عزیز کردویەتی بەکوردی, بەغداد, 1979 , ل29 .

[69] -دیوانی سالم, عبدالرحمن محمد بەگی قەرەجەهەنمی, گیوی موکریانی, چاپخانەی کوردستان, هەولێر, 1972ز, ل 35 .

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین وەکو پراکتیزەکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری کوردیدا, بە شێوەیەك کە شاعیران ئاگاداری ئەو هونەرەبن ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی.

وەکو لێکوڵینەوە لە ڕەوانبێژی کوردی ((لە سەدەی بیستەمەوە گرنگی بە ڕەوانبێژی دراوە و شتی لەبارەوە نوسراوە00. یەکەم کەس لەسەر ڕەوانبێژی نوسیبێت (شێخ نوری شێخ صالح) ە ئەو لە زنجیرە وتارێکیدا بە ناونیشانی (ئەدەبی کوردی) لە سالآنی (1923-1927) لەرۆژنامەی (ژیان) بێ ئەوەی باسی لە وشەی ڕەوانبێژی کردبێ, لە ئەڵقەکانی (19-25) تیشکی خستووەتە سەر هەندێ لە هونەرەکانی رەوانبێژی)[70] . پاشان هەریەکە لە (عزیز گەردی) لە ساڵی 1972 بەرگی یەکەمی کتێبی ڕەوانبێژی بلاَوکردەوە کە تیادا باس لە هونەرە (ڕوونبێژیەکان) دەکات, لە ساڵی 1975دا (عزیز گەردی) بەرگی دووەمی کتێبی ڕەوانبێژی بلاَوکردەوە ئەم بەرگەیان تایبەتە بە جوانکارییەوە, لە ساڵی 1979 بەرگی سێیەمی کتێبی ڕەوانبێژی بە ناوی واتاناسیەوە بلاَودەکاتەوە, هەر لە هەمان ساڵدا لە ساڵی 1979 (علادین سجادی) کتێبی (خۆشخوانی) بلاَوکردەوە کە هەر سێ بەشەکانی (گوزارەکاری – رەوانکاری – جوانکاری) لەخۆ دەگرێت، هەریەکە لە (کامل بەسیر) و (عەبدولکەریمی مودەریس) و (فاتح عەبدولکەریم) لە پەراوێزی دیوانەکاندا ئاماژەیان بۆ چەند لایەنێکی ڕەوانبێژی کردووە, لە ساڵی 1334هەتاویش (محمد سعید ابراهیم محمدی) کتێبێك بە ناوی (گەشتێك لەعیلمی بەلاغە) بلاَودەکاتەوە, لە دوای ڕاپەرینیش چەند کتێب و نامەی ماستەر و دکتۆرا لە بواری ڕەوانبێژی کوردیدا بەرهەم هاتوون.

---

[70] -کۆوانەکانی ڕەوانبێژی, د. ئیدریس عەبدولاَ, چاپخانەی رۆژهەلاَت, هەولێر, چاپی یەکەم, 2014, ل10 .

**باسی دووەم : زانستەکانی ڕەوانبێژی**

**یەکەم : زانستی ڕوونبێژی (علم البیان) :**

ڕوونبێـژی دیـارترین و گـرنگترین زانسـتی ڕەوانبێژییـە, چـونکە دیـارترین هونـەرەکانی ڕەوانبێژی کە بـریتین لـە خـوازە تیـادا خواسـتن و چواندن و درکـەی تیـادا کۆبووەتـەوە کـە ئەمانـە پێکهێنـەری وێنـەی هونـەرین لـە بونیـادی شـیعردا, ئـەمیش وەکـو زانسـتی ڕەوانبێـژی کۆمـەڵێك ڕاو بۆچوون هەیە لە بارەی چەمك و پێناسەکەیەوە.

وشەی (بیان) بە واتای ((دەرخستن یان ڕاگەیاندنی مەبەست, ئامـانج بـە جوانترین لێـدوان یـان دەربڕینی ڕەوان, هەروەها بەمانای تێگەیشتن و زیرەکی لە ئاخاوتندا دێت)).[71] لە قورئانی پیرۆزدا و لە سورەتی (الرحمن) دا هاتووە ﴿الرحمن, علم القـران خلـق الانسـان علمـه البیـان﴾[72]. کـه بـه واتـای گوفتار و ئاخاوتن دێت.

ئەم وشەیە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بە سەردا هات, واتا لەو مانا گشتگیرە فراوانـەوە گـۆڕا بـۆ مانایەکی زانستی و زاراوەی تایبەت, یەکەم کەس کە دەستی پێکرد لەم بوارەدا (ابـو عثمـان الجـاحظ) بوو کە لە بارەی چەمکی ڕوونبێژییەوە دەڵێت : ((ناوێکی گشتی یـە بـۆ هـەموو شـتێك کـە مانایـەکی شـاراوە ئاشـکرا بکـات, لادانـی دەمامـك لەسـەر شـتە شـاراوەکان بۆئـەوەی گـوێگر بگـات بـە ڕاستیەکان)).[73] مەبەست لەم پێناسـەیە خوێنـەر کاتێك ڕووبـەڕووی دەقێك دەبێتـەوە کۆمـەڵێ شـتی شاراوە هەیە, تەنها بە لادانی ڕووپۆشەکان دەگات بە مەبەستە شاراوەکە.

(ابـو یعقـوب السـکاکی) خـاوەنی کتـێبی (مفتـاح العلـوم) بـە یەکـەم کـەس دادەنرێـت کـە زانسـتی ڕەوانبێژی دابەشکرد بەسەر (ڕوونبێژی و واتاناسی) دا, دابەشکردنی جوانکاریە ئاخاوتنـەکان بەسـەر مانـا و دەربڕینـدا, کـە لـەم پێناسـەیەدا دەڵێـت : ((هێنانـەوەی تـەنها واتایـەك بـە چـەند ڕێگایـەکی هەمـەجۆر, بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیـاتری ئـەو واتایـە)).[74] بـەپێی پێناسـەکەی (السـکاکی) ڕوونبێـژی

---

[71] - لسان العرب: مادة (بین) .

[72] - سورەتی الرحمن, ئایەتەکانی (1-2-3-4) .

[73] - البیان والتبین, الجاحظ, ص73 .

[74] - مفتاح العلوم, یوسف بن ابی بکر محمد بن علی السکاکی, مطبعة التقدم العلمیة, دون تاریخ, ص140 .

سەرجەم ئەو ڕێگایەنە دەگرێتەبەر بۆ ئاشکراکردنی نهێنی وشەکان و ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەست بە شێوازێکی جوان, بە ڕێگای لە یەك جیا.

(شفیعی کدکدنی) یش زانای بواری ڕەوانبێژی فارسی بنەمای سەرەکی شیعر بە خەیاڵ ناودەبات و لەو باوەڕەدایە : ((هەڵسوکەوتی زەینی شاعر لە چەمکی مرۆڤ و سروشت و ئەو هەوڵە زەینیەی کە دەیدات بۆ دروست کردنی پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ, بە خەیاڵ یان وێنە ناوی دەبەین))[75] . کەواتە ئەگەر خەیاڵ و وێنەی خەیاڵی لە شعر دەربکەین, شتێك جگە لە ئاخاوتنی ئاسایی نامێنێتەوە و خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و قسەی ئاسای هەمان خەیاڵ هەژێنە, شاعیرانیش لە ڕێگەی چواندن و خواستن و خوازەو0000خەریکی کێشانی وێنەی سروشت و خستنەڕووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتن, یەك واتا بەچەند شێوەیەکی جیاواز پێشکەش دەکەن ئەم وێنەکێشان و وێنە خوڵقاندنەی شاعیرانیش دەچێتە خانەی هونەری ڕوونبێژییەوە.

(سیروس شمیسا) زانای بواری ڕەوانبێژی لە ئەدەبی فارسیدا لە کتێبی (بیان) دا سوودی زانستی ڕوونبێژی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ((لە زانستی ڕوونبێژی دا ئاشنای شێوە گەلێکی جیاوازی یەك واتا دەبین, وە فێری ئەوە دەبین کە چۆن چۆنی شاعیران ڕاز و نیازی خۆیان دەردەبڕن لە ڕێگای واژە و دەربڕینەکانەوە کە لە بناغەدا بۆ واتای تر بە کاریان هێناوە, لەم ڕووەوە زانستی ڕوونبێژی ڕێگایەکە بۆ ئالودەبونمان بە دنیای ئەدەبی و ئاشکراکردنی ڕەمزەکانی زمانی ئەدەبی))[76] .

(عەزیز گەردیش) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت : ((ئەو هەموو شتانە ئەگرێتەوە کە پەردە لە ڕووی گوزارە لائەدەن و ئەیخەنە بەرچاوەوە, یا بیروباوەڕێك ئەگرن و ئەیخەنە ڕووەوە تاگوێگر یا خوێنەر بتوانێ بگاتە بنج و بناوانی مەبەستەکە و تێی بگات))[77] . بە پێی ئەم پێناسەیە ڕوونبێژی ئاشکرادنی واتای شاراوە و ڕوونکردنەوەی مەبەستی شاعیر و نوسەرە بۆخوێنەر یاخود گوێگر, بەلای ئێمەشەوە ڕوونبێژی : (بنچینە و بنەمایەکە بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی واتا و مەبەست بەچەند شێوازێکی هەمەڕەنگ و چەند ڕێگایەکی جیاواز) , هونەرەکانی (چواندن , خوازە , درکە) لەخۆ دەگرێت.

---

[75] -صور خیال در شعر فارسی, شفیعي کدکنی, محمد رضا, تهران, انتشارات اگاه, چاپ سیزدهم, 1399, ص2 .

[76] -بیان, سیروس شمیسا, تهران, نشر میترا, چاپ دوم, 1392, ص40 .

[77] -عەزیز گەردی, ڕوونبێژی, ل19 .

دووەم: زانستی واتاناسی (علم المعانی) :

لە ڕووی شێوە و پێکهاتەی زاراوەکەوە واتاناسی وشەیەکی لێکدراوە, پێکهاتووە لە (واتا) و ڕەگی چاوگی (ناسین) لەگەڵ پاشگری (ی) کە پێکەوە واتای (ناسینی واتا و تێگەیشتنی واتا) دەگەیەنن, زانایانی ڕەوانبێژی بایەخێکی زۆریان بە زانستی واتاناسی داوە, چونکە نەك شاعیران هەموو ئەدیبێك پێویستی بەم زانستە هەیە بۆ دارشتنی دەقێکی ئەدەبی, یەکەم کەس کە بناغەی زانستی واتاناسی دانا ((عبدالقاهر الجرجانی بوو کە لە ساڵی 471کۆچی دا مردووە, لە کتێبی (دلائل الاعجاز) دا, بەلاّم ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو کەبەو ناوە دابنرێت کە بەو چەمکە ناسراوە, بەلاّم ئەو زانایانەی کە دواتر هاتن ئەوان ئەم بابەتەیان زیاتر دەوڵەمەن کردو ناویان بۆ دانا))[78] .

دەبینین زانایان باس و خواسی زۆریان لە سەر ئەم زانستە کردووە و زیاتر ڕوونیان کردووەتەوە, لێرەدا ڕای هەندێ لەو زانایانە لەم بارەیەوە دەخەینە ڕوو:

(الدکتور عبدالعزیز عتیق) شارەزا لە بواری ڕەوانبێژی عەرەبی لە کتێبی (في البلاغة العربية – علم المعاني) دا لە پێناسەی واتاناسیدا دەڵێت : ((ڕوونکردنەوە و گونجاندی قسەیە لە گەڵ بارودۆخی گوێگر و ئەو جێگایەی کە قسەکەی تیادا دەکرێت, یارمەتی مرۆڤەکان دەدات بۆ خۆپاراستن لە هەڵەکردن لە کاتی قسەکردندا ئەمەش بە یارمەتی ئاوەڵناوەکان))[79] .

(احمد مصطفى المراغي) لە کتێبی (علوم البلاغة) دا, لە پێناسەی (المعانی) دا دەڵێت : ((ئەو یاسا و ڕێوشوێنانەیە, بە هۆیانەوە دەردەکەوێت, کە دەربڕین تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئەو بارە بیرییەی گوزارشتی لێدەکات, پەسەندە, تاکو دەربڕینەکە بەو شێوەیە بێت, کە مەبەستە و دووربکەوێتەوە لە تێکەوتنی هەر هەڵەیەك))[80] . ئەم پێناسانەی کە باسمان کرد ئەوە دەگەیەنن کە زانستی واتاناسی

---

[78] -البلاغة العربية, الدكتور عاطف فضل محمد, عمان - دار المسيرة للنشر والتوزيع, الطبعة الاولى, 2011م - 1432ھ, ص133 .

[79] -في البلاغة العربية (علم المعاني), الدكتور عبدالعزيز عتيق, دار النهضة العربية, بيروت – لبنان, ط1, 1430ھ – 2009م, ص37 .

[80] -علوم البلاغة, احمد مصطفى المراغي, دار الكتب العلمية, بيروت – لبنان, الطبعة الرابعة, 1429ھ - 2007م, ص41 .

کۆمـەڵێ دەسـتوور و یاسـای قسـەکردنە بـۆ پاراسـتنی قسـەکەر لـە هـەر هەڵـەو کەموکورتیـەك و ڕونکردنەوەی واتا لای گوێگر.

بـە بـڕوای (دکـتۆر شمیسـا) : (( واتاناسـی لـە بناغـەدا تایبەتـە بـە هونـەری ئاخـاوتن و هونـەری گفتووگۆوە)) [81] . بە پێی ئەم پێناسـەیە واتاناسـی هـەر لـە سـەرەتای سـەر هەڵدانیـەوە بـۆ ئاخـاوتن و کاریگەری دانان لەسەر گوێگر بەکارهاتووە, دواتر بوو بە زانستێك کە یاساکانی نوسـینی بـە جۆرێك کە کاریگەری هەبێت کردە بنەمای کاری خۆی.

((عـەزیز گـەردی)) یـش لـە باسـی زانسـتی واتاناسـی دا دەڵێـت : ((ئـەو بەشـەیە کـە ئـەرکی لێکۆڵینەوەی (واتا) دەگرێتەبەر پەیوەندی نێوان وشە و مانا ساغ دەکاتەوە و وەڵامی هەندێ پرسیاری وا دەداتەوە کە پەیوەندیان بە مانا و مەبەست و پەیام و کاریگەری وشە و ڕستە و ئاخاوتنەوە هەیە, هـەر وشـەیەك چـۆن بـەکار بـێ و لـە چ شـوێنێك بێـت باشـترە, پـاش و پـێش کردنـی وشـەکان چـۆن کاردەکاتە سەر گۆڕان و جەخت کردنی مانای ڕستەکە بێجگە لە مانـای دروسـت و بەرچـاوی خـۆی چ مانایەکی تر دەگەیەنێ و چ لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ؟ وشە لەکوێ لـە کـورتی ببڕێتـەوە باشـترە؟ ئایە ئەو ڕستەیەی کە هەیە لەگەڵ باری گوێگردا دەگونجێ یـان نـە ؟ ڕسـتەکان لـە کـوێ بەیەکـەوە بلکێن و لە کوێوە لە یەك دابڕێن, بۆ ئەوەی مەبەستی قسەکەر بە تەواوی ڕابگەیەنن)) [82] .

بەلای ئێمەشەوە واتاناسی : زانسـتێکە کـە تیـادا توانـا و سـنورەکانی زمـان شـرۆڤە دەکرێـت و لـە حاڵەتی جیاوازدا سودی لێ وەردەگرین بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە, بەو جۆرەی کە ئاخاوتنـەکان بـە پێی ویست و نیازی خوێنەر یان گوێگر بێت و گونجاو بێت لە گەڵ شوێن و کاتی قسە کردنەکـەدا. وە زۆربەی زانایـان هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی کـە زانسـتی واتاناسـی دابـەش دەبێـت بەسـەر هەشـت بابەتـدا ئەوانیش ((احـوال الاسـناد الخـبری – دۆخـەکانی دانـەپاڵ و هـەواڵ, احـوال المسـند اليـە – دۆخـەکانی دانەپاڵدراو, احوال المسند, احوال متعلقات الفعل – دۆخەکانی پاشگرەکانی کردار, القصر – کـورتبڕی, الانشـاء – دارشـتن, الفصـل والوصـول – جیاکردنـەوە و بەسـتنەوە, الایجـاز والایطنـاب – کـورتبڕی و درێژبڕی )) [83] .

---

[81] -معانی, سیروس شمیسا, تهران, انتشارات تابش, چاپ ششم, 1379, ص17 .

[82] ڕەوانبێژی لـە ئـەدەبی کوردیـدا بـەرگی سـێیەم (واتاناسـی ), عـەزیز گـەردی, چـاپخانەی کاکـەی فـەلاح – سـلێمانی, 1979, ل9 .

[83] -البلاغة والتطبيق, الدكتور احمد مطلوب و الدكتور كامل حسن البصير, طبعة ثانية, وزارة التعليم العالي والبحث العلمي, طبعة الثانية, 1999, ص99 .

**سێیەم : زانستی جوانکاری (علم البدیع) :**

**1- جوانکاری لە ڕووی زمانەوانیەوە :**

جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی زمانەوانیەوە بەرامبەر بە وشەی (بدیع) ی عەرەبی هاتووە, لە (لسان العرب) دا (بدیع) لە (بَدَع) ەوە هاتووە, بە واتای ((داهێنانی شت))[84] دێت, لە فەرهەنگی (المنجد) یشدا واتاکانی ((داهێنان و دروستکردنێك))[85] دەگەیەنن, لە فەرهەنگی (دهخدا) شدا بەم مانایانە هاتووە : ((نوێکەرەوە, نوێکردنەوە, شتی نویٚ هێنانە ئاراوە))[86] .

لە قورئانی پیرۆزیشدا بە هەمان واتای تازە داهێنراوی هاتووە, کاتێك باس دێتە سەر توانا و دەسەلاٚتی خوای میهرەبان, خوا دەفەرموێت : ﴿بدیع السماوات والارض واذا قضی امرا فانما یقول لە کن فیکون﴾[87] . واتە : (خودا) بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە بە جوانترین شێوە, جا هەر کاتێك بڕیاری هەر شتێك بدات, تەنها ئەوەندەی بەسە, کە فەرمانی بوون, یان پێشهاتنی بدات, ئیتر خێرا ئەو شتە, یان ئەو کارە, دەبێت و ئەنجام دەدریت . لە فەرموودەی پێغەمبەریشدا هاتووە : ((کل بدعة ضلالة))[88] . واتە هەموو تازە داهێنراوێك لە بواری (تەشریع و پەرستش) دا گومڕاییە 00 کە لێرەشدا بە هەمان واتای تازە هێنراوی هاتووە .

(أحمد بن عبد ربە الاندلسي) شاعیری عەرەب لە دێڕە شیعرێکیدا کە لە بەحری ڕەمەڵە لە ڕووی زمانەوانیەوە تەماشای وشەی (بدیع) ی کردووە, وەکو دەڵێت :

**یا بدیعَ الحسن کم لي      فیك من وجد بدیع**[89]

---

[84] -لسان عرب, مادة بدع .

[85] - المنجد فی اللغه, لویس معلوف, دار المشرق, بیروت – لبنان, الطبعة الخامسة والثلاثون, 1993, ص29 .

[86] - لغت نامه, علی اکبر دهخدا, انتشارات توس, تهران, چاپ هفتم, جلد چهارم, 1343, ص773 .

[87]- قورئانی پیرۆز, سورەتی البقرە, ئایەتی 117 .

[88] - صحیح مسلم, الرقم : 1435 .

[89] -یتیمة الدهر في محاسن أهل العصر, أبي منصور عبدالملك الثعالبي النیسابوري, شرح وتحقیق : الدکتور مفید محمد قمیمة, دار الکتب العلمیة, بیروت – لبنان, الجزء الثاني, 2000م, ص7 .

وشەی (بدیع) لە نیوە دێڕی یەکەمدا بە واتای دروستکەر یان داهێنەر دێت, کەمەبەستی داهێنەری چاکە و چاکە کارییە, بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا مانای داهێنراوی سەر سوڕهێنەر دەگەیەنێت. واتە : ئەی داهێنەری چاکە و چاکەکاری چەند داهێنراوێکی سەر سوڕهێنەری پڕ لە خۆشەویستی من لە گەردنتدایە .

جوانکاری لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیشدا بە دوو واتا هاتووە :

1-ڕازێنەوە, بوك جوانکەر

2- دەست ڕەنگین, بەهونەر.[90]

هەرچی (جوانکاری) شە ناوێکی واتاییە, لە ئاوەڵناوێکی بکەری لێکدراوی و پاشگرێکی (ی) پێکهاتووە, کە پاشگرێکی دروستکردنی ناوی واتاییە کە هاتۆتە سەر (جوانکار) پێکەوە وشەی (جوانکاری) یان دروست کردووە. لەم واتایانەشەوە, کە لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا بەرچاومان کەوتوون, بۆمان ڕوون دەبێتەوە, کە وشەی بدیع واتای (نوێی, ڕازاوە) دەگەیەنێ و واتاکەشی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چەسپاوە, تا دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و مەدلولێکی هونەری بە بەردا کراوە, کە ئەو مەدلولەشی گوزارشت لە ڕێزایەکی هونەری خاوەن شێوازی تایبەت بە خۆی دەکات .

---

[90] -هەمبانە بۆرینە, هەژار, بەرگی یەکەم, چاپی یەکەم, سروش, تەهران, 1339ی هەتاوی, ل195 .

## 2- جوانكاری، چەمك و تێڕوانین:

لە زاراوەی ئەدەبیدا یەكێكە لە سێ بەشەكانی زانستی ڕەوانبێژی, ڕۆڵی گەورەی لە بەرز ڕاگرتن و ئارایشتكردنی سیمای ئەدەبی و ڕازاندنەوەی وشە و واتادا بینیوە, ئەو ڕەگەز و دەستورانە دەگرێتەوە لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕوون دەكەنەوە, هەرمیللەتێكیش بەپێی تایبەتمەندی زمانی ئەدەبی میللەتەكەی بەكاریهێناوە .

(السكاكی) لە پێناسەی جوانكاریدا دەڵێت : (( ئەو ڕووە تایبەتیانەیە كە پەنایان بۆ دەبرێت بە مەبەستی جوانكردنی قسە))[91] . بە پێی ئەم پێناسەیە ڕووە تایبەتیەكان هونەرەكانی جوانكاری دەگرێتەوە كە شاعیران پەنای بۆدەبەن لە كاتی نوسین, یاخود دەربڕینی دەقێكی ئەدەبیدا بۆ جوانكردنی سیمای دەقەكە.

(قەزوینی) یش پێناسەی جوانكاری دەكات بەوەی : ((زانستێكە ڕێگاكانی جوانكردنی گوفتار ڕێك دەخات, بە لەبەر چاوگرتنی پێویستی دەوروبەری ئاخاوتنەكە و ڕوونی ئاماژەكانی, ڕێگاكانیش دوو جۆرن : جۆرێكیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر واتا, جۆرێكی دیكەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕین))[92] .

(عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون) یش لە پێناسەیدا بۆ جوانكاری, دەبینین ئەو پێناسەی (قەزوینی) تێنەپەڕاندووە, بەڵام هەندێ جۆری جوانكاری بۆ سەر بار دەكات و دەڵێت : ((بریتی یە لە جوانكاریكردن لە ئاخاوتن و ڕازاندنەوەی بە جۆرە ڕێكخستنێك, یا سەراوبێژكردن یان ڕەگەزدۆزی, كە چواندنێك لە نێوان واژەكانی ئاخاوتنەكەدا دێنێتە كایەوە, یان گەوهەر بەنیكردنێك (الترصیع), كە كێشەكانی كەرت بكات, یان پۆشین لە واتای مەبەست بە خستنەڕووی واتایەكی شاراوە تر لە خۆی بە هۆی هاوبەشییان لە گۆكردندا, یان دژیەكی چونیەك لە نێوان دژەكان و هاوشێوەكاندا))[93] .

---

91 - مفتاح العلوم, السكاكی, ص 179 .

92 - جلال الدين محمد بن عبدالرحمن القزويني, الايضاح في علوم البلاغه, دار مكتبة هلال, بيروت, ط2, 1991, ص297.

93 - مقدمة بن خلدون, عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون, دار القلم, بيروت, 1994م, ط5, ص1033 .

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, تێڕوانینی (قەزوینی) و ئەوانەی هاوڕای ئەون لە بارەی جوانکارییەوە, بەوەی گوایە جوانکاری تەنها ڕازاندنەوە و ئارایییە لە خستنەڕووی ئاخاوتندا و مەبەست لە بەکارهێنانیشی تەنها نەخشاندن و ئارایشتکردنە, ئەوا تێڕوانینێکی بێ کەمووکورتی نیە و پێچەوانە دەکەوێتەوە لەگەڵ ئەو جوانی و جیاوکانەی ئەو هونەرانەی دەیان خەنە سەر واتاکان و بەوەش پتر هەڵکشاو و قەشەنگتر دەنوێنن.

جوانکاری لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکە بۆ ئارایکردن و ڕازاندنەوەی وتە پێوەرێکیشە بۆ هەڵسەنگاندنی وتە ((زانستێکە بە هۆیەوەی ئەو ڕوو و سیفاتانە دەناسرێنەوە, کە وادەکەن گوتە باش و پەسەندکراو بێت, ئەمەش دوای ڕەچاوکردنی وەکیەکی لە سروشتی حاڵ و ڕوونی گوزارشتکردنەکەی, بە دوور لە ئاڵۆز کردنی مانایی))[94].

هەندێك لە شارەزایانی بواری ڕەوانبێژی پێیان وایە جوانکاری زیاتر لە شیعردا بەدیدەکرێت وەك لە پەخشاندا, چونکە پەخشان وتەیەکە خاڵیە لە خەیاڵ و ڕازاندنەوەی ڕەوانبێژی و جوانکاری, بەڵام شیعر برگەکانی ڕێکخراوە و خاوەن کێشێکی عەروزییە بنەمای ڕەوانبێژی و خەیاڵیشی تیادایە لەو ڕووەوە وتەی (کامیاری وحیدیان) زیاتر بابەتەکە ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت : ((جوانکاری دەربڕینێك و ڕازاندنەوەیەکی ئەدەبیە کە زمانی ئاسای دەگۆڕێت بۆ شیعر))[95]. واتە هەموو کەسێك توانایی ڕازاندنەوەی وتەی نیە بە دەر براوێکی ئەدەبی, چونکە توانایەکی خودی و بەهرەیەکی خودا پێداوی و ڕاهێنان و ئەزموونی پێویستە.

(عەزیز گەردی) یش بەم شێوەیە باسی جوانکاری دەکات و دەڵێت : ((جوانکاری بە شێوەیەکی گشتی ی لەو ڕەگەز و دەستورانە دەدوێ, کە لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕوون دەکەنەوە ئەویش دولایەنی هەیە, یا دوو جۆرە هونەر نواندنی جوانکارانە هەیە :

1-جۆری یەکەم تایبەتی یە بەلایەنی ڕوخسار و شێوەی ئەدەبی یەوە.

2-جۆری دووەم لەو جوانی یە دەدوێ کە لە ناخی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی یەوە هەڵدەقوڵێ و دونیای ئەدەبەکە دەڕازێنێتەوە))[96]. بە پێی پێناسەکەی (عەزیز گەردی) جوانکاری بایەخ بە هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبی دەدات, واتە بایەخ بە جوانکردنی وشە و فۆرمی وشە و دەربڕینی واتای جوان و ڕوون دەدات.

---

[94] - البلاغة والأسلوبية, يوسف ابو العدوس, الأهلية للنشر والتوزع, أردن - عمان, الطبعة العربية الأولى, 1999, ص129 .

[95] - بديع از ديدگاه زيبايى شناسى, كامیار وحيديان, انتشارات سمت, تهران, چاپ اول, 1393, ص7 .

[96] - ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری – البدیع), عەزیز گەردی, بەرگی دووەم, چاپخانەی شارەوانی, هەولێر, 1975, ل5 .

(عەبدولسەلام سالار) یش لە نامەی ماستەرەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی جوانکاری دەکات و دەڵێت : ((جوانکاری زانستی ناسینی ئەو ڕووە تایبەتی یانەیە کە قسە جوانتر دەکەن دوانی ئەوەی کە لەگەڵ باری پێویست دا بگونجێ))[97] .
لێرەوە دەتوانین بڵێن جوانکاری : ئەو زانستەیە جوانی وشە و قسە کردنی پێدەناسرێتەوە, لەگەڵ گرنگیدان بە جوانی واتا و ڕوونی واتاکان.

## 3- مێژووی گەشەسەندنی جوانکاری :

پێش ئەوەی باسی زانستی جوانکاری بکەین پێویستە هەندێك لە مێژووی دروست بوون و گەشەسەندنی بخەینەڕوو, چونکە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەم زانستەوە دەتوانین وێنەیەکی ڕوونتری زانستەکە بخەینەڕوو.

سەرەتا و دەستپێکی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرانی عەرەب کە ((پێش ئیسلام عەرەبەکان سەرکەوتوو بوونە لە بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی ڕەوانبێژیدا, بەبێ ئەوەی جیاوازی بکەن لە نێوان هونەرەکانیدا, لەگەڵ ئەوەشدا هەستیان بەوە کردووە کە ئەم هونەرانە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعریدا, کە دواتر بە زانستی ڕەوانبێژی ناسرا بەهەر سێ زانستەکانیەوە زانستی واتاناسی, زانستی ڕوونبێژی, زانستی جوانکاری))[98] . کە واتە شاعیرانی پێش ئیسلام هونەرەکانی جوانکاریان بەکارهێناوە لە شیعرەکانیاندا, بەڵام دەرکیان بەم زانستە نەکردووە تەنها وەکو هونەرێك مامەڵەیان لەگەڵیا کردووە بۆ پێدانی شعریەت بە دەقەکانیان.

بە گشتی ئەم زانستە لە سەردەمی ئیسلامدا و بە تایبەتی لە سەردەمی عەباسیدا گەشەی سەندووە کە ((سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی شاعیری عەباسی (مسلم بن الولید الانصاری) کە لە ساڵی (209 ی کۆچی) دا مردووە, کە خولیای هونەرەکانی جوانکاری بووە لە شیعرەکانیدا بە تایبەتی لە شیعری پیاهەڵدانـدا, توانی چەند زاراوەیەکی واتایی و وشەی بۆ هونەرەکانی جوانکاری بهێنێتە کایەوە کە تائێستاش بە هەمان زاراوە ناو دەبرێن لەوانە الجناس, الطباق))[99] .

---

[97] - هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا, عەبدولسەلام سالار, ل135 .

[98] -في البلاغة العربية علم البديع, الدكتور عبد العزيز عتيق, دار النهضة العربية, بيروت – لبنان, جزء الثالث, 2009, ص7 .

[99] -الدكتور عبدالعزيز عتيق, سەرچاوەی پێشوو, ص9 .

( الجاحظ) لە کتێبی (البیان والتبین) دا کە یەکەمین کەسە وشەی (البدیع) ی وەك زاراوەیەکی هونەری بەکارهێناوە, مەبەستیشی لێی ئەو وێنە شیعریە نوێیانە بووە, کە شاعیران دایان هێنابوو پێشینانیان پێ ئاشنا نە بوونە, هەروەك دەڵێت : ((بدیع تایبەتە بە عەرەبەوە, بۆیە زمانەکەشیان لە سەرووی هەموو زمانەکانی ترەوەیە (بشار) جوانکاری بەکارهێناوە و (العتابی) یش هەمان ڕێزای (بشار)ی لەو بوارەدا گرتووەتە بەر))[100] .

سەرنج دەدەین (جاحظ) لە کتێبی (البیان والتبین) دا بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون وشەی (البدیع) ی ڕوون نەکردووەتەوە بەڵکو زیاتر بایەخی بە بەڵگە هێنانەوە و نمونەی پراکتیکی داوە بە بێ باسکردنی یاسا و ڕێسا تیۆرییەکان .

یەکەم هەوڵدان بە شێوەیەکی زانستی لە بواری جوانکاری دا ئەنجامدرا بێت دەگەڕێتەوە بۆ (ئەبو لعەباس عەبدوڵڵای کوڕی موعتەزی کوڕی متەوەکیل کە لە ساڵی 293ی کۆچی) دا مردووە, جوانکاری پۆلێن کردووە و چەند جۆرێکی لێ دیاری کردووە و کتێبێکی بە ناوی (البدیع) ەوە داناوە, کە تیادا ئاماژەی بە هەڤدە هونەری جوانکاری کردووە, لەو کتێبەدا (ئیبنولموعتەز) بانگەشەی یەکەمێتی بۆ خۆی دەکات لەو بوارەدا بەوەی دەستپێشخەر بووە و دەڵێت : ((هیچ کەس پێش من هونەرەکانی جوانکاری کۆنەکردووەتەوە و هیچ کەسیش پێشم نە کەوتووە لە نووسینەوەیاندا, جا هەرکەس ئارەزوو دەکا پێشەنگایەتیمان پەسەند بکا و بەوەندە قایل دەبێ, ئەوا با وا بکات و هەرکەسیش شتێکی زیاتر سەرباری ئەم باسە دەکات, یان شتێکی زیاتر دەخاتە سەر جوانکاری و بەدەر لە بۆچوونەکانی بۆچوونی هەیە, ئەوا خاوەنی هەڵبژاردەی خۆیەتی))[101] .

دوای ( ئیبنولموعتەز ) یش ( قودامەی کوڕی جەعفەر ) دێت کە لە ساڵی (337 ی کۆچی) دا مردووە. کە لە کتێبەکەیدا ( نقد الشعر )[102] . کە باس لە ڕەخنەی شیعری دەکات و لە بەشێك لە کتێبەکەیدا دێتە سەر باسی جوانکاری و چواردە جۆر لە هونەرەکانی جوانکاری دەخاتە ڕوو, هەندێك لەو هونەرانەش هەمان هونەرن کە ( ئیبنولموعتەز ) دایناوە, بەلأم لە لای ( قودامە ) بە ناوی جیاوازتر هاتووە تەنها دوو جۆر نەبێت کە کۆکن لەسەر هەمان زاراوە ئەوانیش ( المبالغە والالتفات ), لە ڕاستیدا توانیوویەتی نۆ جۆری تازە لە هونەرەکانی جوانکاری بخاتەڕوو ئەوانیش (( الترصیع, الغو, صحة التقسیم, صحة المقابلات, صحة التفسیر, الاشارة, الارداف, التمثیل, الایغال ).

---

[100] - البیان والتبین, جزء 4, ص55 .

[101] - البدیع, عبدالله ابن المعتز, دار الحكمة, دمش, دون تاريخ, ص5 .

[102] - بڕوانە : نقد الشعر, قدامة بن جعفر, تحقيق محمد عبدالمنعم خفاجی, دار الكتب العلمية, بيروت, ص139.

( ئە بو هیلالی عەسەکەری) یش لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا, لە کتێبەکەیدا ( الصناعتین الکتابە والشعر ) لە دە دەروازەدا داینـاون, کە بەسەر پەنجا و سێ بەشی جوانکاریدا دابەشی کردووە, ئەو هونەرانەی کە داهێناون, ئەوا ژمارەیان دەگاتە حەوت جۆر, کە بریتین لە (( التشطیر, المجاورة, التطریز, الاحتاج, التلطف, المنشق, المضاعفة ))[103] .

لە سەدەی پێنجەمیشدا ( ئیبنو ڕەشیقی قەیرەوانی ) کە لە ساڵی (434ی کۆچی) دا مردووە. کتێبێکی دانا بە ناوی ( العمدة ), لە کتێبەکەیدا هەندێ دەروازەی جیاکردووەتەوە بۆ باسکردنی هونەرەکانی ڕوونبێژی هەندێکیش بۆ لایەنی جوانکاری, بەمەش خۆی لە پێشینان جیا کردووەتەوە, هەندێك لەو هونەرانە پێشتر باسکراون ئەوەی کە دایهێناون بریتین لە ( التوریة, التردید, التفریغ, الاستدعاء, التکرار, الاطراد, التغایر, الاشتراك ) , هەروەها ( قەیرەوانی ) هونەرەکانی جوانکاری لە شیعردا بە داهێنان ناو دەبات و دەڵێت : (( شاعیران هەتا ئەم سەدەیەش بەردەوامن لە داهێنان دا, بەڵام کەمتر لە چاو سەدەکانی پێشتردا ))[104] .

لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمیشدا ( عەبدولقاهر جورجانی ) کە لە ساڵی (471ی کۆچی ) دا مردووە. لە کتێبی ( أسرار البلاغة ), کە پرسگەلی ڕوونبێژی و هەندێ هونەری جوانکاری لە خۆ دەگرێ و دەبینین بابەتەکانی زانستی جوانکاری بە دەر لە چەند لاپەڕەیەك پشکی هێند گەورەیان لە کتێبەکەدا داگیر نەکردووە و دوو هونەری تێدایە لە هونەرەکانی جوانکاری, ئەوانیش ( ڕەگەزدۆزی و سەروانبەندییە ) ئەم دوو هونەرەشی لا پەسەند و باش نیە چونکە پێی وایە (( دووبارەکردنەوەی وشەکان لە ڕێگەی ڕەگەزدۆزی و سەروابەندییەوە کاریگەری دەروونی لێدەکەوێتەوە, وا لە گوێگر یا خوێنەر دەکات پێش ئەوەی گوێبیستی وشە دووبارە کراوەکە بێت, پێش بینی دووبارە کردنەوەی بکات, بەمەش وا لە خوێنەر دەکات تووشی وەڕەس و بێزاری ببێت ))[105] .

لە سەدەی شەشەمی کۆچیشدا چەند زانایەکی بواری ڕەوانبێژی دەرکەوتن لەوانە (جار الله محمود بن عمر الزمخشری) کە لە ساڵی (539ی کۆچی) مردووە. لە کتێبە کەیدا (الکشاف)[106] , کە ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە کە تیادا باس لە چەند هونەرێکی جوانکاری دەکات ئەوانیش (الطباق, المشاکلة, اللف والنشر, تأکید بما یشبه الذم, مراعاة النظیر, التقسیم, الاستطراد, التجرید).

---

[103] - الصناعتین الکتابة والشعر, ابو هلال عسکری, ص237 .

[104] - العمدة, ابن الرشیق القیروانی, تحقیق محمد محی الدین, دار الجیل, طبع الخامس, 1991, ص 234- 233 .

[105] - اسرا االبلاغة, عبدالقاهر الجرجانی, دار المدنی, جدة, 1991, ص7-13 .

[106] - بڕوانە : الکشاف عن حقائق غوامض التنزیل, ابو القاسم محمود بن عمرو بن احمد جاري الله الزمخشري, جزء 4, الطبعة الثالثة, دار الکتاب العربی, بیروت, 1407ه .

(رشيد الدين العمري الوطواط) كە لە ساڵی (( (537ی کۆچی) مـردووە. لـە ڕەوانبێـژی فارسـیدا کتێبیکی داناوە بە ناوی حدائق السحر فی دقائق الشعر))،[107] لەم کتێبەدا هـەوڵێکی وردی داوە بـۆ جێبــەجێکردنی هونــەرەکانی جوانکــاری عــەرەبی بەســەر ئــەدەبی فارسـیدا، هەریەکـە لـەو هونەرانەشی بە بەڵگەوە لە شیعری عەرەبی و فارسیدا هێناوەتەوە.

هەر لە سەدەی شەشەمیشدا ڕەوانبێژی ناسێکی تر بەناوی (ابو المظفر أسامه بن مرشد بن منقذ) کە لە ساڵی (594ی کۆچی) دا مـردووە، لـە کتێبەکەیـدا ((البـديع في نقـد الشـعر))،[108] کـە تێـدا بیست و پێنج جۆری لە جوانکاری خستووەتەڕوو.

هەرچی سەدەی حەوتەمی کۆچیە چەند زانایەکی بواری ڕەوانبێـژی دەرکـەوت، گرنگترینیـان (سراج الدين السكاكی) یە، کە لـە بەشـی سـێیەمی کتێبەکـەی ((مفتـاح العلـوم))[109]دا بـۆ هـەردوو زانستی واتاناسی و ڕوونبێژی تەرخان کردووە، لە پاڵ ئەوانەشدا باسێکی لە جوانکاریش کـردووە، یەکەم کەسیشە کە جوانکاری دابەش کردووە بـە سـەر جوانکـاری وشـەیی و جوانکـاری واتـایی دا، جوانکاری واتایی بیست جۆری لە خۆ گرتووە و جوانکاری وشەیش حەوت جۆر.

(زیائەدین ئیبنولئەسیر) لـە کتـێبی (المثـل السـائر في الادب الكاتـب والشـاعر) و (زەکیـەدینی کـوڕی ئەبی ئەلئەصعەبی میصری) لە کتێبی (تحرير التحبير) دا، باسیان لە چەند هونەرێکی جوانکاری کردووە.

لە سەدەی هەشتەمی هیجریشدا زانای بواری ڕەوانبێژی (یەحیای کـوڕی حـەمزەی عەلـەوی) کتێبێکــی دانــا بــە نــاوی ((الطــراز المتضــمن لاســرار البلاغــة و علــوم و حقــائق الاعجــاز))[110] لێکۆڵینەوەیەکە لە ڕەوانبێژی عەرەبی لە هەرسێ زانستی (ڕوونبێژی، واتاناسی، جوانکاری) وەکـو سێ زانستی جیاواز و سەربەخۆ.

لە سەدەکانی دواتریشدا و بە تایبەتی لە ناو موسڵمانانـدا (بەدیعیات) سەری هەڵدا، کە بریتی یـە لە چامەگەلێکی شیعری لە بارەی ستایشی پێغەمبەر (د.خ) لێبێـت، هـەردێڕێکیش لـەو بەدیعیاتانـەدا لایەنێکی جوانکاری یان زیاتر لە خۆ دەگرێ، هەر لەم بارەیەشەوە ( علی ابو زيد) پێیوایـە یەکـەمین کەسـێك نـاوی (بەدیعیـە) ی لـەم جـۆرە چامە شـیعریە نـاوە (صـەفیەدینی حیللـی) یـە وە دەڵێـت : ((یەکەمین کەسێك ناوی بەدیعیـەی لـەم جـۆرە چامە شـیعرییە نـاوە، (صـەفیەدینی حیللـی)یـە، کـە

---

[107] - بڕوانە : مرجع شناسی ادبی و روش تحقیق، دکتر عباس ماهیار، نشر قطره، چاپ یازدهم، 1393، ص159 .

[108] - بڕوانە : البديع في نقد الشعر، أسامة بـن منقـذ، تحقيـق احمـد بـدوی و حامـد الحميـد، مطبعـة مصـطفى البـابی حلى، مصر، 1390ه – 1930م، ص5-3 .

[109] - بڕوانە : مفتاح العلوم، سراج الدين ابو يعقوب يوسف بن محمد السكاكی .

[110] - بڕوانە : الطراز المتضمن لاسرار البلاغـة وعلوم وحقـائق لاعجاز، يحي بـن حمـزة بـن علي بـن ابـراهيم، تحقيـق: عبدالحميد هنداوی، المكتبة المصريه للطباعة والنشر، الطبعة الاول، 2009 .

پایەکانی ئەم هونەرەی چەسپاندووە و پێدەچێت ئەم کارەشی جێگەی شانازی بێت, کە توانیویەتی ناولێنانێك بێت بەبێ خستنەڕووی زاراوەیەکی پەیوەست, هەروەك ناوی (الکافیه) ی لە ستایشەکانی پەیامبەر ناوە))[111].

لێکۆڵینەوە لە بواری جوانکاریدا لە لای نوسەرانی کورد دواکەوت, بە بەراورد لە گەڵ نوسەرانی بواری جوانکاری عەرەبی, تا دوا چارەکی سەدەی بیستەم, بەلام لەم سەدانەی دوایدا چەند لێکۆلینەوەیەك لە بارەی ئەم زانستەوە ئەنجامدرا کە شایەنی باسن.

یەکەم کتێبی تایبەت بەم زانستە لە ئەدەبی کوردیماندا, کە لە ساڵی (1973) دا خستویەتیە کتێبخانەی کوردیەوە, کتێبەکەی (((د. عەزیز گەردی) یە بە ناو نیشانی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا) کە لە سێ بەرگی سەربەخۆدا باس لە هەر سێ بەشەکانی زانستی ڕەوانبێژی دەکات : لە بەرگی یەکەم : (ڕوونبێژی) بەرگی دووەم : (جوانکاری) و لە بەرگی سێیەم : (واتاناسی). دووەم : کتێبی زانستی ڕەوانبێژی لە کوردیدا (خۆشخوانی) ی مامۆستا (عەلادین سەجادی) یە 000 ئەم کتێبەی دەکاتە سێ بەش لە بەشی یەکەمی باس لە هونەرەکانی (گوزارەکاری) و لە بەشی دووەمدا (ڕەوانکاری) و لە بەشی سێیەمدا, باس لە هونەرەکانی (جوانکاری) دەکات))[112] لە ساڵی (1993) بلاّوکراوەتەوە, دواتر لە ساڵی (1991) (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) کتێبێکی بە ناوی (بەدیع و عەرووزی نامی) یەوە بلاّوکردەوە, لە دوای ئەوانیش (ئیدریس عەبدولاّ) چەند کتێبێکی لە بارەی جوانکاریەوە بلاّوکردەوە لە ڕەوانبێژی کوردیدا, یەکەم کتێبی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2003) بە ناونیشانی (جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا), تا ئێستاش هیچ نامەیەکی ماستەر و دکتۆرا تایبەت بە جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا نەهاتووە, تەنها ئەوەندە نەبێت (عەبدولسەلام سالار عەبدولرەحمان) لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی (هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا) باس لە هەندێك هونەرەکانی ئەو زانستە دەکات, هەروەها (ئیدریس عەبدولاّ) ش لە نامەی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی (لایەنە ڕەوانبێژیەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی) بەشێکی تایبەتی بۆ ئەم زانستە تەرخان کردووە.

---

[111] - البدیعیات في الادب, ابو زید علي, عالم الکتب, بیروت, طبع الاول, 1993, ص4 .

[112] - جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا, ئیدریس عەبدوڵلاّ, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی, 2003, ل13-19 .

# بەشی دووەم :

## هونەرەکانی جوانکاری وشەیی

## لە شیعری (وەفایی) دا

**جوانكارى وشەيى (المحسنات اللفظية):**

باسێكى سەرەكى جوانكارييە, بريتى يە لە چۆنيەتى دەربڕين, يان قسەكردن بـە شـێوەيەكى جـوان و تايبەت, ((ئەو جوانكاريانەيە كە بە شێوەيەكى سەرەكى دەربڕينـەكان جـوان دەكـەن, هەنـدێكجاريش واتاكان بە دواى ئەودا جوان دەكرێن))[113] . واتە جوانكارى وشەيى بە شێوەيەكى گشـتى كـار لـە سـەر دەربڕين و ڕووخسارى وشەكان دەكات, كەمتر كار لەسەر واتا و ناوەڕۆك دەكات.

(عەزيز گەردى) يش زياتر ئەركى جوانكارى وشەيى ڕووندەكاتەوە و دەڵێت : ((لە لايەنى ئاواز و مۆسيقاى وشە دەكۆڵێتەوە, زايەڵە و ئاوازى وشەكان لە هەردوو ئاستى ئاسۆيى و ستونيدا بـە يەكـەوە دەبەستێتەوە, مەبەست لەم جۆرەيان ئەوەيە, چۆن ڕەگەزەكانى بەرهەمى ئەدەبى پەيوەندى ئـاواز و مۆسيقايان دەكەوێتە نێوان و چۆن بەم ئاوازە نـاوەكى و دەرەكييـە, كەشـى دەربـڕينى بـير و سـۆز بـە جۆشتر دەبێ و چنينى ڕستە و دێڕەكـان, سـفت و تۆكمـە دەبـێ, ئـەم بەشـە زيـاتر خـۆى بـە دووبـارە بوونـەوەى دەنـگ خـەريك دەكـات, كـە ئـاوازى نـاوەوە و ڕەگـەزدۆزى و دووبـارە بوونـەوە و سـەروا دەگرێتەوە))[114] .

ئـەم بەشـەى جوانكـارى هونـەرێكى زۆرى لـە خۆگرتـووە, (وەفـايى) يـش وەكـو شـاعيرانى تـرى كلاسيكى كورديى بايەخێكى زۆرى بەم لايەنە داوە, گرنگترين ئـەو هونەرانـەى كـە وەفـايى بـە كـارى هێناون ژمارەيان (15) هونەرە و بـريتين لـە : ( ڕەگـەزدۆزى, هێنانـەوە, كـەرتكردن, گێڕانـەوە, پـات

---

[113] - البلاغه العربيه فى فنونها (البديع والبيـان), الـدكتور محمـد على سـلطانى, دار العصـاء, سـوريا – دمشـق, الطبعـة الأولى, 2003, ص17 .

[114] - ڕەوانبێـژى بـۆ پـۆلى دووەمـى پـەيمانگاكانى مەڵبەنـدى مامۆسـتايان, پـۆلى پێنجـەمى پـەيمانگاكانى پێگەيانـدنى مامۆستايان, عەزيز گەردى, چاپى وەزارەتى پەروەردە, هەولێر, چاپى يەكەم, 1423هـ – 2002ز, ل73-77 .

کردنـەوە, بـوونی پێویسـتە, هـاوکێش, متـەوازی, موتڕیـف, تـەتڕیز, مولەمـەع, نەسـخ, لێـوەرگرتن, تێکهەڵکێش, پێنجخشتەکی) .

## باسی یەکەم

## ڕەگەزدۆزی (الجناس)

لـە عەرەبیـدا (الجنـاس) ی پێـدەگوترێت, بـە دیـارترین جۆرەکـانی جوانکارییـە وشـەییەکان دادەنرێت، بە هۆی گرنگی پێدانی لە لایەن شاعیران و زانایانی بواری ڕەوانبێژییەوە لە کۆن و نوێـدا, ئـەم گرنگی پێدانـەش بـە ڕوونـی و ئاشـکرا دەرکـەوت لـە زۆربـەی ئـەو کتێبانـەی کـە جـەختیان لـە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دەکردەوە, تیشك خسـتنە سـەر جۆرە جیاوازەکـانی و خسـتنە ڕووی سـەنگی هونەری و جوانی, کارتێکردنی لە شێوازی ئەدەبیدا.

(ابن الاثیر) لە بارەی ڕەگەزدۆزییەوە دەڵێت : ((ئەوەیـە کـە واژە وەکـو یـەك بێـت و واتـا جیـاواز بێـت))[115] . ئـەم پێناسـەیەی (ابـن الاثـیر) بەشـێکی ڕەگـەزدۆزی دەگرێتـەوە کـە ڕەگـەزدۆزی تـەواوە, ئەگەر نا ڕەگەزدۆزی ناتەواو واژە وەکو یەك نی یە, بەڵکو نزیکن لەیەکەوە.

(عەلادین سوجادی) یش لە بارەی (ڕەگـەزدۆزی) یـەوە دەڵێـت : ((پێکـەوە گونجـان و دۆسـتایەتی ڕەگەزی دوو وشە پێکەوە ئەدۆزێتەوە و پەیدای ئەکات))[116] .

(عەزیز گەردی) یش بەم شێوەیە پێناسەی (الجناس) دەکات و دەڵێت : ((ئەوەیە کە دوو وشە یان پتر بێنی لە ڕواڵەتدا وەکو یەك وابن یا بە یەك بچن, بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هـەبێت

---

[115] - المثل السائر في ادب الكتاب والشعر, ابو الفتح ضياء الـدين نصـرلله بـن محمـد ابـن الاثـير, تحقيـق : د . محمـد محـى الدين عبدالحميد, مطبعة مصطفى البابى – القاهرة, 1939م, ص243 .

[116] - خۆشخوانی علا ءالدين سجادی, ل123 .

که جودا بێت له واتای وشەکانی تر))[117] . پێناسەکەی (عەزیز گەردی) هەمان پێناسەی (ابن الاثیر) ە که هەردووکیان جەخت لەسەر جیاوازی واتا دەکەنەوە, واته پێچەوانەی بۆ چوونەکەی (سوجادی) ن.

بەلای ئێمەشەوە ڕەگەزدۆزی : (ئەوەیه که دوو وشه له ڕووی شێوه و دەربڕینەوه تەواو لـه یـەك بچن, یاخود جیاوازییەکی کەم له نێوانیاندا هەبێت, بەلاّم له ڕووی ماناوە جیاوازبن) .

زانایانی ڕەوانبێژی دوو جۆری سەرەکی (ڕەگەزدۆزییان) دەستنیشان کردووه که بریتین له:

یەکەم : ڕەگەزدۆزی تەواو

دووەم : ڕەگەزدۆزی ناتەواو

**یەکـەم : ڕەگـەزدۆزی تـەواو (الجنـاس التـام)** : ئەوەیـه کـه ئـەو دوو وشـەیەی ڕەگەزدۆزییەکـه دروست دەکەن, له ڕووی ژماره و جۆر و شێوه و ڕیز بوونی پیتەکانەوه کت و مت لەیەك بچن, بەلاّم هەریەکەیان واتایەکی جیاوازییان هەبێت.

(عبـد القـادر حسـین) بـەم شـێوەیه پێناسـەی (ڕەگـەزدۆزی تـەواو) دەکـات و دەڵێـت : ((ئـەو ڕەگەزدۆزییەیه که وشەکان له ڕواڵەت و دەربڕیندا تەواو وەکو یەکبن, به بێ جیاوازی له شێوه و ڕیز بوون و ژماره و جوڵەی پیتەکاندا, بـەلاّم لـه ڕووی واتاشـەوه هەریەکـەیان واتـای سـەربەخۆی خۆیـان هەبێت))[118] . بۆ نمونه, وەفایی دەڵێت :

فنجانی دەمت ساغەره یاقووتی ڕەوانه ؟
وەك نەشئی حەیاتی دڵە، یا قووتی ڕەوانه[119] ★

شاعیر لەم دێڕەدا جوانترین وەسفی دەم و لێوی یاری کردووه, له سوری و ناسکیدا تەشبیهی کـردووه به پیاڵەی شەراب و دەڵێت : ئەو پیاڵەی شەرابه خۆشی بەخشی ژیانـەوەی دڵـه و مـن بـەو نەشـئەی

---

[117] - جوانکاری, عەزیز گەردی, ل7 .

[118] - فن البدیع, دکتور عبدالقادر حسین, دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع, القاهرة, 2009, ص119 .

[119] - دیوانی وەفایی, کۆکردنەوەی : موحەمەد عەلی قەرەداغی, لێکۆڵینەوه, لێکدانـەوه و لەسـەر نوسـینی : موحەمـەد سـەعید نـەجاری (ئاسۆ), پیاچوونەوه : عـەتا ئـوڵلاّی حـەواری نەسـەب, انتشـارات کردسـتان, سـنندج, چاپ یەکـەم, 1390 هەتاوی, ل351 .

★ لێره بەدواوه هەر نمونەیەکمان له شیعری شاعیر وەرگرتبێت, به پێویستمان نەزانیوه ئاماژه بـه دیـوانی شـاعیر و زانیارییەکانی تر بکەین, بەڵکو تەنها له تەنیشت دێڕه شیعرەکەوه ئاماژەمـان بـه لاپـەڕەی دێـڕه شـیعرەکه کـردووه, چونکه هەموو نمونه شیعرییەکان له یەك چاپی دیوانی شاعیرەوه وەرگیراون, که له پێشەوه ئاماژەمان پێداوه.

ساغەرە دەژیم و لە دیویکی ترەوە دەڵێت : دەم و لێوت خواردنێکی خۆشقووت و ڕەوانە و مەبەستێتی بڵێت لە دنیادا بە یەك جۆر لە خواردنەوەی وەك شەراب و یەكجۆر خواردنی ڕەوان و سووك دەژیم ئەویش لێو و دەمی یارە, ئەوەی كە شیعرییەتێكی مۆسیقی داوە بە دێڕەكە ئەو ڕەگەزدۆزییە تەواوەیە كە لە نێوان وشەی (یاقووت) ی نیوە دێڕی یەكەم كەمەبەستی بەردی سووری گران بەهای یاقووتە و وشەی (یاقووت) ی نیوە دێڕی دووەم كە مەبەستی خواردن یان هەر (زاد) ێكە كە خۆشقووت بێت, لەگەڵ ئامرازی لێكدەری (یا) دا, كە لە پێشی وشەی یاقووتەوە هاتووە.

(ڕەگەزدۆزی تەواوی) یش چەند جۆرێك لە خۆ دەگرێت, ئێمەش تیشك دەخەینە سەر ئەو جۆرانەی كە (وەفایی) لە شیعرەكانیدا بەكاریهێناوە.

1- ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن : ((ئەوەیە, كە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزیەكە دروست دەكەن هاوڕەسەن و لەیەك ڕەگەز بن, ئەوانیش یان (ناو) بن, یان (كردار) بن.))[120] , یان هەر شتێكی دیكە بن, بۆ نمونە :

**لە داغی زولفی یار و عاریزی وەك لالە سوتاوم**
**بە ڕەنگی لالە بۆیی داغدار و غەرقی خوێناوم      لا421**

واتە: لە حەسرەت ڕەشی زوڵفی یار و سوری ڕووخساری وەكو (لاڵە), یاخود چرا گڕم گرتووە و سور هەڵگەڕاوم, بۆیە وەكو گوڵی لالە غەرقی خوێناوم.

(لالە) ی یەكەم واتای (لاڵە, یاخود چرا) دەگەیەنێ, (لالە) ی دووەم ناوی (گوڵێكی سورە) وشەی یەكەم و دووەمیش (ناو) ن, بەم شێوەیە (ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەنی نێوان دوو ناو) یان دروست كردووە.

**لە قوببەی سینە سوتاوە دڵم بەو نارە پڕ نارە**
**برۆی پەیوەستی خستوومی منی وا خەستە پەیوەستە      لا201**

وشەكانی (نار) لە نیوە دێڕی یەكەمدا دوو جار هاتووە, لە ڕواڵەتدا وەكو یەكن, بەلام لە مانادا جیاوازن, لە یەكەمدا بە واتای ناوی (هەنار) هاتووە, كە كورتكراوەتەوە بە (نار), لە دووەمدا

---

[120] - فنون بلاغیة, ألاستاذ الدكتور زین كامل الخویسكی و دكتور أحمد محمود المصری, دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر, الاسكندریة, الطبعة الاولی, 2003, ص139 .

بەواتای (ئاگر) هاتووە, هەر دوو وشەکە (ناو) ن, بەم شێوە ڕەگەزدۆزییە دەوترێت (ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەنی نێوان دوو ناو) .

2- ڕەگەزدۆزی تەبا : ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن, لە ڕەسەندا لە یەکجیا بن, یەکێکیان ناو بێت و ئەوی دیکەیان کردار بێت, یاخود یەکێکیان ناو بێت, ئەوی دیکەیان ئاوەڵناو بێت, یاخود بە پێچەوانەوە ((ئەوەیە کە دوو وشە لە دەربڕیندا وەکو یەکبن, بەڵام لە ڕەسەندا دوو جۆری جیاواز بن یەکێکیان (ناو) بێت, ئەوی دیکەیان (کردار) بێت))[121] . لەم جۆرەی ڕەگەزدۆزی دا مەرج نیە ئەو وشانەی کە ڕەگەزدۆزیان لێ دەکەوێتەوە (ناو) و (کردار) بن, ئەمەش زیاتر لە جۆرێکی هەیە, ئەوانەی لای (وەفایی) بەدیکراون بریتین لە :

أ- دەشێ دوو وشەکان یە کێکیان (کردار) و ئەوی تریان (ناو) بێت, بۆ نمونە :

چت لە زەوقی دینی دڵبەر داوە تۆبی و دینی خۆت
تا بمێنێ دەم لە وەسڵی ئاتەشی سینا مەدە لا242

شاعیر لەم دێڕەدا دەڵێت : تۆبی و ئاینی خۆت کارت بەسەر بینینی دڵبەرەوە نەبێ, ئەگینا وەکو ئاگرەکەی توری سینا تەجەللای مەعشوق و ولأت دەتسوتێنێ.
دینی یەکەم : بە واتای (بینین) هاتووە, (کردار) ە.
دینی دووەم : بەواتای (ئاین) ەو (ناو) ە, ئەم جۆرەش پێی دەوترێت (ڕەگەزدۆزی تەبا) .

ب- دەشێ دوو وشەکان یەکێکیان (ناو) بێ, ئەوی تریان (ئاوەڵکردار) بێت, بۆ نمونە :

دەم بە خەندە یەك دەم ئەی کەششافی سیڕی لامەکان
کافیە جارێك بفەرمووی بۆ ((وەفایی)) یا غەفوور لا68

---

[121] - الجناس في اساس البلاغة للزمخشری دراسة بلاغية تحليلية, دكتور احمد هنداوی هلال, مكتبة و هبة, القاهرة, 1423ه – 2002م, ص33 .

له نیوه دێڕی یەکەمدا دوو جار وشەی (دەم) ی هێناوه لە یەکەمیاندا بەواتای ئەندامی (دەم) هاتووە, کە بەشە ئاخاوتنی (ناو) ە, بەڵام لە دووەمدا مەبەستی (تەنها جارێك) ە, کە (ئاوەڵکردار) ە, بەمەش (ڕەگەزدۆزی تەبا) یان دروست کردووە .

ج- دەشێ دوو وشەکان یەکێکیان (ناو) بێ, ئەوی تریان (ئاوەڵناو) بێ, جا کامیان پێش بکەوێ, ئاساییە, بۆ نمونە :

دەسا روحمێ وەفادارم بە حاڵی داد و هاوارم

کە وەك بولبول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت لا24

لە نیوه دێڕی دووەمدا دوو جار وشەی (زار) هاتووە, بە دوو مانای جیاواز, (زار) ی یەکەم واتای (غەمگین) دەگەیەنێت (ئاوەڵناو) ە, (زار) ی دووەم واتا (دەمی دڵدارەکەی) کە (ناو) ە, بەمەش (ڕەگەزدۆزی تەبا) دروست بووە .

لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت :

قوربانیە ئەو ماهە تەمامە وەرە قوربان

قوربانی سەرت بم بە دڵ ئەو ماهە تەمامە لا212

شاعیر زۆر بە جوانی لەم دێڕەی سەرەوەدا وتوویەتی : لەم مانگەدا کە جەژنی قوربانە بە تەمام خۆم بە قوربانی ئەو مانگی ڕووخسارەی تۆ بکەم کە دەڵێی مانگی تەواوە لە شەوی چواردەدا .
(تەمامە) ی یەکەم واتا (بە تەمام, خەیاڵم هەیە, نیازم هەیە) کردارە, (تەمامە) ی دووەم واتا (تەواوە) ئاوەڵناوە, ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییەش پێی دەوترێت (ڕەگەزدۆزی تەبا) .

3- ڕەگەزدۆزی ئاوێتە : ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیەی یان ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن ناسادە بن, واتە لە دوو وشەی لێکدراو, یاخود هەریەکەیان لە وشەیەکی سادە و پارچەیەکی وشەیەکی دیکە پێکهاتبێ .

(عەبدولسەلام سالار) یش پێیوایە ئەم جۆرە (ڕەگەزدۆزییە) بەم دوو شێوەیەیی خوارەوە دەبێت : (( أ- وادەبێ ئەو دوو وشەیە یان ئەو وشانەی کە هاوبێژ دەبن لە خوێندنەوە و

نوسیندا وەكو یەك بن. ب- وا دەبێ ئەو دوو وشەیە یان ئەو وشانەی هاوبێژ دەبن یان لە خوێندنەوەدا یان لە نوسیندا جیاواز بن))[122].

لە تەواوی دیوانەكەی (وەفایی) دا تەنها دێڕە شیعرێكمان بەدی كرد لەم جۆرە كە لە نوسین و خوێندنەوەدا وەكو یەك بن, ئەویش :

**یار هاتەوە دەست و دڵی خۆم گرت و بەسەرچووم**

**جان قابیلی جانان نە بوو نەمزانی بەسەرچووم** لا432

لەم دێڕەدا لە نێوان هەردوو وشەی (بەسەرچووم) دا ڕەگەزدۆزی تەواو كەوتووەتەوە, هەردوو وشەكە ناسادەن و یەكەمیان بە واتای (لە سەر سەر چووم) و دووەمیان بە واتای (فریودان) هاتووە, ئەم جۆرەش پێی دەوترێت (ڕەگەزدۆزی ئاوێتە), ئەم دوو وشەیە بوونەتە قافیەی دێڕەكە و ئاوازێكی دەرەویان بە دێڕە شیعرەكە بەخشیوە.

4- **ڕەگەزدۆزی ساوێتە :** ئەمە لە عەرەبیدا (الجناس المركب المرفو) ی پێدەوترێت, ئەوەیە كە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەكە دروست دەكەن یەكێكیان سادە بێ و ئەوی تریان ناسادە بێت, هەندێكجار لە خوێندنەوە و نوسیندا وەكو یەكن هەندێكجاریش جیاوازن, بەلام هەریەكەیان واتایەكی سەربەخۆ و جیاوازییان هەیە, واتە ((ئەوەیە كە دوو وشەكان یەكێكیان سەربەخۆ بێت و ئەوی دیكەیان لە وشەیەكی سادە و پارچە وشەیەك پێكهاتبێت))[123], هەندێكجار دوو وشەكان یاخود وشە ناسادەكە پێكەوە لكاون, یاخود لەیەك جیان, بۆ نمونە :

**ڕۆحم بە فیدات ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە**

**لوتفت هەبێ ڕوو وا بكە مەقسودی مە, دینە** لا233

(مەدینە) ی یەكەم وشەیەكی سادەی سەربەخۆیە, مەبەستی (شاری مەدینە) یە, (مەدینە) ی دووەم وشەیەكی نا سادەیە (مە) جێناوی كەسی سەربەخۆیە, (دینە) ش لە (دین) كە ناوە + (ە) ی كاری ناتەواوە پێك هاتووە, بە واتای (ئێمە ئاینە) هاتووە, بەوەش (ڕەگەزدۆزی ساوێتە) بەرهەمهاتووە .

---

[122] - هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا, عەبدولسەلام سالار, ل142 .

[123] - علم البدیع و دلالات الأعتراض في شعر البحتری, د . مختار عطیة, دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر, اسكندریة – مصر, دون تارخ طبع, ص132 .

دووەم : ڕەگەزدۆزی ناتەواو (الجناس الناقص) :

بەشێکی گرنگی ڕەگەزدۆزییە ((ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیە یان ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن لە یەکێ لە ڕووەکانی وەکو ڕیزی پیتەکان, شێوە, جۆر, ژمارەی پیتەکاندا لە یەکدی جیا بن))[124] , ئەم جۆرەیان دوو وشەکان یاخود ئەو وشانەی کە ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن, کت و مت وەکو یەك نین, دەبێت جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەبێت, دەشێ جیاوازییەکە کەم بێت و دەشێ هەندێك جار جیاوازییەکە زۆر بێت, بەلاّم لە ڕووی واتاوە هەریەکەو واتای سەربەخۆی هەبێت.

زانایانی ڕەوانبێژی بە پێی تایبەتمەندی زمانەکانیان هەریەکەو چەند جۆێك لەم ڕەگەزدۆزییەیان دەست نیشانکردووە, زانایانی ڕەوانبێژی کوردیش ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییەیان بەسەر چەند شێوەیەکدا دابەش کردووە, ئێمەش لێرەدا ئەو جۆرە (ڕەگەزدۆزییە ناتەواو) انە دەخەینەڕوو کە لە شیعرەکانی شاعیردا بە دیمانکردووە, ئەوانیش بریتین لە :

1- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا : ((بریتی یە لە بوونی دوو وشە, کە ژمارە و شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەك یەك بێ, بەلاّم لە یەکێ لە پیتەکانیان لە یەکتری جیاواز بن))[125] , ئەم جیاوازییەش لە سەرەتا, یان لە کۆتایی وشەکان دەبن, بۆ نمونە :

لێوی ئاڵت چاوی کاڵت بوونە فیتنەی دین و دڵ

حەقیەتی باللە – ((وەفایی)) دەست لە ئیمان بەردەدا لا33

(ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا) لەم دێڕەدا لە نێوان وشەکانی (ئاڵ) و (کاڵ) دا کەوتووەتەوە و ناتەواویەکەش لەوەدایە کە جیاوازن لە جۆری پیتێکیاندا و جیاوازییەکەش لە سەرەتای وشەکاندا هاتووە, لە وشەی یەکەمدا (ئ) ەو لە وشەی دووەمدا پیتی (ك) ە .

فەرمووی : چ کەسی ؟ کەوتمە بەر پێی کە ((وەفایی)) م

قوربان چ بوو عومرێکە لەلەت بووم و لەلات بووم لا432

[124] - الوافي في تيسير البلاغة (البديع – البيان – المعانی), دكتور حمدی الشيخ, المكتب الجامعی الحديث, 2004, ص51 .

[125] - جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی, د . ئیدریس عەبدوڵلاّ, چاپخانەی هێڤی, هەولێر, چاپی یەکەم, 2012, ل19 .

لەم دێڕەدا یار بە (وەفایی) دەڵێت : تۆ کێی؟ لە وەڵامدا (وەفایی) دەڵێت : من (وەفایی) م کە تەمەنێك تۆم بەخێو کرد بە منداڵی.
(لەلە) : پیاوێك کە کوڕی ماڵە دەوڵەمەند بەخێودەکات، لەبەرامبەردا (دایەن) هەیە، کە ئافرەتە و منداڵ بەهەردوو ڕەگەزەوە بەخێودەکات.
لێرەدا ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی جودا) لە نێوان هەر دوو وشەی (لەلە) و (لەلا) دا کەوتووەتەوە, ناتەواویەکەش لەوەدایە کە هەردوو وشەکە جیاوازن لە جۆری پیتێکیاندا کە لە کۆتاییدا و لە وشەی یەکەمدا (ە) ەو لە وشەی دووەمدا (ا) ە .

**گوتی : ڕووم وا دەکەم تێرم ببینی, چاوەڕێم داخۆ**
**لە لای قیبلەم کە کەی بای وەعدە بێنی نەستەر بێنێ؟ لا338**

ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی جودا) لە نێوان هەردوو وشەی (بێنی) و (بێنێ) دا کەوتوەتەوە, ناتەواوییەکەش لەوەدایە کە جیاوازن لە جۆری پیتی کۆتاییاندا, لە یەکەمدا (ی) ەو لە وشەی دووەمدا پیتی (ێ) ە, جوانی ئەم هونەرە لەم دێڕەدا لەوەدایە یاری بە شەپۆلە دەنگییەکان کردووە و لە یەکەمدا (بێنی) ئاوازەکەی کورتە و زوو کۆتایی دێت, بەڵام لە دووەمدا (بێنێ) درێژ کردنەوەی دەنگی تیادایە.

2- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد : ئەم جۆرەشیان ئەوەیە کە ((ئەم دوو وشەیەی کەوتوونەتە بەر کاریگەری ڕەگەزدۆزی جۆر و شێوە و ڕیزی پیتەکانیان یەك بێ, بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێ, یەکێکیان پیتێك یان دوو پیت لەوەی تر پتر بێت, هەر لەبەر ئەمەشە پێی دەگوترێت ڕەگەزدۆزی زیاد))[126] . ئەم زیادەیەش بەپێی ژمارە و شوێنی پیتەکان لە وشەکاندا دەگۆڕێت, هەندێکجار زیادیەکە دەکەوێتە سەرەتا, یاخود ناوەڕاست, یان کۆتای وشەکەوە, زیادییەکەش بە وشەیەك, یاخود زیاتر دەبێت .

[126] - ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری), عەزیز گەردی, ل17 .

أ- ئەگەر زیادیەکە کەوتە سەرەتای وشەوە پێی دەوترێت (ناتەواوی زیادی موتڕیف), ئەویش ئەوەیە ((کە دوو وشەکان یەك یان دوو پیتی سەرەتای لە وشەکەی دیکە زیاتر بێت))[127] , بۆ نمونە :

زوڵفت خەتاکار بوو چاوت برۆی داخست

با بچین ماچ کەین دەستی شای چین و ماچین لا81

(بچین) بە یەك پیتی سەرەتای وشە لە وشەی (چین) زیاترە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی زیادی موتڕیف) دروست بووە .

لێوی یاقووتت ئەگەر قووتی ڕەوانی عاشقە

پێم بڵێ وەجهی چییە ئاگر لە ئینسان بەردەدا لا32

ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی زیادی موتڕیف) لەم دێڕەدا لە نێوان وشەکانی (یاقووت) و (قووت) دا کەوتووەتەوە, چونکە وشەی یەکەم دوو پیتی سەرەتای لە وشەی دووەم زیاترە, کە پیتەکانی (ی, ا) ن.

ب- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی موکتەنیف : ئەم جۆرەیان لە عەرەبیدا (الجناس المكتنف, أو الزائد) ی پێدەوترێت, بەشێکە لە ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی زیاد), ئەوەیە کە ((دوو وشەکان, یەکیان بە پیتێك یان دوو پیتی ناوەڕاستی لە وشەکەی دیکە زیاتر بێت))[128] , بۆ نمونە :

یاقووتی لە بانت بە کەرەم بێنە تەبەسسوم

بۆ تەن ئەوەیە قووەت و بۆ دڵ ئەوە قووتە لا202

ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موکتەنیف, لە نێوان هەردوو وشەی (قووەت) و (قووت) ە دا کەوتووەتەوە, کە وشەی یەکەم پیتێکی لە وشەی دووەم زیاترە و ئەو زیادییەش کە لە ناوەڕاستی وشەکەدا هاتووە .

---

[127] - فنون بلاغية, د . محمد أبو شارب, د . أحمد المصري, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, اسكندرية, مصر, الطبعة الأولى, 2003, ص151 .

[128] - لایەنە ڕەوانبێژیەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی, د . ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا, چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر, 2011, ل233 .

ئەلئەمان سەرتا قەدەم سووتاوم و جانانم نەهات

چاو لە سورمەی خاکی ڕێ بووم, ڕاحەتی جانم نەهات      لا16

ڕەگـەزدۆزی ناتـەواوی زیـادی موکتـەنیف, لـە نێـوان هـەردوو وشـەی (جانـانم) و (جـانم) دا کەوتووەتەوە, کە وشەی یەکەم بـە دوو پـیتی (ا , ن) لـە وشـەی دووەم زیـاترە و زیادییەکـەش لـە ناوەڕاستی وشەکەدا هاتووە .

ج- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پاشکۆدار : ئـەم جۆرەیـان لـە عەرەبیـدا (الجنـاس المـذیل) ی پێـدەوترێت ((بەشـێکە لـە ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو, ئەوەیـە کـە ئـەو دوو وشـەیەی ڕەگەزدۆزییەکـەیان لـێ دەکەوێتەوە, یەکێکیان بە پیتێك, یان دوو پیتی کۆتای لـە وشـەکەی دیکـە زیـاتر بێـت))[129] . لـەم جۆرەیاندا مـەرج نیـە بـە پیتێـك یـان دوو پیـت زیادییەکـە ڕوو بـدات، هەنـدێکجار ڕەگەزدۆزییـە زیادەکە بە سێ پیتیش دەبێت لە کۆتایی وشەکەدا.

شاعیر دەڵێت :

بە ئاه و گریان دیسان, هاتەوە هەوری نیسان

جگەر پڕ ئاو و ئاور, وەك عاشقی بێ قەرار      لا20

لـە نێـوان وشـەی (ئـاو) و (ئـاور) دا ڕەگـەزدۆزی (ناتـەواوی پاشـکۆدار) کەوتووەتـەوە, وشـەی دووەم پیتێکی لە وشەی یەکەم زیاترە و زیادییەکەش کەوتووەتە کۆتای وشەکەوە .

ئەی چرا لەحزێك مودارا تێر ببینێ ڕەنگ و ڕووت

وەرنە پەروانەی غەریب جان و دڵی پەروا نییە      لا266

(وەفایی) بە چرا دەڵێت : ئەی چرا تۆزێك ئارام بگرە با پەروانە تۆزێك ڕووخسارت ببـینێ, خـۆ ئـەو باکی بە گیان و دڵ نیە هەر پێی خۆشە بتبینێ.

لـە نێـوان وشـەی (پەروانـە) و (پـەروا) دا ڕەگـەزدۆزی (ناتـەواوی پاشـکۆدار) کەوتووەتـەوە, وشـەی (پەروانە) دوو پیتی لە وشەی (پەروا) زیاترە و زیادییەکەش لە کۆتای وشەکەدا هاتووە .

---

[129] - معجم البلاغة العربية, الدكتور بدوی طبانة, دار المناره للنشر والتوزيـع جدة و دار ابـن حـزم – بـيروت, الطبعـة الرابعة, 1419ه – 1997م, ص237 .

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**باغەبان بۆ خۆی کە هات ئارایشی گوڵزاری دا**

**خاری مسکین تۆ بڵێی چ بکا گوڵی ڕەعنا نەبوو     لا463**

واتە : باغەوان کاتێك خزمەتی گوڵ دەکات, دڕك چ تاوانێکی هەیە وەکو گوڵ جوان نییە.
لە نێوان وشەی (گوڵزار) و (گوڵ) دا ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی پاشکۆدار) کەوتووەتەوە, وشەی (گوڵزار) سێ پیتی لە وشەی (گوڵ) زیاترە و زیادییەکەش لە کۆتایی وشەکەدا هاتووە .

3- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها : ((ئەو ڕەگەزدۆزییەیە, کە دوو وشەکانی لە ژمارە و شێوە و ڕیز بوون و جۆری پیتەکانیان دەشێ لێکجیا بن, بەڵام هەردووکیان یەك ڕەگیان هەیە))[130] , مەبەست لە بوونی یەك ڕەگ, ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن, یەك سەر چاوەیان هەبێت, بۆ نمونە :

**تا هەوری بەهاری نەبزووت غونچە نەپشکووت**

**بۆیە دەگریێ خەندە بەسەر گریەیی مندا     لا22**

وشەکانی (دەگریێ) و (گریەیی) لە ڕووی شێوە و جۆر و ڕیز بوونی پیتەکانیان لە یەکجیان, بەڵام یەك ڕەگ و سەرچاوەیان هەیە, ئەویش چاوگی (گریان) ە , بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی ڕەها) دروست بووە .

**وەرە بنوێنە خۆت بمکوژە قوربان**

**بە دینێك کوشتنی عاشق سەرابە     لا203**

وشەکانی (بمکوژە) و (کوشتنی) لە ڕووی شێوە و جۆر و ڕیز بوونی پیتەکانیان لە یەکجیان, بەڵام یەك ڕەگ و سەرچاوەیان هەیە, ئەویش چاوگی (کوشتن) ە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی ڕەها) دروست بووە .

---

[130] - جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی, د . ئیدریس عەبدوڵڵا, ل22 .

4- ڕەگـەزدۆزی ناتـەواوی هـاوکێش : ئەوەیـە کـە ئـەو دوو وشـەیەی ڕەگەزدۆزییەکـەیان لـێ دەکەوێتەوە, ئەگەرچی لە ڕووی شێوە و جۆری پیتەکانەوە لە یەك جیا بن, بـەلاّم یـەك کێشـیان هەبێت, جیاوازییەکەش لە نێوان وشەکاندا لـە دوو پیـت کـەمتر نـەبن, جیـاوازی شـێوە و جـۆر و ژمارەی پیتەکان مەرجە پیتە نەبزوێنەکان بگرێتەوە لە هەر دوو وشەکەدا, دەبێت ژمارەی بڕگە و کورت و درێژی لە ئاستی دەنگسازیشدا لە هەر دوو وشەکەدا وەکو یەك بن .

لە کتێبی (کوردۆلۆجی) دا کە لەلایەن ئیدریس عەبدوڵلاّ و چـەند نوسـەرێکەوە نوسـراوە, لـە بارەی ئەم جۆرەوە دەڵێن : ((بریتی یە لە بـوونی دوو وشـە, ئەگـەر چـی زۆربـەی پیتـەکانیان لـە یەك جیابێ, بەلاّم لەسەر یەك کێش بن))[131] , بۆ نمونە :

**نیگارا ئەی بە غەمزە ئافەتی دڵ, چاوی بیمارت**

**ئەمان سەر تا قەدەم سووتاوم لە دووری نوری دیدارت لا20**

هەر دوو وشەی (بیمـارت) و (دیـدارت) ئەگەرچـی لـە زۆربـەی پیتـەکانیان لێکجیـاوازن, بـەلاّم لـە ڕووی ژمـارەی پیتـەکانیان و ئـەو کێشـەی هەیانـە, هـاو پیـت و هـاو کێشـن هـەموو مەرجـەکانی سەروشیان تیا هاتووەتە دی, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی هاوکێش) بەرهەمهاتووە, جوانی ئـەم هونەرەش لەوەدایە هەر دوو وشەکە بوونەتە واژەی قافیەی دێڕە شیعرەکە.

**سەدای یاحەیی دەروێشان, نەوای یاهوویی دڵڕێشان**

**لە دەوری خانەقادا بوو بە جسیم و ئیسمی عەنقاکەم لا432**

واتە : کۆڕ و زیکر و تەهلیلە و هاواری دەروێشان وەکو باڵندەی سیمورخی لێ هـاتووە, هـەر نـاوی ماوە و بوونی نیە .

هەر دوو وشەی (سەدای) و (نەوای) ئەگەر چی لە دوو پیتی یەکەم و سێیەمدا لێکجیاوازن, بەلاّم لـە ڕووی ژمـارەی پیتـەکانیان و ئـەو کێشـەی هەیانـە هاوکێشـن, بـەوەش ڕەگـەزدۆزی (ناتـەواوی هاوکێش) بەرهەمهاتووە, (عەنقا واتا سیمورغ, ناوی باڵندەیەکی خەیاڵییە تەنها ناوی هەیە کە لە ڕاستیدا بوونی نیە) .

---

[131] - کوردۆلۆجی, ئیدرس عەبدوڵلاّ و نوسەرانی تر, چاپخانەی منارە, هەولێر, چاپی یەکەم, 2009ز, ل139 .

**ئاخر زەمانی هیجرەتە, دەور و دووکانی فیترەتە**

**وەقت و ئەییامی غیرەتە تۆ دلگوشا, من موحتەجەن   لا423**

(هیجرەت) و (فیترەت) ە ئەگەرچی دوو پیتی یەکەم و سێیەمیان لێکجیا بن, بەلاّم لە ڕووی ژمارەی پیتەکانیان و ئەو کێشەی هەیانە هاوکێشن, جیاوازییەکەش لە پیتە نەبزوێنەکاندایە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی هاوکێش) بەرهەمهاتووە .

5- **ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی :** جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواو, زۆر کات شاعیر بۆ ڕازاندنەوەی ڕووخساری شیعری پەنا دەباتە بەرئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە, مەودای داهێنانی فراوانە و هەندێکجاریش پەل بۆ وشەکانی پاش و پێش خۆی دەهاوێژێ, (وەفایی) یش یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکیانەی هەندێکجار بۆ ڕازاندنەوەی ڕووخساری شیعرەکانی ئەم هونەرەی بەکارهێناوە .

(عبدالعزیز عتیق) لە بارەی ئەم جۆرە هونەرەوە دەڵێت : ((ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیەیی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن, لە ڕووی ڕیز بوونی پیتەکانەوە پێچەوانەی یەکبن))[132] .

واتە : بریتی یە لە بوونی دوو وشە کە لەڕووی ژمارە و جۆری پیتەکانەوە وەکو یەك بن, بەلاّم لە ڕووی ڕیز بوونی پیتەکانەوە تەواو پێچەوانەی یەك بن، بۆ نمونە وەفایی دەڵێت :

**حوری عین, روحو لقودوس, یاخۆ مەلایك یاپەری**

**یا ئە تۆ بووی وا خەرامان هاتی روحم هاتە بەر     لا62**

(حور) و (روح) دوو وشەن ژمارەی پیتەکان و جۆری پیتەکانیان وەکو یەکن, بەلاّم لە ڕیز بوون و شێوەدا لێکجیا بوونەتەوە و تەواو پێچەوانەی یەك ڕیز بوونە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی پێچەوانە) بەرهەمهاتووە .

**دوعای رەد و قەبووڵ دەرحەق بە زوڵفی کرد و گیرا بوو**

**ئیلاهی تێك نەچێ عومری باغەبانی من !     لا483**

---

[132] - في البلاغة العربية علم البديع, الدكتور عبدالعزیز عتیق, ص211 .

(ڕەد) و (دەر) دوو وشەن ژمارەی پیتەکانیان و جۆری پیتەکانیان وەکو یەکن, بەڵام لە ڕیز بوونی شێوەدا لێکجیا بوونەتەوە و تەواو پێچەوانەی یەك ڕیز بوونە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی پێچەوانە) بەرهەمهاتووە, (ڕەد واتا گیرا نەبوون, یان ڕەتکراوە) .
شاعیر لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا زۆر بە جوانی ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و دەڵێت :

**بۆ کوشتنی من دەست مەدە خەنجەر, بە فیداتم**
**لەو خونچە گوڵی وەك دەمە یەك ماچی تەمامە لا214**

(وەفایی) بە یارەکەی دەڵێت : بۆ کوشتنی من پێویست ناکات دەست بۆ خەنجەر ببەیت, ئەگەر لە خونچەی دەمت ماچێکم پێ بدەیت، لە خۆشیا دەمرم.

وشەکانی (مەدە) و (دەمە) هەریەکەیان لە چوار پیت پێك هاتوون, لە ڕووی شێوە و ژمارە و جۆری پیتەکانەوە یەکن, بەڵام لە ڕووی ڕیز بوونی پیتەوە, پیتەکانیان پێچەوانەی یەکتری ڕیز بوونە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی پێچەوانە) بەرهەمهاتووە .

3- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی : ((بریتی یە لە بوونی دوو وشە, کە دووەمیان کەرتی یەکەمیانە, واتە : وشەی دووەم لە ڕووی ژمارەی پیتەکانەوە لە وشەی یەکەم کەمترە, کە ئەوەش وابێت, کە وابێ واتای هەر دوو وشەکەش لە یەکتری جیادەبنەوە و هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆی دەبێت, دیارە لێرەدا بەلای هەندێ لە ڕەوانبێژانی عەرەب و کوردیش مەرج ئەوەیە وشەی کەرتکراو لە پێشەوە و ئەو کەرتە وشەی لێشی کراوەتەوە راستەوخۆ بە دوای خۆیدا بێتەوە, بێ ئەوەی هیچ وشە و دەستەواژەیەك نێوانیان بکات))[133] .
لەم جۆرە ڕەگەزدۆزییەدا خوێنەر کاتێك لە خوێندنەوەی وشەی یەکەم دەبێتەوە, دێتە سەر وشەی دووەم, وا هەست دەکات کە هەمان وشەکەی پێشووە دووبارە بووەتەوە, بەڵام کاتێك لە خوێندنەوەی دەبێتەوە ئەو کات هەست بەوە دەکات کە هەریەکەیان دوو وشەی سەربەخۆن و ئاواز و مانای سەربەخۆ و کاریگەری خۆیان هەیە, بۆ نمونە :

**ئەمن نەم دیوە هیندوو باغەبانی باغی جەننەت بێ**
**بە شیرینی چ دڵکێشە ؟ بنازم خاڵی ڕوخسارت لا24**

[133] - لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادر کۆیی, د . ئیدریس عەبدوڵلا, ل233 .

وشـەی (باغـەبان) کـەرتکراوە, ڕاسـتەوخۆ وشـەی (بـاغ) ی لـە دواهێنراوەتـەوە, بـەوەش ڕەگـەزدۆزی (ناتەواوی کەرتی) بەرهەمهاتووە .

**عەکسی ڕووی ئارایشی زولف خەت و خالآن دەدا**

**وەك لە گوڵشەن گوڵ چرابێ, سونبول و ڕەیحان چراغ**      **لا66**

وشەی (گوڵشەن)  کەرتکراوە و ڕاستەوخۆ وشەی (گوڵ) ی بـەدوادا هێناوەتـەوە, هەریەکـەیان وشـەی سەربەخۆن و مانای جیاوازیان هەیە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی کەرتی) بەرهەمهاتووە .

**بۆیە سوتاوم ئەمن عاشقی بەد ناوم ئەمن**

**دڵەکەم غەمزەدەیی غەمزە و نازی پەرییە**      **لا223**

وشەی (غەمزەدە) کەرتکراوە و ڕاستەوخۆ وشەی (غەمزە) ی لە دواهێنراوەتەوە, بەوەش ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی کەرتی) بەرهەمهاتووە .

## باسی دووەم

## هێنانەوە (التصدیر)

یەکێکی تر لە هونـەرەکانی جوانکاری هێنانەوەیـە, کـە لـە عەرەبیـدا (رد العجـز علـى صـدر) یـاخود (التصـدیر) ی پێـدەگوترێت, لـەلای کـوردیش (هێنانـەوە) و (دوابەسـەر) ی پێـدەگوترێت, زانایانی ڕەوانبێژیش لێی دواون و بە پێی زمانەکانیان پێناسەی وردیان بۆ کردووە .

(السکاکی) یش لە پێناسەی (هێنانەوە) دا دەڵێت : ((ئەوەیە کە یەکێ لەو وشە دووبارە بووە, یا لێکچووە لـە کۆتـای دێـڕدا هاتبێـت و ئـەوی تـر لـە پێشیەوە هاتبێـت و لـەم پێـنج شـوێنانەدا, سەرەتا, ناوەڕاست یان کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم یا سەرەتا یان ناوەوەی دێڕی دووەمدا))[134] .

هـەروەها (عـەزیز گـەردی) یـش بـەم شـێوەیە پێناسـەی ئـەم هونـەرە دەکـات و دەڵێـت : ((هێنانەوە لە هۆنراوە و لە پەخشاندا دەبێت, بریتی یە لەوەی کە هۆنەر یـا نووسـەر ووشـەیەك لـە سـەرەتا یـا ناوەڕاسـتی هەڵوێسـت یـا دێـرە هۆنراوەیـەك بـێنێ پاشـان هـەمان ووشـە لـە کۆتـای هەڵوێستەکە یا دێرە هۆنراوەکە بێنێتەوە))[135] .

بـە پێـی ئـەو پێناسـەیەی سـەرەوە هێنانـەوە : بریتییـە لـە هێنانـەوەی وشـەیەك لـە سـەرەتا, یـان ناوەڕاست, یان کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم, یاخود سەرەتا و ناوەڕاستی نیـوە دێـڕی دووەم, هـەمان ئـەو

---

[134] - مفتاح العلوم, السکاکی, ص191 - 192 .

[135] - جوانکاری, عەزیز گەردی, ل43 - 44 .

وشەیەی یاخود وشەیەکی هاوڕەگەز یان هاو واتای خۆی لە کۆتایی دێڕەکە هێنرابێتەوە . ئەمەش هەندێکجار شاعیر بۆ جەختکردنەوەی واتایی وشەیەك کە لە پێشدا هاتووە, یاخود بۆ خستنەڕووی توانایی زمانی ئەو زمانەیە کە شیعرەکەی پێ نووسراوە, لە ڕووی هاو واتای و فرەواتاییەوە .

زانایانی ڕەوانبێژیش بەپێی هاوشێوەیی و هاوڕەگەزی وشە هێنراوەکان و شوێنی وشەکان لە دێڕەکەدا چەند جۆرێکی هێنانەوەیان دەست نیشان کردووە, ئێمەش تیشك دەخەینە سەر ئەو جۆرانەی کە لە شیعرەکانی ((وەفایی)) دا بەدیمان کردووە ئەوانیش بریتین لە :

یەکەم : هێنانەوەی هاوشێوەیی هاوواتا: واتە ئەو وشەیەی کە لە سەرەتایی, یاخود ناوەڕاست و کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم, یاخود لە سەرەتا و ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە, لەگەڵ ئەو وشەیەیی کە لە کۆتایی دێڕەکەدا هێنراوەتەوە هاوشێوە و هاو واتا بن ، بۆ نمونە :

1- وشەی یەکەم لە سەرەتایی نیوە دێڕی یەکەم :

**من و سەودای سەری زوڵفت لەسەر تاقی برۆت حاشا**

**عەزیزم ئەهلی قیبلەم کافری دوورە لەزاتی من** لا426

جێناوی سەربەخۆی (من) لە سەرەتایی نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا بە هەمان مانا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە, ئەمەش بۆ زیاتر جەختکردنەوە و وە بیر هێنانەوەی (من) ە .

**سەر خاڵییە لە مەعریفەت و دڵ لە ئەهلیەت**

**بیلا نە دڵ دڵی منە, حاشا نەسەر سەرە** لا228

(سەر) لە سەرەتایی دێڕەکەدا هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاوواتا) بەرهەمهاتووە .

2- وشەی یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەم :

**تا بادی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم**

**سەد جێ وەکوو بولبول لە جگەر داغی خەزانم لا446**

(خەزان) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە .

**بە هەر سیحرێکی بوو هەر وەك ((وەفایی)) کوشتمت, ئاخر**

**ئەگەر ئەندازەیی نازت, ئەگەر نا میهرەبانی بوو لا462**

(بوو) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە .

3- وشەی یەکەم لە کۆتای نیوە دێڕی یەکەم :

**شەو لە خەودا من چرا بووم دڵ چرا بوو جان چراغ**

**ئەی لەبەر عەیشی شەوی دی جان چرا جانان چراغ لا62**

(چراغ) لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە .

**گەردشی چاوت قەراری عاشقی مسکین دەبا**

**ساحیری چاو بەستە, ئاری, دڵ دەکێشێ دین دەبا لا48**

(دەبا) لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە .

4- وشەی یەکەم لە سەرەتایی نیوە دێڕی دووەم :

**(یا ڕسول الله) دەزانی تۆ کە شەیتانە عەدووت**

**هەم لە تۆ مەعلوومە ئەمنیش ئوممەتی تۆم هەرچی هەم لا424**

(هەم) لە سەرەتایی نیوە دێڕی دووەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە .

5- وشەی یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم :

**نامەوێ عەیشی جیهان حاشا لە فیردەوسی بەرین**
**تۆی مورادی دین و دونیام, ناری خۆت, ئەنواری خۆت لا84**

(خۆت) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە, شاعیر بۆ جەختکردنەوە لە وشەی (خۆت) لە کۆتایی دێڕەکەدا هێناویەتەوە .

**بولبول سیفەت هەر لەحزە لە دەوری گوڵی زارت**
**ناڵینمە هەی ڕۆ! گوڵەکەم ڕۆ! دڵەکەم ڕۆ! لا200**

(ڕۆ) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا هێنراوەتەوە, بەوەش هێنانەوەی (هاوشێوە و هاو واتا) بەرهەمهاتووە .

دووەم : هێنانەوەی هاوڕەگەزی : ئەو جۆرە هێنانەوەیە کە وشەیەك, یاخود زیاتر لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم, یاخود لە سەرەتا و ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم هاتووە, لە کۆتایی دێڕەکەش وشەیەك هێنراوەتەوە, کە لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆك و واتاوە لە وشەکانی پێش خۆی جیاوازە, بەڵام هاوڕەگەزن و یەك ڕەگی فەرهەنگیان هەیە، بۆ نمونە :

1- وشەی یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەم :

**قوربانی ئەو ڕەنگەم دونیای ڕەنگاند ڕەنگ ڕەنگ**
**بەو ڕەنگە بێ ڕەنگەی ڕوخسارەی ڕەنگینت لا82**

وشەی (ڕەنگاند) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە و وشەی (ڕەنگینت) یش لە کۆتایی دێڕەکەدا هێنراوەتەوە, ئەم دوو وشەیە کت و مت وەکو یەك نین, بەڵام لە ڕەگەز و بنەڕەتدا یەکن ئەویش (ڕەنگ) ە, بەوەش هێنانەوەی (هاوڕەگەز) بەرهەمهاتووە .

2- وشەی یەکەم لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم :

بۆ نموونە وەفایی شاعیر دەڵێت:

**هەتا نەگریم نەڕوا سەبرم, دامانی یار کەنگێ بگرم**

**لەبەر عەمری قومری بمرم, سەروی لە نێو کەناری گرت** لا21

کرداری (بگرم) لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە و کرداری (گرت) یش لە کۆتایی دێڕەکەدا هێنراوەتەوە, ئەم دوو وشەیە هەر دووکیان کردارن هەر چەند کت و مت وەکو یەك نین, بەڵام یەك ڕەگ و سەرچاوەیان هەیە, ئەویش چاوگی (گرتن) ە, بەوەش هێنانەوەیەکی جوانی (هاوڕەگەز) بەرهەمهاتووە .

3- وشەی یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم :

**وەکو نەی کون کونە جەرگم لە تاو هیجرانی تۆ بۆیە**

**بە سۆزی نەی دەسووتێم و بە ناڵەی نەی دەناڵێنم** لا422

(ناڵە) ناوێکی واتاییەو لە ڕەگی (ناڵین) ەوە وەرگیراوە, لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەشدا (دەناڵێنم) هێنراوەتەوە, کە کرداری ڕانەبردووە و ڕستەیەکە, لە چاوگی (ناڵاندن) ەوە هاتووە, بەڵام لە بنەڕەتدا لە چاوگی (ناڵین) ەوە هاتووە و پاشگری (اندن) ی خراوەتەسەر بۆ ئەوەی ببێت بە تێپەڕ, کەواتە هەر دوو وشەکە لە بنەڕەتدا یەك ڕەگ و سەرچاوەیان هەیە, بەوەش هێنانەوەی (هاوڕەگەز) بەرهەمهاتووە، بۆ ئەمەش جوانکاری و مۆسیقایەکی پەخشیوە بە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم.

## باسی سێیەم

## کەرتکردن (التشطیر)

(کەرتکردن) لە عەرەبیدا (التشطیر) ی پێدەگوترێت, یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییانەی کە رۆڵێکی گرنك دەبینێ لە ڕازاندنەوەی ڕوخساری شیعری و پێدانی شعرییەت بە دەق, ئەمەش لە رێگای ئەو کەرتە سەروادارانەوە, بەدەر لە سەروای گشتی هۆنراوەکە و هۆکاریشن بۆ دروست بوونی مۆسیقای ناوەوە .

(پولص عواد) لە پێناسەی کەرت کردن دا دەڵێت : ((ئەوەیە کە شاعیر هەر دوو نیوە دێڕی شیعرێك سەروادار بکات بە شێوەیەك کە جیاواز بێت لەگەڵ سەروای کۆتایی دێڕەکەدا))[136] .

(عەبدولسەلام سالار) یش لە پێناسەی کەرت کردن دا دەڵێت : ((دابەش کردنی هەر دێڕە یان نیوە دێڕە شیعرێکە بە چەند کەرتێکی سەروادارەوە و سەرباری بوونی سەروای گشتی شیعرەکە ئەو کەرتانە هاوسەروا دەبن و زۆر جاریش هاوکێش دەبن))[137] . بە پێی ئەم پێناسەیەی (عەبدولسەلام سالار) و زۆرێك لە زانایانی ڕەوانبێژی هەموو جارێك کەرتە هاوسەرواکان هاوکێش نابن بۆیە و بە گشتی (کەرت کردن) یان بەسەر دوو شێوەدا دەست نیشان کردووە, ئەوانیش :

---

[136] - العقد البدیع في فن البدیع, بولص عواد الخوري, مطبعة العمومیه الکاثولیکیة, بیروت, 1933م, ص73 .

[137] - هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا, عەبدولسەلام سالار, ل159 .

یەکەم : کەرتکراوی هاوکێش

دووەم : کەرتکراوی بێ هاوکێش

**یەکەم : کەرتکراوی هاوکێش:**

بریتی یە لە دابەشکردنی دێڕە شیعرێك, یاخود نیوە دێڕێك بۆ چەند کەرتێکی سەربەخۆ, هەریەکە لەم کەرتانە هاوسەروا و یەکسان بن لە ژمارەی بڕگە و لەسەر یەك کێش داڕێژراو بن . ((ئەو کەرتکراوەیە, کە شاعیر دێت دێڕەکەی بە هاوکێشی و یەکسانی بەسەر چەند کەرت و هەڵوێستەیەکی وەك یەك لە ژمارەی بڕگەکانیان دابەش دەکات و هەر دوو نیوە دێڕەکانیش دەگرێتەوە نەك یەکێ لە نیوە دێڕەکان))[138] , ئەمەش بە پێی دابەشکردنی ژمارەی (کەرت کردن) ەکە لەلایەن شاعیرەوە ژمارەیان دەگۆڕێت و جۆری کرتکردنەکەش بەندە بە ژمارە کەرتەکانەوە، بۆ نموونە :

**نەشتەری چاوی حەبیبم دێ بە سینەمدا دەچێ**

**مەرهەمی نازی تەبیبم بۆ دڵی خوێنین دەبا** لا42

لەم دێڕەی سەرەوەدا کەرتی یەکەمی نیوە دێڕی یەکەم لەگەڵ کەرتی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمدا, هاوکێش و هاوسەروان:

**نەشتەری چاوی حەبیبم**

**مەرهەمی نازی تەبیبم**

بۆ ئەمەش هاوئاهەنگیەکی شیعری جوانی دروست کردووە لە دێڕەکەدا.

وەکو لە نمونەیەکی تردا دەڵێت:

**تاقی ئەبرۆم دی, عەیان بوو سوجدەگای مولك و مەلەك**

**تابشی ڕووم دی, وەدەرکەوت بارەگای نووری سودوور** لا11

[138] - جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی, د . ئیدریس عەبدوڵلا, ل33 .

لەم دێڕەی سەرەوەدا کەرتی یەکەمی نیوە دێڕی یەکەم لەگەڵ کەرتی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمدا, هاوکێش و هاوسەروان .

دەمت بێنە بە دڵ بگرم, لەبەر جامی لەبت بمرم
دەمادەم ڕۆح بەخشی تۆ لەبالەب ساغیر و بادەی لا311

نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە کراوە بە دوو کەرتی هاوکێش و هاوسەرواوە, کاتێك لە خوێندنەوەی نیوەی یەکەمی دێڕەکە ئەبیتەوە, وا هەست دەکەی دێڕێکی تەواوە .

چ تەلیسمێکە؟ چ سیحرێکە؟ چ سەودایێکە؟
سەری زوڵفت کە دوسەد چینی بە هەودایێکە؟ لا283

نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە کراوە بە سێ کەرتی هاوکێش و هاوسەرواوە .

چاو بازەی چاو مەستە, لەو بادەی ئەلەستە
دەستم بگرە هەستە, تۆ و دین و ئایینت لا81

ئەم دێڕە کراوە بە چوار کەرتەوە, کەرتی یەکەم و دووەم و سێیەمیان هەمان کێش و سەروایان هەیە, بەڵام کەرتی چوارەم سەروای گشتی هۆنراوەکەی پێ پارێزراوە .

سوراغی دێوانان, چراغی پەروانان
شەرابی مەیخانان, خوماری ئەو چاوە لا220

ئەم دێڕە کراوە بە چوار کەرتەوە, کەرتی یەکەم و دووەم و سێیەم هەمان کێش و سەروایان هەیە, بەڵام کەرتی چوارەم سەروای گشتی هۆنراوەکەی پێ پارێزراوە .

داد لەبەر حوسنی فیتنە جۆ! دڵم دا زوڵف و ئەبرۆی تۆ
لەلایێ زوننار بە دۆشم, لەلایێ ڕوو بە میحرابم لا23

ئەو دێڕەی سەرەوە کراوە بە چوار کەرتەوە, نیوەی یەکەمی دوو کەرتی هاوکیش و هاوسەروان و نیوەی دووەمیش دوو کەرتی هاوکێش و هاوسەروان, سەرجەم کێشەکانی ئەم دێڕە شیعرە یەکسانن لە ژمارەی بڕگەدا و هاوکێشن, بەلاّم هەر نیوە دێڕەو سەروای تایبەتی خۆی هەیە .

**ئەتۆ بەو چاوە سەرمەستە دەمێکی هەستە ڕاوەستە**

**ببینم کەی قیامەت دێ؟ بزانم بۆچ مەسیحا بێ    لا340**

ئەو دێڕەی سەرەوە کراوە بە چوار کەرتەوە, نیوەی یەکەمی دوو کەرتی هاوکێش و هاوسەروان و نیوەی دووەمیش دوو کەرتی هاوکێش و هاوسەروان, هەرنیوە دێڕێکیان سەروایەکی سەربەخۆیان هەیە, بەلاّم سەرجەم کەرتەکانی دێڕە شیعرەکە لە ژمارەی بڕگەدا یەکسانن و لەسەر یەك کێش داڕێژراون .

**گێسوو دراز. وەك تەلی ساز, بە چاوی باز, دەیگوت بە ناز**

**چاوی پڕاو, جەرگی بڕاو, سینەی سووتاو پەیدا دەکەن   لا424**

ئەو دێڕەی سەرەوە کراوە بە هەشت کەرتەوە, چوار کەرتی نیوە دێڕی یەکەم هاوکێش و هاوسەروان, سێ کەرتی نیوەی دووەمیش هاوکێش و هاوسەروان, دوا کەرتیش سەروای گشتی هۆنراوەکەی پێ پارێزراوە, سەرجەم کەرتەکانی دێڕە شیعرەکەش لە ژمارەی برگەدا یەکسانن و لەسەر یەك کێش داڕێژراون بوونەتە بەخشەری هەناسەیەکی یەکسان و ئاوازێکی بڕگەیی لە دێڕەکەدا.

**دووەم : کەرتکراوی بێ هاوکێش :**

بریتی یە لە دابەشکردنی دێڕە شیعرێك, یاخود نیوە دێڕێك بۆ چەند کەرتێکی سەربەخۆ, کە لە ڕووی سەرواوە هاوسەروان, بەلاّم لەسەر یەك کێش دا نەڕێژراون. ((ئەو کەرتکراوەیە کە شاعیر تیادا دێڕەکەی بەسەر چەند هەلّوێستە و دەستەواژەیەکدا کەرت دەکات, بێ ئەوەی ڕەچاوی هاوکێشی و یەکسانی ژمارەی بڕگەکانیان بکات))[139] ، ئەم جۆرەشیان بەپێی ژمارەی کەرتەکانیان و یەکسانی و نایەکسانیان لە دابەشکردنی کەرتەکانداجۆرەکانیان دیاریدەکرێت، (وەفایی) شاعیریش ئەم جۆرانەی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە، بۆ نموونە :

---

[139] - جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا, ئیدریس عەبدوللاّ, ل43 .

**بۆ زەوقی تەکەللوم کە دەمی هاتە تەبەسوم**

**خەندەی لە دەمی غونچە و تەعنەی لە شەکەردا** **لا22**

نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە کراوە بە دوو کەرتی هاوسەروای بێ هاوکێشەوە و کەرتی یەکەمیان (3) بڕگەیە, کەرتی دووەمیان (9) بڕگەیە, بەمەش (کەرت کردنی بێ هاوکێش) بەرهەمهاتووە .

**بولبول سیفەت هەر لەحزە لە دەوری گوڵی زارت**

**ناڵینمە هەی ڕۆ! گوڵەکەم ڕۆ! دڵەکەم ڕۆ** **لا200**

نیوەی دووەمی ئەم دێڕە کراوە بە سێ کەرتی بێ هاوکێشەوە و لە ڕووی سەرواوە هاوسەروان, بەلاّم لە ژمارەی بڕگەدا نایەکسانن و کێشیشیان جیاوازە, کەرتی یەکەمیان (5) بڕگە و دووەمیان (4) بڕگە و سێیەمیان (4) بڕگە .

**پەرێشانم, بلاّوم, تێك شکاوم, خاو و شێواوم**

**دەڵێی شاماری زوڵفی تۆم لە دووری تۆ شێت و عەبداڵم** **لا443**

نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە کراوە بە سێ کەرتی هاوسەرواوە, بەلاّم لە ڕووی ژمارەی بڕگە و کێشەوە جیاوازن و یەکەمیان (4) بڕگە و دووەمیان (3) بڕگە و چوارەم و پێنجەمیان (5) بڕگەن .

**غەریبی تۆم, نەخۆشی تۆم, بە گۆشەی چاوی بیمارت**

**ئەسیری تۆم, شەهیدی تۆم, بە نووکی تیری موژگانت** **لا22**

ئەم دێڕەی سەرەوە هەر نیوە دێڕێکی بەسەر سێ کەرتدا دابەشکراوە, یەکەمیان (4) بڕگە و دووەمیان (4) بڕگە و سێیەمیان (9) بڕگەیە, ئەمەش نایەکسانی بڕگە و بێ هاوکێشی کەرتەکانیان پیشان دەدات .

# باسی چوارەم

## گێڕانەوە (الترديد)

هونەرێکە, لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی، شاعیرانمان بۆ هاوسەنگ کردنی کێشی هۆنراوە و دروست کردنی مۆسیقای ناوەوە و جەختکردنەوە لە واتا و مەبەست و خۆشی و کاریگەری لە دەربڕیندا بەکاریان هێناوە، ئەوەشی ئەم هونەرە لە هونەری پاتکردنەوە جیادەکاتەوە ئەوەیە ئەوەیە ئەو وشەیەیی لە گێڕانەوەدا چەند جارێك دووبارە دەکرێتەوە هەرجارەی دەبێت خرابێتە پاڵ وشەیەك، بەڵام ئەو وشەیەی لە پاتکردنەوەدا دووبارە دەبێتەوە پێویستە لە پاڵ یەکتردا بێن و نابێت وشەی تری لەگەڵدا بێت و جیاوازی بکەوێتە نێوانیانەوە .

لەلایەن پسپۆڕانی ڕەوانبێژییەوە باسی لێوە کراوە و پێ دەچێت یەکەم عەرەب تیشکی خستبێتە سەر ئەم هونەرە (محمد بن الحسن الحاتمی) ی یە, کە لە ساڵی (399ی کۆچی) مردووە, (الترديد) ی ناوناوە و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات : ((بریتی یە لە هەڵواسینی وشەیەك لەلایەن شاعیرەوە لە دێڕێکدا بە وشەیەك, یاخود دەربڕینێك بە واتایێك, دواتر لە هەمان دێڕدا ئەو وشەیە دەگێڕێتەوە بەواتایێکی دیکەی دەبەستێتەوە))[140] .

[140] - حلية المحاضرة, محمد بن الحسن الحاتمی, تحقيق : جعفر الكنانی, العراق, دار الرشيد, 1400ه – 1979م, ص19 .

(عەزیز گەردی) یش لە بارەی گێڕانەوە دەڵێت : ((ئەوەیە کە وشەیەك, یا ڕستەیەك یا دەستەواژەیەك بێنی, کە بە مانایێکی تایبەتییەوە بەسترابێتەوە, پاشان دووبارە هەمان وشە, یا ڕستە, یا دەستەواژە بێنیتەوە, بەڵام ئەمجارە پەیوەندی بە شتی ترەوە هەبێ))[141] .

ئەم پێناسەیەی (گەردی) تاڕادەیەك نزیکە لە پێناسەکەی (الحاتمی) ی یەوە. بەم پێیە گێڕانەوە : بریتی یە لە گێڕانەوەی وشەیەك, یان دەستەواژەیەك, یان ڕستەیەك, تەنها جارێك, یاخود زیاتر لە جارێك لە سنوری دێڕێکدا, کە هەر جارەی درابێتە پاڵ واتاییەکی نوێ کە جیاواز بێت لەوەی پێشووی .

شارەزایانی بواری ڕەوانبێژیش بە پێی جۆری وشە و دەستەواژەکان و ژمارەی وشە گێڕدراوەکان لە دێڕە شیعرەکەدا چەند جۆرێکی گێڕانەوەیان دەست نیشان کردووە.

ئێمەش تیشك دەخەینە سەر ئەو جۆرانەی کە لە شیعرەکانی شاعیردا بە دیمان کردووە ئەوانیش بریتین لە :

1- گێڕانەوەی (ناو), بۆ نموونە :

**خەمڵیوە وەکوو گوڵ بە سەر و بەرگی بەهاری**

**خۆی گوڵ, دەمی گوڵ, چەپکەنی گوڵناری لەبەردا لا22**

(گوڵ) ناوێکی سادەیە, لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار لە پاڵ وشەکانی (خۆی) و (دەمی) گێڕدراوەتەوە و ئاوازێکی ناوەوەی بە دێڕە شیعرەکە بەخشیوە و ئەم جۆرە گێڕانەوەیە کەمتر ڕوو دەدات, چونکە وشە گێڕدراوەکە کەوتووەتە دوای وشە پێوە بەستراوەکەوە، دەبینین وشەی گوڵ وەکو چەق دەردەکەوێت ئەوانی تر بەدەوریدا هاتوون.

**لەبی گوڵ, زاری گوڵ, ئەندامی گوڵ, ڕوخساری گوڵ, بەر گوڵ**

**هەتا کەی من بڵێم سەربەستە جەللادم فلآنی بوو؟ لا462**

(گوڵ) ناوە, لە نیوە دێڕی یەکەمدا پێنج جار لە پاڵ وشەکانی (لەبی) و (زاری) و (ئەندامی) و (ڕوخساری) و (بەر) دا گێڕدراوەتەوە, ئەمەش بۆ جەختکردنەوەی یارەکەیەتی کە سەر تاپا لە (گوڵ) دەچێت .

2- گێڕانەوەی (کردار), بۆ نمونە :

**هەوای جیلوەی گوڵانە, بولبول ئاوری گرتووە, نازانم**

[141] - جوانکاری, عەزیز گەردی, ل42 .

**بەهارت هات یا ئەیارت هات, شەوقی ڕووی وا من دەسووتێنێ   لا332**

(هات) کرداری ڕابردووە, لە نیوە دێڕی دووەمدا دووجار لە پاڵ وشەکانی (بەهار) و (ئەیار) گێڕدراوەتەوە .

**بەدری سەنا بەرقی نەبوو, غەربی نەبوو شەرقی نەبوو**

**هەرچی بوو فەرقی نەبوو, یاغەوسی سانی هیممەتێ   لا320**

(نەبوو) کرداری تەواوی تێپەڕە بۆ دەمی ڕابردوو, چوار جار لە پاڵ وشەکانی (بەرقی) و (غەربی) و (شەرقی) و (فەرقی) گێڕدراوەتەوە و مۆسیقایەکی ناوەوەی بە دێڕە شیعرەکە بەخشیوە .

3- گێڕانەوی ئاوەڵناو :

أ- گێڕانەوەی (ئاوەڵناوی پرس)، بۆ نمونە :

**زاری تۆ گوڵزارە خۆ, بۆچ ئابی حەیوانی هەیە**

**سەروی تۆ ئازادە, بۆچ نارنج و ڕوممان بەردەدا   لا32**

(بۆچ) ئاوەڵناوی پرسە, دوو جار لە پاڵ وشەکانی (ئابی) و (نارنج) گێڕدراوەتەوە, ئەم هونەرەش بووە مایەیی یەکسان کردنی تەفعیلەی هەر دوو نیوە دێڕەکە .

ب – گێڕانەوەی (ئاوەڵناوی ژمارەیی), بۆ نموونە :

**لە سەر چاکی یەخەی زوڵفی لە قوببەی سینە ئالاوە**

**لە گۆشەی دوو ئوفوق نەمدیوە شەو دوو ماهی نورانی   لا332**

(دوو) ئاوەڵناوی ژمارەییە, لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار لە پاڵ وشەکانی (ئوفوق) و (ماهی) گێڕدراوەتەوە .

4- گێڕانەوەی (ئاوەڵکاری), بۆ نموونە :

**گا دەسووتێم گا دەگرییێم غەرقی ئاو و ئاورم**
**ئاخ لەبەر بەختی سیا! نازانم ئەز بۆچ نامرم   ل440**

(گا) ئاوەڵکاری کاتیە, لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دەسووتێم) و (دەگرییێم) گێڕدراوەتەوە .

5- گێڕانەوەی جێناوەکان :

أ- گێڕانەوەی (جێناوی سەربەخۆ), بۆ نموونە :

**دەست و دامان زوڵفەکەت کەوتۆتە بەر پێت و دەڵێ**
**تۆ غەنی من بێ نەوا, تۆ پادشاه و من گەدا   ل32**

(تۆ) جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاک, لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار لە پاڵ وشەکانی (غەنی) و (پادشاه) گێڕدراوەتەوە، ئەم هونەرە جۆرێک لە جەختکردنیشی تیدا دەبینرێت و سەرنجمان بۆ لای وشەی ناوبراو ڕادەکێشرێت.

**شەوقی دامێ ڕووی دە من کرد, دیم شەوم لێ بۆتە ڕۆژ**
**من دەسووتام, من عەجەب مام ! من چرا بووم یان چراغ؟   ل62**

(من) جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی تاک, لە نیوە دێڕی دووەمدا سێ جار لە پاڵ وشەکانی (دەسووتام) و (عەجەب) و (چرا) گێڕدراوەتەوە .

**سەر تا قەدەم بە نوری خودا ڕۆشنە بەڵێ**
**ئەو نەخلە بۆ تەجەللییە, ئەو نوورە مەزهەرە   ل228**

(ئەو) جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی تاک, لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار لە پاڵ وشەکانی (تەجەللییە) و (نوورە) گێڕدراوەتەوە .

ب- گێڕانەوەی (جێناوی خۆیی), بۆ نموونە :

**نامەویٚ عەیشی جیهان حاشا لە فیردەوسی بەرین**

**تۆی مورادی دین و دونیام, ناری خۆت, ئەنواری خۆت   لا84**

(خـۆت) جێنـاوی خۆییـە و ئـەرکی دیـار خـەری نـاوە, لـە نیـوە دێـڕی دووەمـدا دوو جـار لـە پـاڵ وشەکانی (ناری) و (ئەنواری) گێڕدراوەتەوە .

3- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی :

أ-   گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بە), بۆ نموونە :

**لە نێو بەزمی گوڵستان, بە سەر, بە پیٚ, بە دەستان**

**هاتنە سەمایە مەستان, نەو مەستەکانی گوڵزار   لا22**

(بە) ئامرازی پەیوەندییە, لە نیوە دێـڕی یەکەمـدا سـیٚ جـار لـە پـاڵ وشـەکانی (سـەر) و (پیٚ) و (دەستان) گێڕدراوەتەوە .

ب- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (لە), بۆ نموونە :

**چ دڵبەر؟ ئافتابی ماهڕوویان و شەکەر لێوان !**

**بە خەندێکی لە سەحرا گوڵ لە دەریا گەوهەری هێنا   لا12**

(لە) ئامرازی پەیوەندییە, لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار لە پـاڵ وشـەکانی (سـەحرا) و (دەریـا) گێڕدراوەتەوە .

ج- گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ), بۆ نموونە :

**جیلوەییێکت پڕ بە عالەم بۆ شەهیدان عومری نەو**

**خەندەییێکت پڕ بە دونیا بۆ نەخۆشان گوڵ شەکەر   لا60**

(بۆ) ئامرازی پەیوەندییە, لە هەر دوو نیوە دێڕەکەدا لە پاڵ وشەکانی (شەهیدان) و (نەخۆشان) گێڕدراوەتەوە .

7- گێڕانەوەی ئامرازی نەریێ (نەرێکردن) : ئەوەش بە پێی جۆری ئامرازە ( نەرێ ) یەکان زیاتر لە شێوەیەکی هەیە, لەوانە :

أ- گێڕانەوەی ئامرازی نەریێ (نە), بۆ نموونە :

**تا هەوری بەهاری نەبزووت غونچە نەپشکووت**
**بۆیە دەگریێ خەندە بەسەر گریەیی مندا** لا22

(نە) ئامرازێکی نەرێیە, دوو جار لە پاڵ وشەکانی (بزووت) و (پشکووت) گێڕدراوەتەوە .

**نە ((ئاو)) موختارە بڕوێنێ, نە ((ئاور)) تا بسووتێنێ**
**نە ((خاك)) چی پێیە بینوێنێ, ئەگەر سەد جاری بەر ((با)) کەم** لا411

(نە) ئامرازێکی نەرێیە, لە هەر دوو نیوە دێڕەکەدا سێ جار لە پاڵ وشەکانی (ئاو) و (ئاور) و (خاك) گێڕدراوەتەوە .

ب- گێڕانەوەی ئامرازی نەریێ (بێ), بۆ نموونە :

**بێ موحتەسیب وەختێ خۆشە, بێ گفتوگۆیی بێ غەشە**
**لەو ساغیرە وا دڵکەشە, کامێ بە دڵ جامێ بە مەن** لا422

(بێ) ئامرازی نەرێیە, لە نیوە دێڕی یەکەمدا سێ جار لە پاڵ وشەکانی (موحتەسیب) و (گفتووگۆیی) و (غەشە) گێڕدراوەتەوە .

9- گێڕانەوە بە ئامرازی لێکدەر:

أ - گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (ئەگەر), بۆ نموونە :

**ئەگەر دڵ بوو ئەگەر دین دام بە سورمەی چاوەکان, ئیدی**

**بەسم سەودازەدە و ڕیسواکە, تۆبی و دین و ئیمانت   لا22**

(ئەگەر) ئامرازی لێکدەرە, دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دڵ) و (دین) گێڕدراوەتەوە .

ب - گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەری (یا), بۆ نموونە :

**نیوە سووتاوم ئەمان, بێ بەس مەکە ئەی تارزەن**

**یا وەفات بێ, یا جەفایی عاشقی شەیدا مەدە   لا248**

(یا) ئامرازی لێکدەرە, دوو جار لە پاڵ وشەکانی (وەفات) و (جەفایی) گێڕدراوەتەوە .

**بێ قسە وەختی تەبەسسوم سەد هەزارانی دەکوشت**

**یا نەغیلمان, یاپەری, یا حوورە, یا گوڵزارییە   لا221**

(یا) ئامرازی لێکدەرە, لە نیوە دێڕی دووەمدا چوار جار لە پاڵ وشەکانی (غیلمان) و (پەری) و (حوورە) و (گوڵزارییە) گێڕدراوەتەوە .

9- گێڕانەوەی نیشانەی پرسی (چ), بۆ نموونە :

**ئەو زوڵفە دووتایە چ تەلیسمێکە چ دامە ؟**

**سووتاوە ئەوی پوختەیە بەو عەنبەرە خامە   لا213**

(چ) نیشانەی پرسە, لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو جار لە پاڵ وشەکانی (تەلیسم) و (دام) گێڕدراوەتەوە .

**ئەی لە سایەی سەری زوڵفت بە نیگا و خەت و ڕوو**

**بەستەیی داوە, چ تاووسە, چ شەهبازە, چ قوو   لا466**

(چ) نیشانەی پرسە, لە نیوە دێڕی دووەمدا سێ جار لە پاڵ وشەکانی (تاووس) و (شەهباز) و (قوو) گێڕدراوەتەوە .

## باسی پێنجەم

## پات کردنەوە (التكرار)

یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی لەلایەن شاعیرانەوە بۆ پێداگرتن و جەختکردنەوە لەسەر لایەنێکی گرنگ لە دەستەواژەکە, کە مەبەستی شاعیرە بۆ هاوسەنگ کردنی سەروای دێڕەکە و دروست بوونی مۆسیقای ناوەوە بەکاری دەهێنێت .

لە ڕەوانبێژی عەرەبیشیدا (التكرار) ی پێدەگوترێت, (السيد على صدر الدين بن معصوم المدنى) کە لە ساڵی (1120ی زاینی) دا مردووە, لە بارەی (التكرار) ەوە دەڵێت : ((بریتی یە لە پاتکردنەوەی وشە یان دەستەواژەیەك لە جارێك زیاتر لە ناو کۆیەکدا, بە مەبەستی دروست کردنی جۆك و جەختکردنەوە یان زیاد کردنی ئاگایی, ترساندن, پیرۆز کردن یان چێژ گەیاندن 00هتد .))[142] . واتە دووبارەکردنەوەی وشەیەك لە ناو ڕستەیەکدا بە یەکێ لەو مەبەستانەی سەرەوە دەکرێ کە ئاماژەمان پێدا.

[142] - انوار الربيع فى أنواع البديع, السيد على صدر الدين بن معصوم المدنى, حققه وترجم بشعرائه: شاكر هادى شكر, الجزء الخامس, مطبعة النعمان – النجف الاشرف, الطبعة الاولى, 1399ه – 1939م, ص345.

(عەزیز گەردی) یش لە پێناسەی پات کردنەوەدا دەڵێت : ((ئەوەیە هۆنەر یا نوسەر ووشەیەك یا دەستەواژەیەك یا ڕستەیەك بێنێ و چەند جارێك پاتی بکاتەوە, بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی, بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ))[143] . واتە (پات کردنەوە) کە لە هەموو جارەکاندا دەبێت لە فۆرم و واتادا وەکو یەك بن, ئامانجیشی جیاکردنەوەی (پات کراوە) کە یە لەوانی دیکە.

زانایانی ڕەوانبێژیش چەند جۆرێکی (پات کردن) ەوە یان دیاری کردووە, ئەم دیاریکردنی جۆرانەش بە پێی مەبەستی شاعیر و بە بەرچاو گرتنی ژمارەی وشە پاتکراوەکان جیا کراوەتەوە, بۆ دیاری کردنی جۆرەکانی (پات کردن) ەوە لە شیعرەکانی (وەفایی) دا, سەرنج لە شیعرەکانی دەدەینەوە .

## 1- بە بەر چاو گرتنی مەبەست لە پات کردنەوە

أ- پات کردنەوە بە مەبەستی پێداگرتن و جەختکردنەوە, بۆ نموونە :

**ئەی خەت بە زوڵفی دولبەر تۆ بوویە فیتنەیی دڵ**
**دڵ بێ غەم و خەیاڵ بوو هاتی بە گرتنت دا لا28**

وشەی (دڵ) لەم دێڕەی سەرەوەدا بە مەبەستی پێداگرتن و جەختکردنەوە پاتکراوەتەوە, شاعیر لێرەدا کۆی دێڕەکەی بە دەوری (دڵ) دا خولاندووەتەوە و شاعیر ئەیتوانی تەنها یەکجار بەکاری بهێنێ, بەلاَم لەبەر ئەوەی چەقی دێڕەکە (دڵ) ە, شاعیر جەختی لەسەر کردووەتەوە و لە نیوە دێڕی یەکەمدا گرێیەکی دروست کردووە بە دەوری (دڵ) دا, کە تووشی (فیتنەی خەت) بووە و پاشان لە نیوە دێڕی دووەمدا ئەم گرێیە دەکاتەوە و دەڵێت پێشوو تر (دڵ) بێ غەم و خەیاڵ بووە, ئێستا غەم بە گرتنی داوە .

**چاوەکەت (با این کە) خەت هات و بەمن ڕوحمی نەکرد**
**ئاری ئاری! مەردومی نەو کیسە هەر دوون هیممەتە لا240**

وشەی (ئاری ئاری) لە نیوە دێڕی دووەمدا پات کراوەتەوە, ئەمەش بۆ جەختکردنەوە لە پیاوی تازە کیسە کە چەند بێ مروەتە، دوو جار وشەی (ئاری ئاری) واتە (بەڵێ بەڵێ) هاتووە .

---

[143] - جوانکاری, عەزیز گەردی, ل47 .

ب - پات كردنەوە بە مەبەستی ڕێككردنی سەروای هۆنراوە, بۆ نموونە :

**سەر خاڵییە لە مەعریفەت و دڵ لە ئەهلییەت**
**بیلا نە دڵ دڵی منە, حاشا نە سەر سەرە لا228**

لێرەدا شاعیر دوو جار هونەری پات كردنەوەی لە نیوە دێڕی دووەمدا بەكار هێناوە, بە مەبەستی دروست كردنی مۆسیقای ناوەوەی نیوە دێڕی دووەم و ڕێكخستنی سەروای دێڕەكە, شاعیر لە ڕێگەی ئەم پات كردنەوەوە وەڵامی (سەر) و (دڵ) ی نیوە دێڕی یەكەمی داوەتەوە و مۆسیقایەكی جوانیشی بە نیوە دێڕی دووەم بەخشیوە .

**حەریفان ئەلئەمان كوشتوومی یارم, چاوی بیماری**
**دەسا بێن دەست بە شینم كەن! بە یەكجاری بە یەكجاری لا321**

لە كۆتای ئەم دێڕەی سەرەوەدا گرێ ی (بە یەكجار) پات كراوەتەوە, ئەمەش بۆ ڕێكخستنی سەروا و كێشی شیعرەكە .

**2- بە بەرچاو گرتنی ژمارەی وشە پات كراوەكە:**
(وەفایی) لە تەواوی شیعرەكانیدا یەك جۆر پات كردنەوەی لەم شێوەیەی بەكارهێناوە ئەویش (پات كردنەوەی دوویی) یە, ئەمیش دەبێت بە دوو بەشەوە 00

أ- یەك پات كردنەوە : ئەو پات كردنەوەیە كە یەكجار لە سنوری دێرە شیعرێكدا دێت, بۆ نموونە :

**وەك نەیسان ئاورێ بەربۆتە دەروونم بەند بەند**
**دڵ كە هەر وەك نەی دەناڵێ دەم بە دەم بێ جا نییە لا266**

لەم دێڕەی سەرەوەدا (بەند بەند) یەك پات كردنەوەی بەرهەمهێناوە, لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (دەم) دوو جار هاتووە, بەڵام بە پات كردنەوە دانانرێت چونكە ئامرازی (بە) كەوتووەتە نێوانیانەوە .

(ئیدریس عەبدوڵلا) ش لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ئەو وشەی لە (پاتکردنەوە) دوو بارە دەکرێتەوە, هەر چەند جاریش پاتکرابێتەوە, هەر دەبێ لەتەك یەك بێن و نابێت وشەیەك, یان ڕستە و دەستەواژەیەك جیاوازی بخاتە نێوانیان))[144] .

ب- دوو پات کردنەوە, یان پات کردنەوەی دوویی : ئەو پاتکردنەوەیە کە دوو جار لە سنوری دێڕە شیعرێکدا دێت, بۆ نموونە :

**خوداوەند! خوداوەند! پەشیمانم پەشیمانم**

**بە کاری ئاخیرەت نایەم عەجەب ئالودە دامانم   لا384**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (خوداوەند) بە هاوشێوە و هاوواتا پات کراوەتەوە, هەر لە هەمان نیوە دێڕ بەدوای ئەودا وشەی (پەشیمانم) یش بە هاوشێوە و هاوواتا پات کراوەتەوە, بەمەش (پات کردنەوەی دوویی) ی بەرهەمهاتووە .

## باسی شەشەم

## بوونی پێویستە (لزوم ما یلزم)

هونەرێکە لە هونەرەجوانکارییە وشەییەکان, کە شاعیران بۆ جوانی و چەسپا و دەرکەوتنی سەروا و ئاسان گۆکردن و دروست کردنی کێشی هاوشێوە بۆ دوا وشەکانی کۆتایی دێڕەکان بەکاری دەهێنن .

لە عەرەبیدا (لزوم ما یلزم) یان (لزوم ما لایلزم) ی پێدەگوترێت, (حمدی الشیخ) لە پێناسەی بوونی پێویستە (لزوم مایلزم) دا دەڵێت : ((ئەوەیە کە شاعیر بە پیتێك یان زیاتر, یان جوڵەیەکەوە پەیوەست دەبێت لە پێش پیتی ڕەوی, دواتر لە هۆنراوەکەدا تا کۆتایی پێوەی پەیوەست دەبێت))[145] .

نوسەرانی کوردیش لە بارەی (بوونی پێویستە) وە دواون و تایبەتیەکانیان دەست نیشان کردووە (مەلا عبدالکریمی مدرس) یش لە باسی بوونی پێویستەدا دەڵێت : ((بریتی یە لەوەی کە لای کەمی دوو حەرفی دوایی لای کەمی دوو وشەی بەرانبەر لە لای کەمی دوو ڕستەی بەرانبەرا وەك یەك وابن))[146] . ئێمەش لە بارەی ئەم پێناسەیەی (مەلا عبدالکریمی مدرس) وە پێمان وایە ئەبوو

---

[144] - جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی, ئیدریس عەبدوڵلا, ل47 .

[145] - الوافي في تيسير البلاغة (البديع – البيان – المعانی), دکتور حمدی شیخ, ص53 .

[146] - بەدیع و عەرووزی نامی, مەلا عبدالکریمی مدرس, چاپخانەی (دار الجاحظ), بەغداد, 1991, ل45 .

(مدرس) بیوتایە (بە لای کەمی پیتێك یان زیاتر) نەك (لای کەمی دوو حەرف) چونکە بوونی پێویستە بە تەنها پیتێکی هاوشێوەش دروست دەبێت. زانایانی بواری ڕەوانبێژیش بە پێی ژمارەی پیتەکانی پێش ڕەوی جۆرەکانی (بوونی پێویستە) یان دەست نیشان کردووە, (وەفایی) یش زیاتر لە جۆرێکی بەکارهێناوە و ئێمەش تیشك دەخەینە سەر جۆرەکانی .

1- بوونی پێویستەی یەك پیتی, بۆ نموونە :

دیسان نەسیمی بەهار, نەرم نەرم هاتە خوار
دونیای زیندوو کردەوە بە ئەمری پەروەردگار
بە ئاه و گریان دیسان, هاتەوە هەوری نیسان
جگەر پڕ ئاو و ئاور, وەك عاشقی بێ قەرار لا20

لەم دوو دێڕەی سەرەوەدا وشەکانی (خوار) و (پەروەردگار) و (بێ قەرار) واژەی سەروان و پیتی (ر) کۆتایی وشەکان ڕەوی دروست کردووە, پیتی (ا) ی بزوێنی پێش ڕەویەکەش (بوونی پێویستەی یەك پیتی) بەرهەمهێناوە .

جیلوەی سەبا لەنجەی شەماڵ, بۆی زوڵف و خاڵی یار دەدەن
یا نەو بەهار دێنێ بەبار, میشکی تەتار بۆی نەستەرەن
ڕەنگی وەنەوشەی دەشت و ڕاغ, عەکسی گوڵ و سەحرا و باغ
عالەمیان کردە شەوچراغ, وەك زوڵف و ڕووی دڵداری مەن لا488

لەم دوو دێڕەی سەرەوەدا وشەکانی (دەدەن) و (نەستەرەن) و (مەن) واژەی سەروان و پیتی (ن) ی کۆتایی وشەکانیش ڕەوی دروست کردووە, بزوێنی (ە) ی پێش ڕەویەکەش (بوونی پێویستەی یەك پیتی) بەرهەمهێناوە, ئەم (بوونی پێویستە) یەش وایکردووە پیتی (ن) ی سەروای دێڕەکان زیاتر دەربکەوێت .

2- بوونی پێویستەی دوو پیتی, بۆ نموونە :

ئارەق ڕووی داگرتی لەبەر پێکەنینت
شەبنم لە گوڵ باری ڕۆژی گرت پەروینت

**تو خودا زولفت لابە تا تێر کوڵمت ماچ کەم**

**رێی بولبول با نەگرێ لەو باغە پەرژینت لا83**

ئەم دوو دێڕەی سەرەوە بە وشەکانی (پێکەنینت, پەروینت, پەرژینت) کۆتایی هاتوون, پیتی (ت) کۆتایی وشەکان ڕەوی دروست کردووە, هەر دوو پیتەکانی (ی, ن) ی پێش ڕەویەکەش (بوونی پێویستەی دوو پیتی) یان بەرهەمهێناوە و کێشی هەرسێ وشەکانی کۆتای دێڕەکانیان هاوشێوە کردووە .

**کە هەستان زولفی ڕووی داپۆشی من لەو داغە سووتاوم**

**ئیلاهی! ئەی ڕەقیب, ڕۆژی قیامەت بێیە پێناوم !**

**قەراری دا بە ڕۆحم تیری نازی چوو لە قەلبم ڕا**

**مەپرسن چەند ئەمن لەو حەسرەتەی دڵ پڕ لە زووخاوم لا428 - 422**

ئەم دوو دێڕەی سەرەوە بە وشەکانی (سووتاوم, ناوم, زووخاوم) کۆتایی هاتوون, پیتی (م) ڕەوییە و سەرواکەی بەرهەمهێناوە, هەردوو پیتەکانی (ا) و (و) ی پێش ئەو ڕەوییە (بوونی پێویستەی دوو پیتی) ن .

3- بوونی پێویستەی سێ پیتی, بۆ نموونە :

**ئەی پەڕتەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵە باغان**

**نەشئەی نەزەرت زەوقی دڵ و شەوقی دەماغان**

**ئەسما و سیفاتن بە تەجەللی لە وجوودت**

**یاشەو بوو ئەتۆ هاتی لە مەت کردە چراغان لا422**

ئەم دوو دێڕەی سەرەوە بە وشەکانی (باغان, دەماغان, چراغان) کۆتایی هاتوون, پیتی (ن) ڕەوییە و سەرواکەی بەرهەمهێناوە, سێ پیتەکانی (ا) و (غ) (ا) ی پێش ئەو ڕەوییە (بوونی پێویستەی سێ پیتی) ن و ئەمەش وای کردووە هەرسێ وشەکانی کۆتای دێڕ ئاسان گۆ بکرێن .

**بەنازێکی کوشندەی سەد هەزار جان و دڵ ئیفتادەی**

**مەلەك یا حۆری عەینی تۆ؟ فریشتە یا پەری زادەی**

**به دڵ خەندێکی بنوێنە، بلورین ساعیدت بێنە**

**یەدی بەیزات هەیە تۆ دەم لە ئیعجازی مەسیحا دەی لا313**

ئەم دێڕانە بە وشەکانی (ئیفتادەی، پەری زادەی، مەسیحادەی) کۆتایی هاتوون، پیتی (ی) ڕەوییە و سەرواکەی بەرهەمهێناوە، سێ پیتەکانی (ا) و (د) و (ە) ی پێش ئەو ڕەوییە (بوونی پێویستەی سێ پیتی) یە.

## باسی حەوتەم

## هاوکێش (سەروای متەوازن)

جۆرێکە لە سەروادار لە عەرەبیدا (موازنة) و (مماثلة) و (التسجيع المتوازن) يشی پێدەگوترێت، یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی کە شێوەی هەندەسی وشەکانی ناو هۆنراوە ڕێك بخات و لە کاتی خوێندنەوەدا ئاسان و خۆش گۆ بکرێت لەسەر زمان .

(قەزوینی) لە بارەی سەرواداری متەوازنەوە دەڵێت : ((بریتی یە لەوەی دوو وشەکانی کۆتایی نیوە دێڕ، هاوکێش بن، بەلاّم سەروای جیاوازیان هەبێت))[147] .

هەروەها لە لایەن زانایانی کوردەوە باس کراوە (عەلادین سوجادی) ئەم هونەرە بە (هاوکێش) ناو دەبات و لە پێناسەیدا دەڵێت : ((چەند سەروایەکن لە چەند ڕستەیەکی بە شوێن یەك دا دروست ئەبن . لە کێش دا ڕوو بە ڕووی یەك ئەوەستن، بەلاّم لە پیتی بنچینەیی دا جیا ئەبنەوە))[148] .

---

147 - الايضاح في علوم البلاغه، جلال الدين محمد بن عبدالرحمن القزويني، ص329 .

148 - خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، علا ءالدين سجادی، ل142 .

ئێمەش بەم شێوەیە پێناسەی هاوکێش دەکەین : بریتی یە لە بوونی دوو وشە یاخود زیاتر کە لە ڕووی کێشەوە یەکسان بن, بەڵام لە پیتی کۆتاییاندا جیاواز بن، بۆ نموونە :

**فریبی دین و دڵان لە پەردە بووکی گوڵان**
**سەبر سەبر هاتەدەر بە ناز و مەست و خومار لا24**

کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم (گوڵان) و کۆتایی نیوەی دووەم (خومار) ە, ئەم دوو وشەیە هاوکێشن, بەڵام لە سەروادا لێکجیاوازن, بەمەش (سەرواداری هاوکێش) بەرهەمهاتووە .

**ئەوانەی عاشقن بە چاو و زارت**
**تا ئەبەد سەر خۆش مەحرەمی ڕازن لا428**

کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم (زارت) و کۆتایی نیوەی دووەم (ڕازان) ە, ئەم دوو وشەیە هاوکێشن, بەڵام لە سەروادا لێکجیاوازن, بەمەش (هاوکێش) یاخود (سەرواداری متەوازن) بەرهەمهاتوو .

## باسی هەشتەم
## متەوازی (المتوازی)

ئەم هونەرەش وەکو جۆرەکانی تری سەروادار شاعیر بۆ خۆش گۆکردن و ئاسان خوێندنەوەی وشەکان و ڕێکخستنی کێش و سەروا و بینای وشەکان لە هۆنراوەدا بەکاری دەهێنێت, ئەمەش مۆسیقا و ناسکییەك بە دێڕە شیعرەکە دەبەخشێت .

(ابن عبدالله أحمد شعیب) بەم شێوەیە پێناسەی (المتوازی) دەکات و دەڵێت : ((ئەوەیە کە وشە کۆتاییەکانی ڕستە, یان لەتە دێڕ هاوکێش و هاوسەروا بن))[149] . بە پێی ئەم پێناسەیە (متەوازی) ئەوەیە کە وشە کۆتاییەکانی ڕستە, یان نیوە دێڕ یەکسان بن لە کێش و سەروا و ژمارەی پیتەکانیان وەکو یەك بن, ئەگەر جیاوازییەك هەبێت لە شێوەی پیتەکاندا, نابێت جیاوازییەکە لە پیتی کۆتایی وشەکەدا بێت کە سەروای دێڕەکە پێك دەهێنێت, بۆ نموونە :

---

[149] - بحوث منهجیة في علوم البلاغة العربیة, دار ابن حزم, بیروت – لبنان, الطبعة الأولی, 4122ه – 2006م, ص122 .

ئەی نەشئەی خەندەی زارت شیرین کاری حەیاتم
عیشوەی زوڵف و عیزارت موژدەی شەوی بەراتم   لا402

وشەکانی (حەیاتم) و (بەراتم) کە کەوتوونەتە کۆتایی هەر دوو نیوە دێڕەکانی یەکەم و دووەمەوە, هەر دووکیان هاوکێش و هاوسەروان و مۆسیقایەکیان بە دێڕە شیعرەکە بەخشیوە و بەمەش هونەری (متەوازی) یان بەرهەمهێناوە, یاخود شاعیر دەڵێت :

دەمێکی هەستە پێ, قوربان جەماڵت عالەم ئاراکە
بزانن نەخلی تووبا, باغی جەننەت, خار و خاشاکە   لا222

وشەکانی (ئاراکە) و (خاشاکە) کە کەوتوونەتە کۆتایی هەر دوو نیوە دێڕەکانی یەکەم و نیوەی دووەمی ئەم دێڕەی سەرەوە, هەر دووکیان هاوکێش و هاوسەروان و بینایی وشە کۆتاییەکانی دێڕەکەیان یەکسان کردووە و ناسکییەکیان بە دێڕە شیعرەکە بەخشیوە, بەمەش هونەری (متەوازی) بەرهەمهاتووە .

ئەوەشی ئەم هونەرە لە هونەری متەوازن جیادەکاتەوە، لە متەوازی دا وشە کۆتاییەکانی ڕستە یان لەتە دێڕەکان هاوکێش و هاوسەروان، بەلاَم هاوکێش یان سەرواى متەوازن هاوکێشن و سەروایان جیاوازە.

## باسی نۆیەم

## هاوسەر یاخود موتڕیف (المطرف)

جۆرێکە لە سەروادار لە (السجع المطرف) ی عەرەبیەوە وەرگیراوە و شاعیرانیش بۆ بەخشینی مۆسیقا و ڕێکی و ئاسانکردنی کۆتایی نیوە دێڕەکان بەکاریان هێناوە .

(ابو منصور الثعالبی) کە لە ساڵی (429ی کۆچی) مردووە, لە پێناسەی (المطرف) دا دەڵێت : ((بریتی یە لە ڕێککەوتنی نێوان دوو وشە کە لە ڕووی پیتی سەرواوە هاوسەروابن, بەلاَم هاو کێش نەبن))[150] . واتە ئەو وشانەی کە هونەری (هاوسەر) بەرهەم دەهێنن مەرجە لە پیتی کۆتاییاندا وەکو یەك بن, ئەم جۆرە هونەرە لای وەفایی زۆرە, بەلاَم لێرەدا چەند نمونەیەك وەردەگرین :

---

[150] - روضة الفصاحة, ابو منصور الثعالبی, تحقیق : محمد ابراهیم سلیم, مکتبة القران, القاهرة, دون تاریخ الطبع, ص99 .

**دیسان نەسیمی بەهار, نەرم نەرم هاتە خوار**

**دونیای زیندوو کردەوە بە ئەمری پەروەردگار   لا20**

**وشـەکانی (خـوار) و (پـەروەردگار) هـەر دووکیـان بـە پـیتی (ر) سـەروادارکراون, بـەلاّم هەریەکـەیان کێشێکی جیاوازیان هەیە, بەمەش هونەری (هاوسەر) بەرهەمهاتووە .**

**ئەگەر چی بادی نەورۆزی نەویدی وەسڵی گوڵ دێنێ**

**هەتا گوڵ دێ بە ناز بولبول بە سەد یەك عومری نامێنێ   لا332**

**وشەکانی (دێنێ) و (نـامێنێ) هـەر دووکیـان بـە پـیتی (ێ) سـەروادار کـراون, بـەلاّم لـە ڕووی کـێش و ژمارەی پیتەوە جیاوازن, بەمەش هونەری (هاوسەر) یاخود (موتڕیف) بەرهەمهاتووە .**

**باسی دەیەم**

## تەترپیز (التطریز)

**ئەمەش یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی کە شاعیرانی بە توانا و خاوەن سەلیقە بۆ ڕێکخستنی کـێش بـەکاری دەهێـنن, هەنـدێکجار شـاعیران بـۆ جـوانکردنی هۆنراوەکانیـان چـەند وشـە و دەستەواژەیەکی هاوکێش لە هەمان جێگای نیوە دێڕەکانی هۆنراوەیەکدا بـەکاری دەهێـنن, ئەمـەش خوێندنەوە ئاسان و خۆش دەکات .**

**ئەم هونەرەش ڕەوانبێژانی عەرەب زیاتر باسیان لێوە کردووە و بـەم شـێوەیە پێناسـەی کـراوە : ((بریتی یـە لـە بـوونی چـەند وشـەیەکی هـاوکێش, کـە لـە چـەند دێڕێکی بـە دوایـی یەکدا هـاتووی هۆنراوەدا هاتبێت))[151] .**

---

[151] - علـوم البلابغـة (الموسـوعة الثقافيـة الشـاملة), راجـی الأسمـر, دار الجيـل, بـيروت - لبنـان, 1423ه – 2005م, ص200 .

ئەمەش دەشێ لە دوو دێڕ یان زیاتری هۆنراوەیەکدا بەرجەستە بێت, بەو مەرجەی ئەو وشانەی (تەترِیز) ەکە بەرهەم دەهێنن هاوکێش و هاوشوێن بن لە هەموو دێڕەکاندا, وەکو ئەم نموونەیەی (وەفایی) کە لە قەصیدەیەکی چوارده دێڕیدا, شەش جار لە شەش دێڕی سەرەتادا شەش وشەی هاوکێش و هاوسەروای لە هەمان جێگادا هێناوەتەوە کە دەڵێت :

**ئەری خەندەی دەمت ئارامی دڵ کانی حەیاتی من**

**لەسەر چی زیز دەبی؟ ڕۆحت دەوێ؟ هانێ حەیاتی من**

**گوتت : دێم و نەهاتیە سەر گرفتاری سەری زوڵفت**

**لەگەڵ بەختی سیا چ بکەم؟ دیارە خۆ نەهاتی من**

**من و سەودای سەری زوڵفت لەسەر تاقی برۆت؟ ! حاشا**

**عەزیزم ئەهلی قیبلەم! کافری دوورە لە زاتی من**

**بە خەندەی زار و عەکسی زوڵف و ڕووت خۆش بوو دڵم سەد حەیف**

**دەقیقە شماری خۆشی چوو شەو و ڕۆژ سەعاتی من**

**لە لایی ڕۆح دەبا عیشوەت, لە لایێ دڵ دەدا خەندەت**

**عەزیزم هەر بە دەست خۆتە حەیاتی من مەماتی من**

**لە دووری تۆ بە دەفتەر نایێ شەرحی ماجەرای چاوم**

**ئەگەر دەریای ئەعزەم بێ هەموو سورخی دەواتی من لا422 – 426 – 422**

وشەکانی (حەیاتی) لە نێوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەم و (نەهاتی) لە نیوەی دووەمی دێڕی دووەم و (لەزاتی) لە نیوەی دووەمی دێڕی سێیەم و (سەعاتی) لە نیوەی دووەمی دێڕی چوارەم و (مەماتی) لە نیوەی دووەمی دێڕی پێنجەم و (دەواتی) لە نیوەی دووەمی دێڕی شەشەمدا, هاوشوێن و هاوکێش و هاوسەروان, بەمەش هونەر (تەترِیز) بەرهەمهاتووە .

### جیاوازی نێوان (تەترِیز) و (متەوازن)

1- متەوازن لە سنوری تاکە دێڕێك بەرهەم دێت, بەڵام تەترِیز بەلانی کەم دەبێت لە سنوری دوو دێڕدا بێت, ئەگەر لە دوو دێڕ زیاتر بوو ئەوە هۆنراوەکە جوانتر دەکات .

2- متەوازن ئەوەیە دوو وشەکان هاوکێش بن و هاوسەروا نەبن, بەڵام لە تەترِیزدا مەرجە وشەکان هاوکێش بن, جا ئەگەر هاوسەرواش بن ئاساییە .

3- له متوازندا وشه هاوكێشەكان دەكەونە كۆتایی نیوە دێڕەكانـەوە, بـەڵام لـە تـەترِیزدا ئـەو وشانەی هونەری تەترِیز بەرهـەم دەهێـنن مـەرج نیـە بكەونـە كۆتـایی نیـوە دێڕەكانـەوە, بەڵام بەو مەرجەی لە هەموو دێڕەكاندا هەمان شوێنیان هەبێت .

## باسی یازدەیەم

## مولەممەع (الملمع)

لە (الملمع) ی عەرەبیـەوە وەرگیراوە, لـەم جوانكاریـەدا شـاعیر مەبەسـتەكەی دڵـی بـە دوو زمـانی جیاواز دەڵێت و دەیشی سەلێنێ كە شاعیر بەسەر هەردوو زمانەكەدا زاڵە, یـاخود هەنـدێكجار شـاعیر بۆ دەربرِینی هەندێك شتی شاراوە لە ڕێگەی زمانی دووەم و سێیەمەوە و پرِكردنەوەی پێویستیەكانی زمانی شیعری كە بە تەنها وشەكانی زمانە نەتەوەیەكە فریای شیعرەكە ناكـەوێت بـۆ گەیانـدنی ئـەو واتایانەی كە مەبەستی شاعیرە .

(محمد بن ابي بكر الرازي) یش كە لە ساڵی(333 ی كۆچـی ) دا مـردووە, لـە بـارەی (اللمـع) دەوە وتوویەتی : ((بریتی یە لەوەی شاعیر لـە شـیعرەكەی خۆیـدا نیـوە دێڕێكـی عـەرەبی و نیـوە دێڕێكـی

عەجەمی, یان دێڕێك لەم و دێڕێك لەو بهێنێت))[152] . ئەم پێناسـەیەی (الـرازی) ئامـاژە بـە هونـەری (مولەمەع) دەكات لە شیعری عەرەبیدا .

لای كوردانیش (ئیدریس عەبدوڵلاّ) زیاتر لەم بارەیەوە دواوە و لە بارەی (مولەمەع) ەوە دەڵێت : ((بریتی یە لە شیعرێك یان چەند دێڕێكی شیعر, كە بە زیاتر لە زمانێـك نووسـرابن, بـەو مەرجـەی بەكارهێنانی هەر زمانێك بۆ كەمتر لە نیوە دێڕێك, یان ڕستەیێك كـورت نـەبوو بێتـەوە, جـا بـە دوو زمان مولەمەعەكە نوسرابێ, یان بە سێ زمان, یان بە چوار زمان, هەروەها دەبێ هەموو شیعرەكەش هی خودی شاعیرەكە خۆی بن))[153] .

(وەفایی) یش لە شیعرەكانیدا بە دوو زمان ئەم هونەرەی بەكار بردووە و جارێك نیوە دێڕێ كوردی و نیوە دێڕی دووەم فارسی یە, جاری دووەم بە پێچەوانەوە, ئەمە لە غەزەلێكدا, بەلاّم جاری واش هەیە لە تاكە دێڕێكدا ئەم هونەرەی بە زمانەكانی (كوردی – فارسی) و (كوردی – عەرەبی) بەكار بردووە, بە گشتی (وەفایی) بۆ دانانی مولەمەع زمانانی فارسی و عەرەبی لە شیعرەكانیدا بەكار بردووە .

(وەفایی) شاعیر دەڵێت :

بۆ لەبی جانان – بە چاوت من ئەوا بوومە كەباب
((دوستان ساقی كجا تا دردهد جام شراب؟))

شەو بە ڕۆژ ئالاّوە یا سونبول لە دەوری بەرگی گوڵ
((یا پریشان گشته بر روی تو زلف پر ز تاب؟))
تا بزانن ڕۆژ و شەو هەردوو لەلایەك دێنەدەر
((زلف و روی خود عیان كن بر فكن بند نقاب))
زەوقی خەندە و شەوقی جیلوەی تۆیە حەیرانم دەكەن
((شهد و شكر بین كه ریزد از تكلم افتاب))
ماچی لێوت ئەو دەمەی خۆشە كە بێیە پێكەنین
((خوش بود گل بشكفد بلبل شود زو كامیاب))
مەوجی گریانم گەیشتە ڕووی و چاوی لێ نەكرد
((سیل بر گلشن زد و نرگس نمی خیزد ز خواب))

---

[152] - روضة الفصاحة, ابـي عبـدالله محمـد بـن ابـي بكـر الـرازي, تحقيـق : د . خالـد عبـدالرؤف الجبر, دار وائـل للنشـر, الطبعة الأولى, 2005, ص134 .

[153] - جوانكاری شیعری كلاسیكی كوردی, ئیدریس عەدوڵلاّ, ل39 .

**لەو دەرە مەمکوژە چونکە شێتی زولف و ڕوویی تۆم**
**((عاشقم صید حرم، سودایی و مست و خراب))**
**قەت بە مفتی دامەنێ ئیدی ((وەفایی)) فرسەتە**
**((گوشەی گلزار و جام بادە و بانگ رباب)) لا18 - 12**

ئەم (مولەمەع) ەی سەرەوە بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی نوسراوە کە شاعیر هەموو نیوەی یەکەمی دێڕەکانی بە زمانی کوردی نووسیوە و نیوەی دووەمەکانیش بە زمانی فارسی .
شاعیر لە غەزەلێکی دیکەیدا بە پێچەوانەی ئەو غەزەلەی پێشوو کە ئاماژەمان پێدا ئەم هونەرەی بەکار بردووە و ئەمەش زمانزانی و زیرەکی شاعیر دەردەخات و توانایەکی باشی دەوێت و دەڵێت :

**((بیا ای جان من ساقی فدای ساغرت بادا))**
**ئەمان سووتاوم ئەمن جامێ لە نۆبەی دەورە بەملادا**
**((هوا خود نافە می ریزد صبا مشك ختن بیزد))**
**مەگەر دیسان بە دەم بادا حەبیبم پەرچەمی بادا**
**((گدا و بزم شاهان؟ ما و وصل دوستان، هیات!))**
**لەبەر وەی ئارەقی کوڵمی لە باتی مەی بە مەی نادا**

**(( پریشان کرد چون بر چهرە دو زلف عنبرین گفتی))**
**بەهارێك سونبولی تاتای بە بارێ یاسەمەندا دا**

**((عرق بر گردن، خط بر غذار و خندە در لعلش))**
**دەڵێی شەککەر لەمەڕ عەنبەر لەگەڵ ئارەق لە میندادا**
**((بە چشم اشکبارم عکس روی و موی جانان بین))**
**شەو ڕۆژ ڕۆژ و شەو هەردوو لە نێو عەقدی سورەییادا**
**((بهای بوسەی نا کردە جان باشد بە چشم اما))**
**دەمت وابێنە – چاوم قەد بووە گەوهەر لە دەریادا؟!**
**((فغان و گریەی دل از غم روی تو در زلفت))**
**دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ شەو لە نێو بولبول لە سەحرادا**
**(( ((وفایی))! تا منم گریان و سوزان در پی یارم))**
**تەمەننام هەر لە یارە گەر بە ئاو و ئاورمدا دا لا24 - 22**

ئەم مولەمەعەی سەرەوە تەواوی غەزەلەکە بە دوو زمانی فارسی و کوردی نووسراوە کە شاعیر نیوەی یەکەمی دێڕەکانی بە فارسی نووسیوە و نیوەی دووەمی دێڕەکانیش بە کوردی .
جاری واش هەیە شاعیر لە سنوری تاکە دێڕێکدا هونەری (مولەمەع) ی بە دوو زمانی دوو نەتەوەی جیاواز نووسیوە, هەروەها دەشێ یەك لە زمانەکان کوردی و ئەوی دیکە عەرەبی بێت, بۆ نموونە :

**بمکوژی, سەد جار دەرم کەی, ڕووی من و خاکی دەرت**
**((کیف یحرَم سائل مِن بابك حاز الندی؟))** لا33

نیوە دێڕی یەکەمی ئەو دێڕەی (وەفایی) بە کوردی نووسراوە و نیوەی دووەمیش بە عەرەبی (وەفایی) جۆرە مولەمەعێکی بەکار هێناوە, کە لە شێوەی پێنج خشتەکیدا دەردەکەوێت, بەڵام شاعیر نەهاتووە شیعری شاعیرێکی تر تێهەڵکێشی شیعرەکەی بکات, بەڵکو چوار نیوە دێڕی سەرەتایی بە زمانی کوردی نووسیوە و سەربەندی شیعرەکەش کە دەکاتە نیوە دێڕی پێنجەم لە هەموو کۆپلەکاندا بە زمانی فارسی نووسیوە, ئەمەش یەکێکە لەو جۆرە (مولەمەعە) ی شاعیر کە بە کێشی (مفعول مفاعیل مفعول مفاعیل) لە سەر بەحری (هەزەجی موسەمەتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزوف) نووسیویەتی، ئەم جۆرە لە ملمع بۆ ئەو سەردەمەی وەفایی تازە و نوێ بووە.
هەروەکو وەفایی شاعیردەڵێت :

**غەمزە و نیگەهـ و ڕوو لە خەمی زولفی دو تادا**
**وەك نەشئە لە مەی, زوهرە لە نێو شامی سیادا**
**تۆی جیلوە دەکەی یانە مەلاییك لە سەمادا ؟**
**خەندەی گوڵە وا عەتری لە شەبنم بە سەبا دا**
**(یاخود ز شکر خندە عرق لبانت)**

★★★★★★★★★★★★★★★

**بۆ قەتڵی ((وەفایی)) کە بە دڵ ئەو گوڵی خەندان**
**فەرموویە بڕۆ نێرگسی سەرمەستی بە موژگان**
**قوربانی نیگاهی بوو بە غەمزێکی دڵ و جان**
**نەمدیوە دوو نیشانە بە تیرێکی لە ئینسان**
**(قربان شوم ای ترك بە این تیر و کمانت)** لا316

## باسی دوازدەیەم

## نەسخ (نسخ)

یەکێکـە لـەو هونـەرە جوانکاریانـەی بـەهۆی کـارتێکردنی شـاعیرانەوە بەرهەمـدێت, ئـەم کارتێکردنـەش هەنـدێکجار شـاعیر کاریگـەر دەبێـت بـە شـاعیرێکی سـەردەمەکەی خـۆی, یـاخود بـە شاعیرێکی پێش سەردەمەکەی خۆی و بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەی کە پێی کاریگەر بووە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر شاعیرە کارتێکراوەکە, ئەم کاریگەرییـەش دەبێـت هـەردوو لایەنـەکانی وشـەیی و واتـای بگرێتەوە, لە کۆندا بە بەشێك لە دزی شیعری ناویان بردووە, ((بریتی یە لە نووسینەوەی دەقێك, کە

له هەردوو ڕووی وشە و واتاوە ئاشکرا دیار بێ ئەم دەقە نوێیە لە دایکبووی دەقێکی پێشە خۆیەتی و بە هۆی ئەوەوە بەرهەمهێنراوە))[154] .

(وەفایی) یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەدەر نەبووە لەم کارتێکردنانە و هونەری (نەسخ) ی لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە و ئەمەش جۆرە داهێنانێك بووە لەلایەن شاعیرەوە ((وەفایی زۆرحەزی لە شیعری شاعیرانی دیکە کردووە, بەلاّم لە هەموویان پتر هۆگری نالی و شیعرەکانی بووە))[155] ، لە ئێستادا لە نێوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکاندا بەم هونەرە دەوترێت (دەقئاوێزان).

گەلێك جار (وەفایی) بیر و وێنە و وشەی هاوشێوە و هاواتایی لە شاعیرانی ترەوە وەرگرتووە و بە شێوازی خۆی دایڕشتووە بۆ نموونە (وەفایی) دەڵێت :

پەنجەی لە حەنا بەستووە ئایا گوڵم ئەمڕۆ؟
دەستی لە دڵی کوشتەیی خۆی خستووە یا خۆ   لا422

ئەم دێڕە شیعرەی (وەفایی) هاو واتا و هاو وشەیە, لەگەڵ دێڕە شیعرێکی (نالی), کە بە ڕوونی هەست دەکەین تا ڕادەیەکی زۆر (نەسخ) ی دێڕەکەی (نالی) یە کە دەڵێت :

حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەیی دەستی دڵدارم [156]

جگە لە ڕووی واتاییەوە, لە ئاستی وشەشدا زۆرێك لە وشەکانی (نالی) ی (نەسخ) کردووە, بۆ نموونە ئەم وشانەی لای خوارەوە لە هەردوو دێڕەکەدا بە ڕوونی بەر چاو دەکەون .

وەکو وشەکانی (حەنا, پەنجە, (دڵدار – گوڵ), دڵ, دەست, کوشتە) .

هەروەها لە دێڕێکی تردا شاعیر هونەری (نەسخ) ی زۆر بە جوانی بەکار بردووە و بە هەمان شێوەی دێڕەکەی پێشووتری کاریگەری دێڕە شیعرێکی (نالی) لە سەرە و (وەفایی) زۆر لێزانانە لە نیوە دێڕی دووەمدا توانای خۆی تاقی کردووەتەوە و بە وێنەیەکی تر دەریبڕیووە .

---

[154] - جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی, د . ئیدریس عەبدوڵلا, ل30 .

[155] - مێژووی وێژەیی کوردیی, صدیق بۆرەکەیی, بەرگی دووەم, چاپخانەی سپهر تبریز, بانە – کردستان, چاپی یەکەم, 1370 هەتاوی, ل200 .

[156] - دیوانی نالی, لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم), أنتشارات کردستان, سنندج, چاپی دووەم, 1379 هەتاوی, ل271 .

(وەفایی) دەڵێت :

**سووچی زوڵفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت**
**ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەکرێتەوە** **لا228**

ئـەم دێـڕەی سـەرەوە (نەسـخ) ی ئـەم دێـڕە شـیعرەی (نـالی) یـە لـە ڕووی واتـاوە کـە هـەردووکیان شیعرەکانیان لەسـەر دوو وێنـەی هونـەری بـەرز بونیـاد نـاوە کـە دەڵێـت : (گونـاهی شـەو زوڵفـە کـە پەروانـە ڕوو لـە چـرا دەکـات و دڵـی شـاعیریش بـە هـۆی ڕووی یـارەوە دەسـووتیَ) . ئەمـەش دێـڕە شیعرەکەی (نالی) یە :

**زوڵفت سەبەبە دڵ بە عوزارت دەسوتیَ**
**سوچی شەوە وا قاتیلی پەروانە چرایە** دیوانی نالی لا (534)

لە ئاستی وشەشدا ئەمانەی لای خوارەوە هاوبەشن (زوڵف, دڵ, (ڕوو – عوزار), سـوچ, شـەو, پەروانـە, (چرا – شەم) ).
جێی ئاماژەیە کە (وەفایی) شاعیر هونەری (نەسخ) ی تەنها لەسـەر شـیعری (نـالی) بـەکار نـەهێناوە, بەڵکو لە دێڕێکدا ئەم هونەرەی لەسەر دێڕە شیعرێکی (مەحوی) یش (نەسخ) کردووە. وەکو دەڵێت :

**ئولفەتی زولفت چییە قوربان لەگەڵ ڕوخساری تۆ؟**
**خۆ بە هیچ دینێکی نابیَ کوفر و ئیمان پێکەوە** **لا264**

بۆ ئەو مەبەستەش (مەحوی) شاعیر وتوویەتی :

**زاهید ئەو زوڵفەی لەسەر ڕووت دی, وتی :**
**کوفری وا ڕوو پۆشی ئەم ئیمانە بۆچ ؟**[157]

دەبینین لەهەر دوو دێڕەکەدا دوو وێنەی جیـاواز دەبینێـت, بـە هـۆی کـە (زوڵـف) یـان چوانـدووە بـە (کوفر) و (ڕووخسار) یش بە (ئیمان) . ئەمەش وشە هاو بەشەکانیانە (زولف, ڕوو, کوفر, ئیمان) .

---

[157] - دیـوانی مـەحوی, لێکدانـەوە و لێکۆڵینـەوەی (مـەلا عەبدولکـەریمی مـدرس و محەمـەدی مـەلا کـەریم), انتشـارات کردستان, سنندج, چاپی دووەم, 1395هەتاوی .

(وەفایی) لە دێڕە شیعرێکی دیکەیدا زۆربەی واتا و وشەکانی لە دێڕە شیعرێکی (کوردیی) شاعیر وەرگرتووە, کە دەڵێت :

**نە دینم بوو نە دونیا گەر نەکێشی خەت بە دیوانم**
**بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو   لا384**

شایانی باسە, (وەفایی) ئەم دێڕە شیعرەی لە سەر ناوەڕۆك و مەبەستی شیعرەکەی (کوردیی) شاعیر (نەسخ) کردووە و لە نیوە دێڕی دووەمیشدا (ئەمیشم چوو, ئەویشم چوو, بە جارێ ماڵی وێرانم) ی (کوردیی) هێناوەتە ناو دێڕە شیعرەکەیەوە و ئەوەندە هەیە پاش و پێشی بە وشەکان کردووە و کردوویەتی بە (بەجارێ ماڵی وێرانم, ئەویشم چوو, ئەمیشم چوو) . بۆ ئەو مەبەستەش (کوردیی) وتوویەتی :

**وەکو (کوردی) ی لە دوو جەژن بوو لە ناوی حیرەت و دەردا**
**ئەمیشم چوو , ئەویشم چوو , بە جارێ ماڵی وێران** [158]

## باسی سێزدەیەم

## لێوەرگرتن (اقتباس)

هونەرێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی, شاعیر هەندێکجار بە وەرگرتنی وتەیەك بێجگە لە وتەکانی خۆی دەربڕینەکانی پڕ واتا و بەهێز دەکات. ئەم وەرگرتنانەش بە شێوازێکی وا زەق تێکەڵ بە هۆنراوەکانی دەکات کە خوێنەر هەستی پێبکات کە ئەم وتەیە وەرگیراوە, بەڵام خوێنەری ئاسایی

[158] - دیوانی کوردیی, چاپخانەی کوردستان, هەولێر, چاپی سێیەم, 1972, ل30 .

واهەست دەكات كە ئەم وتەیە هی خودی شاعیر خۆیەتی ئەوەش دێڕە شیعرەكە, یاخود هۆنراوەكە بە پێز و بەهیز تر دەكات .

زانایانی ڕەوانبێژیش باسی ئەم هونەرەیان كردووە لەوانە (تقی الدین أبی بكر بن حجة الحموي) كە لە ساڵی (737ی كۆچی) دا مردووە, (اقتباس) بەسەر سێ زاراوەدا دابەش دەكات ئەوانیش بریتین لە ((- پەسەند : واتا ئەوەی لە ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر (د .خ)لێ بێت وەردەگیرێت (ئیقتیباس) دەكرێت پەسەندە . _ (مباح) ڕێگە پێدراو : واتە ئەوەی (ئیقتیباس) وەردەگیرێت دەكرێ, ڕێگە پێدراوە, ئاساییە لە قورئان و فەرمووده وەربگیرێت, بەڵام هەموو كات و هەموو جارو بۆ هەموو شوێنێك نا . _ (مردود) ڕەتكراوە یان قەبووڵ نەكراو000 واتە : نابێ ئەو ئایەتە یان فەرموودەیە وەربگیرێت و لە نوسینی ئەدەبیدا بەكار بهێنرێت))[159] . ئەم سێ زاراوەیە تایبەتن بە هونەری (اقتباس) ەوە, مەبەست لێیان وەرگرتنی ئایەت و فەرمووده و چۆنێتی بەكار هێنانیانە لە دەقی ئەدەبیدا و سەبارەت بە زاراوەی (مردود) یش مەبەست لێی وەرنەگرتنی ئایەتێك یان فەرموودەیەكە بە تەواوی و ببێتە نیوە دێڕێك, یان دێڕیكی تەواو ئەگەر بەم شێوەیە بوو ئەوا لە (اقتباس) دا وەرناگیرێت, چونكە دەچێتە خانەی هونەری (تێهەڵكێشە) وە .

لە ڕەوانبێژی فارسیشدا زۆر گرنگی بەم هونەرە دراوە و (علی اصغر حلبی) یش لە پێناسەی (لێوەرگرتن) دا دەڵێت : ((اقتباس لە هونەری جوانكارییدا بریتی یە لە وەرگرتنی ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز, یان فەرموودەیەك یان دێڕە شیعرێك بە شێوەیەك كە پیشانی بدات مەبەست لێی وەرگرتنە نەك دزینی ئەدەبی))[160] . ئەم پێناسەیەی (علی اصغرحلبی) هونەری (اقتباس) ی لە دزی شیعری (السریقه الشعریه) جیاكردووەتەوە .

(ئیدریس عەبدوڵڵا) یش لە بارەی (لێوەرگرتن) ەوە دەڵێت : ((بریتی یە لەوەی پەخشان یان شیعر شتێك لە قورئانی پیرۆز, یان فەرموودەیەكی پێغەمبەر (درو دو سڵاوی خوای لەسەر), یان هەرگوتەو دەربڕینێكی بەهێز لە خۆبگرێت, بەڵام مەرج لێرەدا ئەوەیە, كە وەرگیراوەكە, نابێت لە ڕستەیەكی سادە كەمتر بێت و نابێ ئاماژەش هەبێ, كە ئەو گوتەیە وەرگیراوە))[161] .

شایەنی باسە زانایانی بواری ڕەوانبێژی چەند جۆرێكی لێوەرگرتنیان دەست نیشان كردووە, لەگەڵ ئەو شوێنانەش شتی لێوەردەگیرێت, دەشێ هەریەكە لە مانە بێت : قورئانی پیرۆز, فەرموودەی

---

[159] - خزانة الادب وغاية الأرب, تقی الدین أبی بكر حجة, شرح : عصام شعیتو, دار مكتبة الهلال, بیروت, الطبعة الثانیة, 1991م, ص445 .

[160] - تأثیر قران و حدیث در ادبیات فارسی, دكتر علی اصغر حلبی, انتشارات اساطیر, تهران, چاپ ششم, 1399هتاوی, ص39 .

[161] - شێواز, د . ئیدریس عەبدوڵڵا, چاپخانەی منارە – هەولێر, چاپی یەكەم, 2012, ص 127 .

پێغەمبەر (د . خ) لێبێت, پەندی پێشینان, قسەی سەر زاری خەڵکی, بەشێك یا نیوە دێڕی شاعیرێکی هاو نەتەوە یان شاعیرێکی بێگانە, بەشی چیرۆکێك .
(وەفایی) ش یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکانەی کە چەند جۆرێکی (لێوەرگرتن) ی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە لەوانە :

## 1- لێوەرگرتن بە ئایەتی قورئانی پیرۆز

**من چلۆن مەحرووم ببم ئەی (رحمة للعالمین)**
**دێ سەدای (لا تقنطوا من رحمة الله) دەم بە دەم لا420**

لەم دێڕەی سەرەوەدا شاعیر لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا هونەری (لێوەرگرتن) ی بەکارهێناوە, لە نیوەی دێڕی یەکەمدا (رحمة للعامین) ڕستەیەکی تەواوە و بەشێکە لە ئایەتی (107) ی سورەتی (الانبیا ) و لە نیوە دێڕی دووەمیشدا (لا تنقنطوا من رحمة الله) واتە : لە ڕەحمەتی خودا نا ئومێد مەبن, شاعیر لە ئایەتی (53) ی سورەتی (الزمر) ەوە وەریگرتووە و هۆنراوەکەی پێ بەهێز و جوانکردووە .
شاعیر لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**مەوجی دەریای بێ جێ و سکوون, کێشامیە گێژاوی پڕ خوون**
**((انا الیە راجعون)), یا غەوسی سانی هیممەتێ لا342**

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا بەشێك لە ئایەتی (153) ی سوورەتی (البقرە) ی وەرگرتووە, ئەگەر تەواوی ئایەتەکەی نەهێناوە, بەلاّم ڕستەیەکی تەواوی لێوەرگرتووە و واتاکەی هێناوە, بەوەش هونەری (لێوەرگرتن) بەرهەمهاتووە .

## 2 – لێوەرگرتن بە فەرموودە :

**تۆ بیی و تەشریفی (لولا) و سیڕڕی (مازاغ البصر)**
**تۆ و مەقامی (لی مع الله), تۆ بیی و نووری قیدەم لا412**

(لولا) واتە : ئەگەر تۆ نەبویتایە, یاخود لە پێناوی تۆدا نەبوایە, (تۆ) مەبەستی (پێغەمبەر) ە (د . خ) لـە سـەر بێـت, شـاعیر (لـولا) ی لـە فـەرموودەی ((لـولاك لـولاك ماخلقـت ألافـلاك))[162] ەوە وەرگرتووە و بە دێڕە شیعرەکەی تێکەڵکردووە, بەوەش (لیوەرگرتن) بەرهەمهاتووە .

## 3 – لێوەرگرتن بە پەندی پێشینان :

لێرەدا شاعیر پەندێکی پێشینان کە لە ڕستەیەکی تەواو کەمتر نـەبێت, یـاخود واتاییـەکی تـەواو بدات بە دەستەوە وەردەگرێت و شیعرەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات, بۆ نموونە :

**هەر گوڵێ ڕەنگێکی بۆنی ڕەنگ و بۆی دڵبەر دەدا**
**ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشاکەن! بە چاوی ئیعتیبار لا26**

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەم دا وتویەتی : هەرگوڵێك ڕەنگ و بۆیەکی هەیە, هەریەکە لـەو گوڵانـەش ڕەنگ و بۆیان لە یارەوە وەرگرتووە, شاعیر ئەم قسەیەی لەو پەندە کوردیەوە وەرگرتووە کە دەڵێت : (هەر گوڵێك ڕەنگ و بۆیەکی خۆی هەیە), قسەکەی خۆی پـێ بـەهێز کـردووە بـێ ئـەوەی بڵێـت لـەو پەندەوە وەرمگرتووە, بەمەش هونەری (لێوەرگرتن) بەرهەمهاتووە .
هەروەها شاعیر دەڵێت :

**دەمی هێنا, دڵم کردە نیساری پێکەنی و فەرمووی**
**کە زەڕڕێکیش بێ ون نابێ ((وەفایی))! چاکە هەر چاکە لا232**

شاعیر لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمی ئەم دێڕەی سەرەوەدا پەندێکی پێشینانی وەرگرتووە کـە دەڵێـت (هـەر چـاکە چـاکە), بـەڵام (وەفـایی) لـەم دێـڕەدا وشـەی (هـەر) ی وەك بڕگەیـەك لـە ناوەڕاسـتی پەندەکەدا هێناوەتەوە و پاش و پێشی بە وشەکان کردووە بـێ ئـەوەی هـیچ گۆڕانکارییـەك لـە واتـایی پەندەکەدا بگۆڕیت, بەمەش دێڕە شیعرەکەی پێ بەهێز و جوانکردووە و هونـەری (لێـوەرگرتن) یـش بەرهەمهاتووە .

## 4 – لێوەرگرتن بە قسەی سەر زاری خەڵك, یاخود گوتەی باوی ناو کۆمەڵگا :

---

[162] - نوری نەمر, محمد فتح الله گولەن, بەرگی یەکەم, وەرگێڕانی : دەستەی وەرگێڕانی دەزگای چاپ و پەخشی کـانی عیرفان, دەزگای چاپ و پەخشی کانی عیرفان, 2012, ل7 .

لێرەدا شاعیر هەندێکجار وتەیەکی سەر زاری خەڵکی کە واتایەکی تەواو بدات بە دەستەوە و باو بێت لە ناو کۆمەڵگادا وەردەگرێت و مەبەستەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات, بۆ نموونە :

**من دڵم بۆ ماچێکی بە زولفی دا کوتی :**
**ئەی پەشیمانم! ((وەفایی)) مەستە سەوودای بەرهەمە** لا220

(مەستە سەوودای بەرهەمە) قسەی سەرزاری خەڵکە بە تایبەت لە ناوچەی موکریان زۆر باوە, ئەم وتەیەش لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان بەم شێوەیە لەناو خەڵکدا باوە کە دەڵێن (سەودای مەست قەبوڵ نیە), یان (قسەی شەو قبوڵ نیە) شاعیر ئەم وتەیەی وەرگرتووە و دێڕە شیعرەکەی پێ بەهێز کردووە, بێ ئەوەی ئاماژەش بە پەندەکە بکات بەمەش هونەری (لێوەرگرتن) بەرهەمهاتووە .
شاعیر دیسان دەڵێت :

**دڵ کە لە تۆ زیز بووە, خوێن وەسەری کەوتووە**
**تیفلە گڕووی گرتووە, بەو مەمە ژیری بکەوە** لا222

شاعیر (تیفلە گڕوی گرتووە) ی لەو وتە باوەی ناو کۆمەڵگای کوردەوارییەوە وەرگرتووە کە دەڵێن : (وەك منداڵ وڕکی گرتووە) لە ڕستەیەکی تەواو کەمتر نیە و واتایەکی تەواو ئەدات بە دەستەوە, بەمەش هونەری (لێوەرگرتن) بەرهەمهاتووە .

5 – لێوەرگرتن لە شیعر :

لێرەدا شاعیر بەشێك لە شیعری شاعیرێکی تری نەتەوەکەی, یاخود نەتەتەوەیەکی تر, کە لەڕستەیەك کەمتر نەبێت, یاخود واتایەك بگەیەنێت وەردەگرێ و قسەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات, بۆ نموونە :

**ئەلا ئەی ساقی مەستان! بە حەققی پیری مەیخانە**
**بە گەردش بێنە جامی مەی بە یادی چاوی جانانە** لا223

شاعیر (ئەلا ئەی ساقی مەستان) ی لەو غەزەلە بەناو بانگەی (حافزی شیرازی) یەوە وەرگرتووە, کە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەمی غەزەلەکەی بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت : (ألا یا أیها الساقی أدر کاسا

و ناولها)[163] . لێرەدا هەردوو شاعیر هاوار و بانگ لە ساقی دەکەن, (وەفایی) بەشێك لە نیوە دێڕەکەی (حافز) ی وەرگرتووە بێ دەستکاری ورەیگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بێئەوەی هیچ ئاماژەیەك هەبێت کە لە کەسێکی ترەوە وەریگرتووە, قسەکەی خۆی پێ بەهێز کردووە, بەمەش هونەری (لێوەرگرتن) بەرهەمهاتووە .

## باسی چواردەیەم

## تێکهەڵکێش (التضمین)

[163] - مەحرەمی ڕاز شەرحی غەزەلیاتی حافز, ئەکرەم عەنەبی, بەرگی یەکەم, چاپخانەی خانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان, هەولێر, 2009, ل5 .

یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی, کە شاعیر بۆ خستنە ڕووی توانای شیعری و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان وتەکانی خۆی و ئەو وتانەی تێکهەڵکێشی شیعرەکەی دەکات, لە نێو دەقێکی ئەدەبیدا بەکاری دەهێنێت, ئەمەش هیزێکی زیاتر بە نموونە شیعرەکانی شاعیر دەدات .

(خەتیبی قەزوین) یش لە بارەی تێکهەڵکێشەوە دەڵێت : ((ئەوەیە کە شیعر شتێك بێجگە لە شیعری بێجگەی خۆی وەربگرێ, لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی کە وەریگرتووە, ئەمە ئەگەر هاتوو شیعرە وەرگیراوەکە لەلای خەڵکی ناسراو نەبوو))[164] . بەپێی ئەم پێناسەی (قەزوینی) مەرج نیە هەموو کات شاعیر ئاماژە بە وتە وەرگیراوەکە بکات, بەلاّم بەو مەرجەی وتەکە ناسراو بێت .

(احمد مطلوب) یش لە پێناسەی (التضمین) دا دەڵێت : ((بریتی یە لەوەی شاعیر دێڕێك یا نیوە دێڕە شیعرێك بێجگە لەوەی خۆی, یاخود ئایەتێك یان وتەی کەسێکی تر وەربگرێت, تێکهەڵکێشی هۆنراوەکەی خۆی بکات))[165] .

لە ئەدەبی کوردیشدا باس لەم هونەرە کراوە و (ئیدریس عەبدوڵلاّ) ش لە بارەی (تێکهەڵکیش) ەوە دەڵێت : (( بریتییە لە تێهەڵکێش کردنی رستە و گوتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی شاعیر لە نوێ دایدەڕێژێت, جا گوتە و رستەکە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بێت, یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری خۆشیەویست بێت (درودو سلاّوی خوای لەسەر), یان پەندێکی پێشینان, یان نیوە دێڕ و دێڕە هۆنراوەی شاعیرێکی تر, یان تەنانەت شیعرێکی تەواوی شاعیرێکی تر, یان هەر دەبڕینێکی تربێت, بەو مەرجەی لە سنوری رستەیەکی سادە کەمتر نەبێت و ئاماژەش هەبێت, کە ئەم رستەیە وەرگیراوە و بەشێکی دیکە نییە لە گوتاری خودی شاعیرەکە))[166] , ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین ئاماژە بە شتە وەرگیراوەکە بکرێت, ئەگەر ڕستە وەرگیراوەکە ناسراو نەبوو لای خەڵکی .

بە بەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوەیەی شتەکەی لێوەردەگیرێت (وەفایی) چەند جۆرێك تێهەڵکێشی بەکارهێناوە ئەوانیش بریتین لە :

1- **تێکهەڵکێش بە ئایەتی پیرۆز** : شاعیر ئایەتێك یان بەشێك لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز وەردەگرێ و تێکهەڵکێشی هۆنراوەکەی خۆی دەکات و ئاماژەش بەو ئایەتە وەرگیراوە دەکات, بۆ نموونە (وەفایی) دەڵێت :

---

[164] - کتاب المختصر المعاني, سعد الدین التفتازاني, تحقیق : محمد عثمان, مکتبة الثقافة الدینیة, القاهرة, الطبعة الاولی, 1430ه – 2009م, ص233 .

[165] - معجم المصطلحات البلاغیة وتطورها, الدکتور أحمد مطلوب, مکتبة لبنان ناشرون, بیروت – لبنان, 2007, ص372.

[166] - جوانکاریی شیعری نوێی کوردی, د . ئیدریس عەبدوڵلا, چاپخانەی هێڤی, هەولێر چاپی یەکەم, 2012, ل70 .

**کەوتمە خاکی دەرکی هاتن بمکوژن خۆش بەو دەمە**

**(قال رب البیت : هان! لا تقتلوا صید الحرم) لا424**

(لا تقتلوا صید الحرم) بەشێکە لە ئایەتی (95) ی سورەتی (المائدة) تێهەڵکێشی دێڕە شیعرەکەی کردووە و دەبینین شاعیر خۆی ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوەی خستوومەتە نێو شیعرەکەمەوە وتەی خوای کەعبەیە واتا ئایەتی قورئانی پیرۆزە, بەمەش هونەری (تێکهەڵکێش) بەرهەمهاتووە. دیسان (وەفایی) شاعیر لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەی خەتتی ڕووت**

**ئایەتە : ((چی داخڵی کەعبەی بوو نایبێ ترس و غەم)) لا420**

لە نیوە دێڕی دووەمدا شاعیر ئایەتی (97) ی سورەتی (آل عمران) وەرگرتووە و وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و تێکهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە, کە خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿و من دخله کان آمنا﴾, لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمیشدا ئاماژەشی بەوە داوە کە ڕستە وەرگیراوەکە ئایەتە, بەمەش هونەری (تێکهەڵکێش) بەرهەمهاتووە .

2- تێکهەڵکێش بە پەندی پێشینان :

بێ گومان وەفایی شاعیر وەکو پیاوێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی دیاری سەردەمەکەی خۆی هۆشیاری هەبووە بەرامبەر کلتور و زمان و بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە و پێشوتریش, بۆ ئەمەش بێگومان ئاگاداری پەندە باوەکانی زمانی کوردی بووە وەك خەمێك بۆ زیندو ڕاگرتن و نەمرکردنی ئەو پەندانە لە قاڵبی شیعردا هاتووە و تێکهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی کردووە, وەکو لەم دێڕە شیعرەدا دیارترین پەندی کوردی کە دەڵێت : (قسە هەزارە یەکی بەکارە), یان لە هەندێ ناوچەدا دەوترێ (قسە هەزارە دووانی بەکارە) تێکهەڵکێشی نیوە دێڕێکی خۆی کردووە و لەبەر پێویستی شیعری وتوویەتی (قسە بیست و چوارە, هەر یەکێکیان بەکارە), کە درکەیە لە کورتبڕی و بڕینەوەی قسە دەڵێت :

**قسە بیست و چوارە, هەر یەکێکیان بەکارە**

**ڕێگای خودای دیارە, بمرە ببە ڕەستگار لا22**

ئەوەی جێی ئاماژەیە کە وەفایی شاعیر شیعرەکانی نەك هەر تێکهەڵکێشی بە پەندی کوردی کردووە, بەڵکو ئەوەتا پەندێکی تورکیشی تێکهەڵکێشی نیوە دێڕێکی خۆی کردووە و دەڵێت :

**دەوری دوون هەر بەدڵی مونعیمی دوون دێ و دەگەڕێ**

**مەسەلی تورکییە : ((حیز حیزە تا پارسون, چغری)) لا330**

لە شیعرەکەدا دەڵێت زەمانە کە دوون و خراپەکارە هەر بەدڵ و کامی دوون و خراپەکارەکان دەگەڕێت، وەکو لە پەندە تورکییەکەی نێو کەوانەکەدا ئاماژەی پێداوە و ئەم پەندە بەرامبەر دەبێت لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەدا کە دەڵێت((مەنجەڵ، سەرقاپی خۆی دەدۆزێتەوە)) .

شایەنی باسە ئەوەی (تێهەڵکێش) لە (لێوەرگرتن) جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لە تێهەڵکێشدا وەرگیراوەکە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام لە لێوەرگرتندا هیچ ئاماژەیەك نیە، بەڵام هەندێکجار وەرگیراوەکە دەخرێتە نێو کەوانەوە.

## باسی پازدەیەم

## پێنجخشتەکی (التخمیس)

هونەرێکی شیعری فارسییە, شاعیرانی کلاسیکی کوردیش بەهۆی کاریگەری شاعیرانی فارسەوە پەیرەی ئەم هونەرەیان کردووە و زانایانی بواری ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا خستوویانەتە خانەی هونەری جوانکارییەوە .

(محمد سعید ابراهیمی محمدی) یش بەم شێوەیە پێناسەی (تخمیس) دەکات و دەڵێت : ((بەو مانایە شیعرێ لە شاعیرێکی دیکە لە نێو سێ (مصرع) ی خۆیدا جێ بدا))[167] . واتە شاعیر دێڕە شیعرێکی شاعیرێکی ناودار دەکاتە بناغە بۆ شیعرێکی خۆی و لەهەر پێنجینێکیدا سێ نیوە دێڕی خۆی دەخاتە سەر، بەهەمان کێش و سەروا .

وەفایی شاعیریش وەکو شاعیرێکی دیاری نێو ئەدەبی کلاسیکی شارەزایەکی گەورەی هەبووە, سەبارەت بە فۆرم و ڕووخساری شیعری پێش خۆی و سەردەمەکەی خۆی پێنجخشتەکیش وەکو هونەرێکی جوانکاری, تاقیکردنەوەی توانای خۆی بەکارهێناوە و ویستوویەتی بڵێن ئێمەش توانامان هەیە کە بە هەمان کێش و هەمان سەروا و هەمان ناوەڕۆك وەکو شیعری شاعیرانی پێش خۆمان بنووسین و هاوشانی ئەوان بین, هەر بەخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە وەفایی شاعیر کاریگەرییەکی گەورەی (نالی) ی شاعیری لەسەر بووە, بۆ ئەو مەبەستەش هاتووە پێنجخشتەکیەکی لەسەر غەزەلێکی دیاری (نالی) کردووە و دەڵێت :

**باغەوانی خولد پەروەردەی مەنیجەی کردووە**

**فێری سەد ناز و نیاز و شەرم و عیشوەی کردووە**

**هەر بەشیرەی جان, شیرین پەروەریدەی کردووە**

**((گوڵبونی قەدت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە**

**غونچە بەم شیرینی یە قەت نەیشەکەر نەیکردووە))**

*******        ********

**چاوەکەی مەستی دەڵێن : دەستی بەفیتنەی کردووە**

**کافرە, مەنعی مەکە پشتی لە قیبلەی کردووە !**

---

[167] - گەشتێ لە عیلمی بەلاغە معانی, بدیع, عروض, قافیە, محمد سعید ابراهیمی محمدی, آذربایجان غربی – مهاباد, 1334هەتاوی, ل113 .

وەك (وەفایی) ڕۆژ و شەو ناڵین و گریەی كردووە

((بۆ مەمك (نالی) چ منداڵانە وەی وەی كردووە !

گەرچی مووی وەك شیرە, بەو شیرە شكۆفەی كردووە))[168]

[168] - لە بابەت مێژووی ئەدەبی كوردی یەوە, دكتۆر مارف خەزنەدار,چاپخانەی دار المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة, بەغدا, 1994, ل193- 195 .

# بەشی سێیەم :

## هونەرەکانی جوانکاری واتایی

## لە شیعری (وەفایی) دا

## جوانکاری واتایی (المحسنات المعنویة)

باسێکی سەرەکی جوانکارییە و گرنگی بە ڕوونی واتاکان دەدات و بەشدارە لە ڕازاندنـەوەی دەقی ئەدەبیدا، بە تایبەت یەکخستنی واتاکان و بەخشینی مۆسیقای ناوەوە و پێدانی شیعریەت بە دەقەکە، لـەم جۆرەیانـدا ((جوانکردنەکـە بـە زۆری بـۆ واتـا دەگەڕێتـەوە، ئەگەرچـی هەنـدێکیان بـە واتـای جوانکردنی دەربڕینیش دێن, نیشانەکەشی ئەوەیە، ئەگەر دەربڕینێکی دەقەکە بە هاو واتاکەی گۆڕا، جوانکاریە ئاماژە بـۆ کراوەکـە ناگۆڕێت، چـونکە مەبەسـت لـەم جوانکارییـە جـوانکردن و باشـکردنی مانایە))[169] .

(عەزیز گەردی) یش لە پێناسەی جوانکاری واتاییدا دەڵێت : ((لەو جوانییە دەدوێت کە لە ناخی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێ و دونیای ئەدەبەکە دەڕازێنێتەوە))[170] .

ئەم بەشەی جوانکاریش هونەرێکی زۆری لە خۆ گرتووە و وەفایی شاعیر وەکو شاعیرێکی ورد و خـاوەن سـەلیقە بـۆ ڕازاندنـەوە و ڕەونەقپێـدانی واتـای شـیعرەکانی بایـەخێکی زۆری بـەم لایەنـەی جوانکاری داوە، گـرنکترین ئـەو هونەرانـەی کـە وەفـایی بـەکاری هێنـاوە لـەم بەشـەدا ژمارەیـان (19) هونـەرە، بـریتین لـە : ( دژیـەك (الطبـاق)، بەرامبـەری (المقابلـە)، جێگـۆڕکێ (العکس)، تێلنیشـان (التلمـیح)، کۆکردنـەوە (الجمـع)، لێککردنـەوە (التفریـق)، دابەشـکردن (التقسـیم)، ڕاڤـە (التفسـیر)، پەندبێژی (ارسال المثل)، زیادەڕەویی (المبالغە)، جوانی بایس (حسن التعلیل)، پێکەوە گونجان (مراعاة النظیر)، خۆگێلکردن (تجاهل العارف)، پێچان و کردنـەوە (اللـف والنشـر)، پۆشـین (التوریـە)، ئاڕاسـتە (التوجە)، بادانەوە (الرجوع)، لۆمە لە بەرگی وەسفی (الذم بما یشبە المدح)، داهێنان (ابداع) ).

---

[169] - البلاغە والاسلوبیة، یوسف أبو العدوس، ص132 .

[170] - ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا (جوانکاری)، عەزیز گەردی، ل5 .

## باسی یەکەم

## دژیەك (الطباق)

یەکێکە لە هونەرە جوانکارییەکان کە شاعیران بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاریانهێناوە لە ئارایی شیعرەکانیاندا، توانای زۆر لەو شاعیرانەی دەرخستووە کە بایەخیان بە ڕووخساری شیعرەکانیانداوە، ئەم هونەرە لە جوانکردنی مانای شیعریشدا یەکجار دڵڕفێن دەبێت.

(سەکاکی) یش بەم شێوەیە پێناسەی دژیەك دەکات و دەڵێت : ((ئەوەیە کە دوو وشەی دژ بەیەك کۆبکرێنەوە))[171] .

(امین ابو لیل) یش لەم بارەیەوە دەڵێت : ((بریتییە لە کۆکردنەوەی نێوان دوو دژ لە ئاخاوتندا))[172] , زۆربەی ئەو پێناسانەی لەلای ڕەوانبێژانی عەرەب کراوە لەسەر ئەم هونەرە, ڕاستە کەم تا زۆر جیاوازییەکیان هەیە, بەلاّم هەموویان جەخت لەسەر یەك شت دەکەنەوە.

(عەزیز گەردی) یش لە ئەدەبی کوردیدا بەم شێوەیە پێناسەی دژیەك دەکات و دەڵێت : ((دژیەك بریتی یە لە هێنانی دوو وشەی مێملّ و دژیەك، یا ڕوو بە ڕووکردنی دوو واتای پێچەوانە))[173] , ئەم پێناسەیەی (گەردی) هەمان ئەو پێناسەیەی (سەکاکی) یە کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

بەکورتی : دژیەك بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشەی دژبەیەك لە مانادا.

(دژیەك) یش دوو جۆری هەیە :

یەکەم : دژیەکی فەرهەنگی (طباق الایجاب)

دووەم : دژیەکی نافەرهەنگی (طباق السلب)

وەفایی شاعیر بەم شێوەیە دژیەکی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە :

**یەکەم : دژیەکی فەرهەنگی** : هێنانی دوو وشەی دژ بەیەکە کە ڕەگەزیان جیاواز بێت و هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆ بێت، ((ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشەکانی لە فەرهەنگی زمانەوە هەریەکە و ڕەگێکی سەربەخۆیان هەیە))[174] ، دوو وشە دژ یەکەکانیش بە پێی ئەرکی ڕێزمانی و ژمارەی وشە دژ بەیەکەکان دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێکدا ئەوانیش بریتین لە :

1- دژیەکی ناوی : ئەوەیە کە دوو وشە دژ بە یەکەکان ناوبن، بۆ نمونە :

---

171 - مفتاح العلوم، السكاكی، ص179 .

172 - علوم البلاغە (المعانی والبیان والبدیع)، د. امین ابولیل، دار البركة النشر والتوزیع، عمان – أردن، 2003م، ص214 .

173- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا (جوانکاری)، عەزیز گەردی, ل39 .

174 - لایەنە ڕەوانبێژیەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، ئیدریس عەبدوڵلا، ل249 .

**شەویٚ هەر تاکوو ڕۆژیٚ هەر بنالٚم**

**بە گریان دەست و دامانی سەحەر بم لا400**

(شەو) و (ڕۆژ) دوو ناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیشدا دوو وشەی سەربەخۆن و شاعیر بۆ درێژەدان بە گریان و ناڵینەکەی لە شەوەوە دەست پێدەکات هەتا وەکو ڕۆژ دەبێتەوە، زۆر بە جوانی دژیەکی لە نێوان دوو وشەی مانا جیاوازدا دروست کردووە، بەمەش (دژیەکی فەرهەنگی ناو) ی بەرهەمهاتووە.

**عەجەب ماوم بە چاوت وا بە بیماری دڵ ئازارە**

**چ کافر میللەتە یاڕەب لە مەستیدایە بە هۆشیاری لا322**

لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەکانی (مەست) و (هۆشیار) ی دوو ناوی واتایین و دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیشدا دوو وشەی سەربەخۆن و مانا جیاوازن، بەمەش (دژیەکی فەرهەنگی ناو) ی بەرهەمهاتووە.

2- دژیەکی کرداری : ئەو دژیەکەیە کە دوو وشە دژ بەیەکەکان کرداربن، بۆ نمونە :

**چەند بە ناز دێی و دەچیٚ سەرخۆش و شۆخ و شەنگ و مەست**

**ئەی گوڵی نازدار، ئیلاهی، بای خەزانت لیٚ نەدا لا31**

(دیٚ) و (دەچیٚ) دوو کرداری دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگیشدا ڕیشەی سەربەخۆ و مانای جیاوازیان هەیە، شاعیر بۆ ناز و شۆخ و شەنگی یارەکەی هەر دوو وشەکەی لە نیوە دێڕی یەکەمدا کۆکردووەتەوە، بەمەش (دژیەکی فەرهەنگی کردار) ی بەرهەمهاتووە.

**هەر لەحزە کە دیٚ پێدەکەنیٚ حەقمە کە بگریم**

**پشکووتنی گوڵ مایەیی بارانی بەهارە لا242**

(پێکەنین) و (گریان) دوو کرداری دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگیشدا هەریەکەیان ڕیشەی سەربەخۆ و مانای جیاوازیان هەیە، شاعیر لە بەرامبەر بارانی بەهار و پشکووتنی گوڵدا لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕەکەدا دژیەکێکی جوانی دروست کردووە، ئەویش (پێکەنین) و (گریان) ە، کە

یەکەمیان بە پشکووتنی گوڵ و دووەمیان بە بارانی بەهار، بەمەش (دژیەکی فەرهەنگی کردار) ی بەرهەمهاتووە .

3- دژیەکی ئاوەڵناوی : ئەو دژیەکەیە کە دوو وشە دژ بە یەکەکان ئاوەڵناو بن، بۆنمونە :

**گەرچی سەرمایەم نییە خۆ موستەحەققی ڕەحمەتە**
**ڕەنگی زەرد و ڕوویی ڕەش، موویی سپی و فرمێسکی سوور لا63**

(ڕەش) و (سپی) دوو ئاوەڵناوی چۆنیەتی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیشدا سەربەخۆن و هەریەکەیان مانای جیاوازیان هەیە، شاعیر ڕوویی (ڕەش) و موویی (سپی) کردووەتە سەرمایەیەك بۆ بەخشینی ڕەحمەتی خودا، سەرەڕای نەبوونی خێر و چاکە، بەمەش (دژیەکی فەرهەنگی ئاوەڵناو) ی بەرهەمهاتووە .

**غەیری ئاوی زۆر و کەم، بە زەمزەمەی زیر و بەم**
**دەخوێنین بە هەموو دەم، مەعریفەتی گرگار لا21**

(زۆر) و (کەم) دوو ئاوەڵناوی چۆنیەتی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیشدا سەربەخۆن و هەریەکەیان مانای جیاوازیان هەیە، بەمەش (دژیەکی ئاوەڵناو) ی بەرهەمهاتووە .

**لەسەر ڕووت کازیبەی زولفت وەلابە**
**کە سادیق بێ تولوعی ئافتابە لا202**

(کازیب) و (سادیق) دوو ئاوەڵناوی چۆنیەتی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیشدا سەربەخۆن و هەریەکەیان مانای جیاوازیان هەیە، شاعیر زۆر بەجوانی لە دێڕەکەدا دوو وشەی دژی کۆ کردووەتەوە و وێنەیەکی جوانی دروست کردووە، (کازیب) کە نیشانەی ڕەشیە بە زوڵفی یار و (سادیق) کە نیشانەی ڕووناکیە بە کازیوەی بەیان و بە ڕووخساری یاری چواندووە، بەمەش (دژیەکێکی فەرهەنگی ئاوەڵناو) ی جوانی دروست کردووە .

4- دژیەکی کرداری و چاوگی : ئەو دژیەکەیە کە دوو وشە دژیەکەکان یەکێکیان کردار و ئەوی تریان چاوگ بێت، بۆ نمونە :

**به قسەم بکە ((وەفایی)) بمرە هەتاکوو ماوی**

**وەسڵی بەقا بە ئایات ئەوا لە مردنت دا    لا21**

(مان) بە واتای (تۆ ماویت) ماویت : کرداری تێنەپەڕە، (مردن) چاوگە و ئەم دوو وشەیە دژ و پێچەوانەی یەکن و لە فەرهەنگیشدا سەربەخۆن و مانای جیاوازیان هەیە، ئەم شیعرە عیرفانییە و لە عیرفاندا وەسڵ لە مەرگ دایە کە شاعیر لە بەرامبەر (مان) دا هێناوییەتی، بەمەش دژیەکێکی جوانی (فەرهەنگی کرداری و چاوگی) دروست کردووە .
بە پێی ژمارەی ئەو وشانەی کە دژیەکەکان دروست دەکەن، هەندێکجار شاعیر لە سنوری دێڕە شیعرێکدا زیاتر لە یەك حاڵەتی دژیەکی دروست دەکات، وەفایی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە شیعرەکانیدا دژیەکی (یەك حاڵەت) و دژیەکی (دوو حاڵەت) ی بەکاربردووە و دژیەکی (یەك حاڵەت) ی وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان بە چەند نمونەیەکی شیعری وەفاییدا, سەبارەت بە دژیەکی (دوو حاڵەت) یش وەك :

**بە یادی پێکەنینی تۆ کە دەگریم و دەبارێنم**

**دەبێتە مەنبەعی شیر و شەکەر شۆراوی دەریاکەم    لا432**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (پێکەنین) و (گریان) دژیەکێکی جوانیان دروست کردووە و بەهەمان شێوە لە نیوەی دووەمی دێڕەکەدا، وشەکانی (شیر و شەکەر) و (شۆراو) دووبارە دژیەکیان دروست کردووەتەوە و ئەم دوو وشەش لە دوو ڕەگەزی جیان و ماناشیان جیاوازە، شاعیر ئەنجامی دروست بوونی دەریای شۆراو دەگەڕێنێتەوە بۆ گریانی خۆیی و بوونی ئەو دەریایەش بە کانگای شیر و شەکر بە یادی پێکەنینی شیرینی یارە، بەمەش (دژیەکی دوو حاڵەت) ی بەرهەمهاتووە .

**دا بزانن خەت لە دەوری عاریزی هات و کوتی:**

**((هەرچی نەیدیوە شەو و ڕۆژ نوور و زولمەت پێکەوە!))    لا261**

لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەکانی (شەو) و (ڕۆژ) کە دژ و پێچەوانەی یەکن و وشەکانی (نور) و (زوڵمەت) بە هەمان شێوە دژ بە یەك هاتوون، هەریەك لەم دوو وشانەش لە دوو ڕەگەزی سەربەخۆن و ماناشیان جیاوازە و زیاتر لە حاڵەتێکی دژیەکیان دروست کردووە، شاعیر زۆر بە

جوانی له نیوه دێڕێکدا چوار وشەی دژ و پێچەوانەی کۆ کردووەتەوە و دەڵێت: ئەم چوار وشە دژیەکەش پێکەوە دەگونجێن، بەمەش (دژیەکی دوو حاڵەت) ی جوان بەرهەمهاتووە .

**دووەم : دژیەکی نافەرهەنگی :** ئەم جۆرە دژیەکە لە عەرەبیدا (طباق السلب) ی پێدەڵێن، کە ئەمەش دوو وشەی دژ بەیەکن و پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای ئەرێ و نەرێی دروست کرابێت، ((ئەوەیە کە وشەیەك لە ڕستەدا بەکاربهێنی و دوایش بە هۆی ئامرازی (نە، نا) وە هەمان وشە نەفی بکەی))[175] .

وەفایی وەکو شاعیرانی تری کلاسیکی لەم جۆرە جوانکارییەی بە کاربردووە و شیعرەکانی پێ ڕازاندووەتەوە وەك :

**هەر چاوەنوارم کە کوتت دێم و نەهاتی**
**یارەب مەدەدێ! سالیکی ڕێی هات و نەهاتم لا403**

وەفایی شاعیر، وشەی (هات) ی بەکارهێناوە و بەدوایدا و بەهۆی ئامرازی نەرێی (نە) وە هەمان وشەی نەرێ کردووە، بەم شێوەیە وشەی (هات) لە واتادا پێچەوانەی (نەهات) بووەتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا یەك ڕەگیان هەیە، بەمەش (دژیەکی نافەرهەنگ) ی بەرهەمهاتووە .

**ئەی دەم و خەندەت دەلیلی دەعویی بوون و نەبوون**
**ئەی برۆ و باڵات بەیانی مەعنیی نوون و قەڵەم لا412**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، (بوون) چاوگێکە و ئەرێیە، لە هەمان کاتدا (نەبوون) نەرێیە و هەر دووکیان یەك ڕەگیان هەیە، بەڵام بە هۆی (نە) ی نەرێوە بوونەتە دوو وشەی دژ بەیەك، هەریەکە و واتایەکی جیاواز دەبەخشن، بەمەش (دژیەکی نافەرهەنگ) ی بەرهەمهاتووە .

---

[175] - **هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، عەبدولسەلام سالار، ل464 .**

## باسی دووەم

## بەرامبەری (المقابله)

ئەمەش یەکێکە لە هونەرە جوانکاریە واتاییەکان، شاعیران بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی شیعری بەکاریدەهێنن، ئەم هونەرە وەك دژیەك وایە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە لە دژیەکدا وشەیەك دێت ئینجا دژەکەی، بەڵام بەرامبەری چەند وشەیەك دێت، ئینجا دژەکانی لە بەرامبەردا دێن و مەرجیشە لە بەرامبەریدا دژیەکەکان لە چوار وشە کەمتر نەبن .

(محمد التونجی) لە کتێبی (المعجم المفصل فی الأدب) دا بەم شێوەیە پێناسەی (المقابلە) ی کردووە و دەڵێت : ((ئەوەیە کە دوو واتای گونجاو یان زیاتر بهێنرێتەوە، دواتر بەڕێکی و بەڕیز دژ و بەرامبەرەکانیان بەڕێکی بهێنرێتەوە))[176] .

لە ئەدەبی کوردیشدا (عەزیز گەردی) یش تاڕادەیەك هەمان پێناسەکەی سەرەوەی بۆ بەرامبەری بەکارهێناوە و دەڵێت : ((لە پێشاندا چەند وشەیەك دێ ئینجا بە ڕێکی یەکەیەکە دژەکانیان دێت))[177] ، بە گشتی زانایانی بواری ڕەوانبێژی دوو جۆر بەرامبەریان دیاریکردووە ئەوانیش :

یەکەم : بەرامبەری ڕێك

دووەم: بەرامبەری ناڕێك

وەفایی شاعیر هەر دوو جۆرەکانی بەرامبەری لە شیعرەکانیدا بەکاردووە، وەك :

یەکەم : بەرامبەری ڕێك : ئەوەیە کە وشەکانی بەشی دووەم بە ڕیز و بە ڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمدا بهێنرێتەوە، بۆ نمونە :

**تابی سەری کوڵمت بوو کەوا زولفی بە بادا**

**یا ڕۆژی ویسالت شەوی هیجرانی وەلا دا لا42**

لە نیوە دێری دووەمدا، وشەی (ڕۆژ) و (ویساڵ) هاتووە و لە بەرامبەر ئەم دوو وشەیەشدا وشەکانی (شەو) و (هیجر) ی بەڕێکی هێناوەتەوە و وەفایی زۆر بە جوانی بەرامبەری دروست کردووە و ڕۆژی ویساڵ کە مەبەستی ڕووی یارە، لە بەرامبەر ئەمەشدا شەوی هیجرانی هێناوەتەوە، کە ئیستیعارەیە لە زوڵفی یار، بەمەش هونەری (بەرامبەری ڕێك) بەرهەمهاتووە .

---

[176] - المعجم المفصل في الأدب، د. محمد التونجي، الجزء الثاني، دار الكتب العلميه، بيروت – لبنان، الطبعة الثانية، 1419ه – 1999م، ص914 .

[177] - ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری)، عەزیز گەردی، ل74 .

**هیجری تۆ ڕۆحان دەکێشێ، وەسڵی تۆ ڕۆحان دەدا**

**ئەی فیدای زولف و ڕوخت بم! تۆ مەسیحاییێکی دی لا324**

وەفایی شاعیر زۆر بە جوانی باس لە وەسڵ و دووری یار دەکات و دەڵێت : دووریت گیان دەکێشێ و وەسڵت گیان دەبەخشێ، شاعیر سەرەتا وشەکانی (هیجر) و (ڕۆح کێشان) ی هێناوە، لە بەرامبەر ئەمانەشدا بە ڕێکی و بە ڕیز دژەکانی هێناوەتەوە، ئەوانیش وشەکانی (ڕۆح دان) و (وەسڵ) ە، (وەسڵ) لە بەرامبەر (هیجر) دا و (دەکێشێ) لە بەرامبەر (دەدا) دا هاتووە، بەمەش (بەرامبەری ڕێك) بەرهەمهاتووە .

دووەم : بەرامبەری ناڕێك : ئەوەیە کە وشەکانی بەشی دووەم بە ناڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمدا بهێنرێتەوە، بۆ نمونە :

**لە ژێر باڵی هوما جێی بازی شاهی قەسری شاهان بووم**

**درێغا! ئێستە وێرانەی، سیسار و جوغدە جێگاکەم لا436**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەی (هوما) کە باڵندەی خۆشبەختیە و (باز) کە باڵندەیەکە پادشاکان بۆ ڕاوکردن بەکاریانهێناوە، لە سەرەتادا هاتوون و لە بەرامبەر ئەمانەشدا و لە نیوە دێڕی دووەمیشدا وشەکانی (سیسار) کە باڵندەیەکی قێزەونە و (جوغد) کە ڕەمزە بۆ وێرانی و کاولکاری بە ناڕێکی هاتوون، (جوغد) لە بەرامبەر (هوما) داو وشەی (سیسار) لە بەرامبەر (باز) دا هاتووە، بەمەش هونەری (بەرامبەری ناڕێك) بەرهەمهاتووە .

# باسی سێیەم

## جێگۆڕكێ (العكس)

شاعیران لە شیعرەكانیاندا، بە تایبەت لە شیعری كلاسیكی دا جێگۆڕكێ بە ڕستە یاخود وشە، یان بە قسە دەكەن، ئەمەش هەندێكجار لە سنوری دێڕێك، یاخود نیوە دێڕە شیعرێكدا دەبێت، بە شێوەیەكی وەها چێژ بەخش بێت خوێنەر جوانیەكی لێ بەدی بكات ئەمەش بەپێی ئەركی وشەكان لە دێڕە شیعر، یاخود ڕستەدا دیاری دەكرێت ئەمەش زیاتر لە جۆرێكی هەیە.

(پۆلص عواد) یش بەم شێوەیە پێناسەی جێگۆڕكێ دەكات و دەڵێت : ((ئەوەیە كە قسەكەر قسەیەك دەكات، دوایش جێگۆڕكێیان پێدەكات، واتە ئەو بەشەی كە پێشی خستبوو دوای دەخات، ئەوەی دوای خستبوو پێشی دەخات، ئەمەش بە مەبەستی زیادكردنی واتا))[178]، دەبینین (پۆلص عواد) واژەی (قسە) ی بەكارهێناوە نەك ڕستە، چونكە هەندێكجار قسە لە ڕستەیەك زیاتر پێك دێت، ئەمەش وادەكات بوار بۆ ئەم هونەرە بڕەخسێنێ و شاعیران لە سنوری زیاتر لە ڕستەیەكدا ئەم هونەرە بەكاربهێنن .

زانایانی بواری ڕەوانبێژی كوردیش باسیان لەم هونەرە كردووە و لەوانە (عەبدولسەلام سارلار) دەڵێت : ((بریتییە لەوەی بەشێك لە قسە پێش بەشەكانی تری بخەی دوایش هەر ئەو بەشە پاش بخەی))[179] .

وەفایی شاعیر هونەرمەندانە (جێگۆڕكێ) ی لە دارشتنی دێڕە شیعرەكانیدا بەكاربردووە و ئەو وشانەی كە جێگۆڕكێی پێكردووە ناون، وەك لەم نمونانەدا دەردەكەوێت :

**((بە چشم اشكبارم عكس روی و موی جانان بین))**

**شەو و ڕۆژ ڕوژ و شەو هەر دوو لە نێو عەقدی سورەییادا لا22**

لەم دێڕەدا، وەفایی دوو وشەی هێناوە و بە دوایدا هەر ئەو دوو وشەیەی بە واتایەكی تر هێناوەتەوە، (شەو و رۆژ) ی یەكەم بە واتای خۆی هاتووە، بەلاَم (ڕۆژ و شەو) ی دووەم بە واتای (زوڵف و ڕووخسار ) ی یار هاتووە و هەر دوو وشەكەش ناون، بەمەش هونەری (جێگۆڕكێ دوو ناو) بەرهەمهاتووە .

---

[178]- العقد البديع في فن البديع، بولص عواد، ص31 .

[179] - هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، عەبدولسەلام سالار، ل194 .

((وەفایی)) پێت بڵێم : دونیا و دینت بۆچی بەرهەم بوو
دەڵێن ڕۆیی لەسەر دونیایێ قیبلەی دین و دونیاکەم لا438

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر وشەکانی (دونیا و دین) ی هێناوە و لە نیوەی دووەمی دێڕەکەشدا هەر دوو وشەکەی هێناوەتەوە، بەڵام پاش و پێشی خستووە و بە واتا و مەبەستێکی تر کە (دین و دونیا) مەبەستی (شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهری) یە و لێ دوورکەوتووەتەوە هەر دوو (دین و دونیا) کەش ناون، بەمەش هونەری (جێگۆرکێ دوو ناو) بەرهەمهاتووە .

## باسی چوارەم

## تیلنیشان (التلمیح)

زۆر کات شاعیران بۆ فراوانکردنی واتا و جیاکردنەوەی خوێنەری شارەزا و بە ئەزموون لە خوێنەری ئاسایی، بۆ دەوڵەمەندکردنی شیعرەکانیان بە بەڵگەی بە هێز و پشت ئەستوور هونەری (تیلنیشان) لە شیعرەکانیاندا بەکاردەهێنن، ئەم هونەرەش لە شیعری کوردیدا زۆر بەکاردێت، بە تایبەت شاعیرانی کلاسیکی کە لە زۆربەی شیعرەکانیاندا ئاماژەیان بە ئایەت و فەرموودە و چیرۆکەکان کردووە و هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ئاینی بووە و زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە لە حوجرە خوێندویانە .

(شێخ مارفی نۆدێ) یش بەم شێوەیە پێناسەی (تلمیح) دەکات و دەڵێت : ((ئەوەیە لە چوار چێوەی قسەدا پەندێکی پێشینان، یان شیعرێکی دەگمەن، یان چیرۆکێکی ناسراو دەست نیشان بکەین بە بێ ئەوەی خۆیان بهێنێتەوە))[180] . بە پێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە شاعیر دەبێت لە شیعرەکەیدا تەنها ئاماژەیەك بە پەندێك، یاخود چیرۆکێك بکات، بەڵام لەنگییەك لە پێناسەکەی (شێخ مارفی نۆدێ) دا دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئاماژەی بە ئایەت و فەرموودە نەکردووە، کە زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی لە شیعرەکانیاندا تیلنیشانیان بە ئایەت و فەرموودە کردووە .

(ئیدریس عەبدوڵڵا) ش لە پێناسەی تیلنیشاندا دەڵێت : ((بریتییە لەوەی هۆنەر بە شێوەیەکی خێرا و بەبێ لەسەر وەستان، لە ڕێگەی وشەیەك، یان واتایەك، ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان ڕووداوێکی مێژوویی، یان پەندێکی پێشینان و 000 هەرشتێکی دیکەی هاوشێوە بکات))[181] .

وەفایی شاعیر وەك هەر شاعیرێکی تر باڵا دەستانە و هونەرییانە شیعرەکانی بەم هونەرە ڕازاندوەتەوە و ئەم هونەرەی زیاتر لە هونەرەکانی تر لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەپێی ئەو بابەتەی تیلنیشانی بۆ دەکرێت، زیاتر لە جۆرێکی بەکارهێناوە لە وانە :

1- **تیلنیشان بۆ ئایەت** : ئەو تیلنیشانەیە کە شاعیر لە سنوری دێڕە شیعرێکدا, یاخود نیوە دێڕێکدا ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەکات، بۆ نمونە :

**ئەی دەم و خەندەت دەلیلی دەعویی بوون و نەبوون**

**ئەی برۆ و باڵات بەیانی مەعنیی نوون و قەلەم   لا412**

---

[180] - الجوانب البلاغیة عند الشیخ معروف النودهي، دراسة و تحلیل : رؤف عثمان، حکومة اقلیم کردستان، وزارة الثقافة المدیریة العامة للطباعة والنشر، 2001م، ص231 .

[181] - دەروازەیەك بەرەو جوانکاری، ئەکادیمی کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ئیدریس عەبدوڵڵا، کوردستان – هەولێر، ژمارە 3، 2007، ل301 .

لەم دێڕەدا، دەستەواژەی (نوون و قەڵەم) هاتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (52) ی سورەتی (القلم) کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ن, والقلم وما يسطرون﴾, شاعیر زۆر بە جوانی ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و برۆی شوبهاندوە بە (ن) و بالآش بە (قەڵەم) و لە هەمان کاتیشدا تەلمیحە بەو ئایەتەی کە ئاماژەمان پێدا، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ ئایەتی قورئانی) بەرهەمهاتووە .

**هەستە وەرە لەو جامی ئەلەستی بدە دەستم**

**بەستەی دەری گوڵزارە ئەوی مەستی سەفات بێ لا343**

وەفایی لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، وشەی (ئەلەست) ی هێناوە, کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ألست بربكم قالوا بلى﴾، شاعیر زۆر بە خێرایی و بە تەنها وشەیەك ئاماژەی بەو ئایەتە کردووە کە ئاماژەمان پێدا و چێژێك بە خوێنەری قوڵ و بە ئەزموون دەبەخشێت، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ ئایەتی قورئان ) بەرهەمهاتووە .

2- **تیلنیشان بۆ فەرموودە :** ئەو تیلنیشانەیە کە شاعیر بە وشەیەك، یان زیاتر ئەماژە بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د . خ) لێبێت دەکات, بۆ نمونە :

**خەندە بەم شیرینییە، دەم بەم نموونەی حیکمەتە**

**قەت ((وەفایی)) نەبووە وا خۆش بێ، خەبەر موبتەدا لا32**

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، (دەم بەم نموونەی حیکمەتە) تیلنیشانە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر (د . خ) لێبێت، کە دەفەرموێت (الحكمَة ضَالة المؤمِن) واتە : حیکمەت، ون بووی باوەڕدارە، یان دانایی شتێکە موسڵمان ئەبێت هەردەم بەدوایدا بگەڕێت. وەفایی دەمی یاری لەبەر بچووکی بە نمونەی حیکمەت ناوبردووە، چونکە ئەمیش ون و نادیارە، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ فەرموودە) بەرهەمهاتووە .

**قسە بیست و چوارە، هەر یەکێکیان بەکارە**

**رێگای خودای دیارە, بمرە ببە ڕستگار لا22**

لە نیوەی دووەمی ئەم دێڕەدا، وەفایی شاعیر پێمان دەڵێت : ئەگەر پێت خۆشە بە خودا بگەیت، بمرە تا ڕزگارت بێت و بە خوداش بگەیت، لێرەدا شاعیر ئاماژەی بۆ ئەو فەرموودەیە کردووە، کە پێغەمبەر

(د . خ) لێبێت دەفەرمووێت (موتوا قبل أن تموتوا)، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ فەرموودە) بەرهەمهاتووە .

3- تیلنیشان بۆ ڕووداوی ئاینی: ئەو تیلنیشانەیە کە شاعیر بە وشەیەك، یاخود زیاتر ئاماژە بۆ ڕووداوێکی ئاینی دەکات، بۆ نمونە :

عەسای فەتحی مووسا کول بوو بە موعجیزە شکاف کرد
کە فیرعەونی خەتی هات و ئیحاتەی تووری کوڵمەی دا لا38

ئەم دێڕەی سەرەوە، تیلنیشانە بۆ ڕووداوی پڕ موعجیزەی موسا و قڵیشان و دوو لەت بوونی دەریای نیل، کاتێك مووسا و ئەو کەسانەی لە گەڵیدا بوون، هەڵهاتن خودا دەستووریدا ئاوی نیل بلاّو بووەوە و هەموویان ڕزگاریان بوو، جگە لە دار و دەستەکەی فیرعەون، ئەمەش ڕووداوێکی زۆر گرنگی ژیانی پێغەمبەرانە و ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتە موسڵمانەکان تیلنیشانیان خستووەتە سەری، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ ڕووداوی ئاینی ) بەرهەمهاتووە .

بەلاگەردانی تۆم، ئەی من بنازم خاڵی ڕوخسارت
خەلیلی ئاتەشی نەمروودە، خەتتی سەبزی ڕێحانە لا228

لەم دێڕەدا، هونەری (تیلنیشان بۆ ڕووداوی ئاین) ی هەیە، وەفایی شاعیر خاڵی ڕوخساری یاری بە تایفەی نەمروود چواندووە و لە نیوەی دووەمیشدا، ئاماژەی بۆ ئاگری نەمروود کردووە کە (ئیبراهیم) ی پێغەمبەر ڕەزای خوای لێبێت خرایە نێو ئەو ئاگرەوە، ئەمەش ڕووداوێکی زۆر بەناوبانگە لە جیهانی موسڵماناندا .

4- تیلنیشان بۆ ئەفسانە : ئەو تیلنیشانەیە کە شاعیر بە وشەیەك، یاخود زیاتر ئاماژە بۆ ئەفسانەیەك دەکات، بۆ نمونە :

من کوشتە ئەتۆ بەو دەمە شیرینە ((مەسیح)) ی
من تەشنە ئەتۆ ئابی حەیاتت لە زەقەندا لا30

لە نیوەی دووەمی ئەم دێڕەدا، ئاماژە بۆ (ئاوی حەیات) ی (خدری زیندە) کراوە، کە گوایە ئەوەی لێی بخوات قەت نامرێت، ئەمەش ئەفسانەیەکە لە ئەفسانەکان شاعیر بە خێرایی ئاماژەی پێکردووە و بەو ئاوەی چواندووە کە لە چەناگەی یاردایە، بەمەش (تیلنیشان بۆ ئەفسانە) بەرهەمهاتووە .

ئاوێنەیی دڵ وا لە جەلادا بە تەجەللا
دێوانەیی ڕووت ((کەی)) لە هەوای شەوکەتی جەمدا   لا22

(ئاوێنەی جەم) تیلنیشانە بۆ یەکێك لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی (جەمشیدی جەم) کە لە (شانامەی فیردەوسی) دا هاتووە و چیرۆکێکی ئەفسانەی بەناوبانگە لە مێژووی کورد و فارسدا، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ ئەفسانە) بەرهەمهاتووە .

4- تیلنیشان بۆ وتەی باوی ناو کۆمەڵگا : ئەو تیلنیشانەیە کە هەندێکجار شاعیر بە وشەیەك، یاخود زیاتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ وتەیەکی باوی ناو کۆمەڵگا دەکات، بۆ نمونە :

گەنجینە تەلیسمی هەیە بەو چاوە لەسەر هیچ
وەجهی چییە ئاشوفتەیە زولفت لە کەمەردا  لا28

شاعیر لەم دێڕەدا، ڕووخسار و کەمەری بە گەنجینە داناوە و زوڵفیشی بە ماری سەر خەزێنەکە، کە بووەتە پاسەوانی ڕووخسار و کەمەر، تیلنیشانیشە بۆ ئەو وتە باوەی ناو کۆمەڵگا کە لە کۆندا وتوویانە (مار لە هەر کوێ خۆی لولدا خەزێنەی لە ژێردایە)، بەمەش (تیلنیشان بۆ وتەی باوی ناو کۆمەڵگا) بەرهەمهاتووە .

شەکەر خەندی گوڵی زاری، دڵی هێنامە هۆشیاری
مەگەر گوڵ قەندی لێ باری کەوا بیماری ئیحیا کرد   لا82

لەم دێڕەدا، تیلینشان بۆ وتەی باوی ناو کۆمەڵگا هەیە، وەفایی شاعیر پێکەنینی یاری بە گوڵ قەند چواندووە کە دەبێتە مایەی چاککردنەوەی نەخۆشان و گوڵ قەند واتا گەنمە شامی برژاو، ئەمەش تیلنیشانە بۆ ئەو وتە باوەی ناو کۆمەڵگا کە لە کۆندا باوەڕیان وابووە گەنمەشامی برژاو چارەسەری نەخۆشی دەکات بە تایبەت نەخۆشی لەرزوتا .

5- تیلنیشان بۆ داستان یان ڕووداوێکی مێژوویی : ئەو تیلنیشانەیە کە شاعیر بە وشەیەك، یاخود زیاتر ئاماژە بۆ داستان، یان ڕووداوێکی مێژوویی دەکات، بۆ نمونە :

**ئەی خوسرەوی خووبان بە دوو لێوی شەکەرینت**

**شیرین نییە فەرهاد بکوژی تۆ بە عیتابێ   لا302**

وەفایی شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمی ئەم دێڕەدا، وشەی (فەرهاد) ی هێناوە، کە ئاماژەیە بۆ داستانە مێژووییەکەی (شیرین و فەرهاد) کە لە مێژووی کوردا زۆر بڵاوە و زۆربەی شاعیرانی کورد ئاماژەیان بۆ ئەم داستانە کردووە، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ ڕووداوی مێژووی) بەرهەمهاتووە .

**سەودائیی زولفی سیەهت نیم بە هەوایی**

**تا ڕۆژی وەفاتم بە تەمای میهر و وەفاتم   لا403**

شاعیر لە کۆتایی نیوەی دووەمی ئەم دێڕەدا، وشەکانی (میهر و وەفا) ی هێناوە، کە ئاماژەیە بۆ داستانە مێژووییەکەی (میهر و وەفا) کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا ئەم داستانەی هەر دوو عاشق زۆر باوە، وەفایی شاعیریش بە هۆی کاریگەری ئەدەبی فارسی و زانینی زمانەکەیان ئاگاداری ئەو داستانە بووە و لەم دێڕەدا بە خێرایی ئاماژەی پێکردووە، بەمەش هونەری (تیلنیشان بۆ داستانی مێژووی) ی بەرهەمهاتووە.

## باسی پێنجەم

## کۆکردنەوە (الجمع)

هەندێکجار شاعیر، یا نوسەر، یان قسەکەر بۆ گشتگیرکردنی ئاخاوتن و خۆ ڕزگار کردن لە ئاخاوتنی زۆر و دووبارە و کۆکردنـەوەی چەند وێنەیـەکی جولاو و زینـدوو بـۆ دروست کردنـی وێنەیەکی جوانتر تێکڕا لە ژێر باری ئەو وێنەیەدا کۆبکرێنـەوە، پـەنا بـۆ هونـەری (کۆکردنـەوە) دەبات .

(الامام الحافض جلال الدين السيوطي) کە لە ساڵی (911ی کۆچی) دا مـردووە، بـەم شـێوەیە پێناسـەی (الجمـع) دەکـات و دەڵێـت : ((بریتییـە لـە کۆکردنـەوەی ژمارەیـەك شـت لـە ژێـر یـەك بڕیاردا))[182] ، بە پێی ئەم پێناسەیە کۆکردنەوە چەسپاندنی حوکمێکە بەسەر چەند شتێکدا .

زانایانی بواری ڕەوانبێژی کوردیش هەمان پێناسەکانی ڕەوانبێژی عەرەبییان بۆ ئەم هونـەرە کـردووە و تـەنها ئەوەنـدە نـەبێت هەنـدێك وشـەیان پـێش و پاش کـردووە، (موحەمـەد سـەعید ئیبراهیمی) یش بەم شێوەیە باسی ئەم هونەرە دەکات : ((ئەوەیـە بوێـژ حـوکمێ بـۆ چـەند شـت بەیان بکا))[183] .

بەکورتی : (کۆکردنەوە بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شت یان زیاتر لە ژێر سایەی بڕیارێکدا) .
لەلای وەفایی شاعیر ئەم هونەرە بەدی دەکرێت وەك :

**هەریێکی لەلایی بە تەمای قەتلی (وەفایی) ن :**
**تابووری حەبەش، لەشکری چین، عەسکەری هیندووت لا80**

لە نیوەی دووەمی ئەم دێڕەدا، (تابووری حەبەش) کە مەبەست لێی زوڵفی یارە و (لەشکری چین) واتـە : مـژوڵ و بـرۆ، (عەسـکەری هینـدووت) واتـە: ڕیـزە خـاڵانی یـار پێکـەوە کۆکراونەتـەوە و بەتەمای کوشتنی (وەفایی) ن، بەمەش هونەری (کۆکردنەوە) بەرهەمهاتووە .

**زوڵف و ڕووو، باڵاو ئەبرۆ و خەت و خاڵ، چاوی کاڵ**
**لەو تەلیسمی حەوت خوان زۆر موشکیلە ڕوح دەربەرم لا444**

[182] - عقود الجمان في علم المعاني والبيان، الأمام الحافض جلال الدين السيوطي، من المكتبة الألكترونيه، انترنيت، ص39.

[183] - گەشتێك لە عیلمی بەلاغە، موحومەد سەعید ئیبراهیمی، ص74 .

له نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، یار بە حەوت ئەندامی لەشی کە بریتین لە (زوڵف) و (ڕوو) و (باڵا) و (خەت) و (خاڵ) و (چاوی کاڵ) پێکەوە لە ژێر بڕیاری (حەوت خوان) دا کۆکراونەتەوە و شاعیریش پێی وایە ئەو حەوت ئەندامەی لەشی یار (حەوت خوان) ێکیان بۆ ساز کردووە، کە یەکێکە لە شەڕەکانی ڕۆستەمی زاڵ، مەحاڵە وەفایش بە ئاسانی ڕزگاری بێت لەو شەڕی (حەوت خوان) ە، بەمەش هونەرێکی (کۆکردنەوە) ی جوانی دروست کردووە .

**حۆری عین، ڕوحولقودوس، یاخۆ مەلایک، یاپەری؟**
**یا ئەتۆ بووی وا خەرامان هاتی ڕۆحم هاتەبەر؟ لا62**

لەم دێڕەدا هونەری کۆکردنەوە هەیە، لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، (حۆری عین) (ڕوحولقودس) و (مەلایک) و (پەری) کە چوار وێنەی زیندون و لە ژێر بڕیاری دروستکردنی وێنەیەکی تردا، کە (تۆ) یە شاعیر مەبەستی لە یارەکەیەتی کۆکراونەتەوە .

## باسی شەشەم

## لێککردنەوە (التفريق)

ئـەم هونـەرە لـە عەرەبیـدا (التفريـق) ی پێـدەڵێن، یەکێکـە لـەو هونەرانـەی کـە لـە شـیعری زۆربەی شاعیراندا بەر چاو دەکەوێت و زانایانی ڕەوانبێژیش بەم شێوەیە باسیان لێوە کردووە :

(احمد الهاشمی) لە باسی لێککردنەوەدا دەڵێت : ((بریتییە لە لێککردنەوەی دوو شتی لە یەك جۆر لە جیاوازی بڕیارەکانیان))[184] .

(ئیدریس عەبدوڵلا) ش لە بارەی (لێککردنەوە) وە دەڵێت : ((دوو شت یان زیاتر کە پێکەوە دێن، لێککدەکرێنەوە و جیاوازی نێوانیان دەخرێتەڕوو))[185] .

وەفایی شاعیر لە شیعرەکانیدا لە گەڵێ دێڕدا ئەم هونەرەی بەکاربردووە وەك :

**ئەی خەت بە زولفی دولبەر تۆ بوویە فیتنەیی دڵ**

**دڵ بێ غەم و خەیاڵ بوو هاتی بە گرتنت دا لا21**

لەم دێڕەدا هونەری لێککردنەوە هەیـە، شـاعیر دوو جـار دڵـی هێنـاوە و لێکیکردوونەتـەوە، جـاری یەکـەم لـە نیـوە دێـڕی یەکەمـدا دڵ بـە هـۆی خـەتی یـارەوە تووشـی فیتنـەیی بـووە و لـە جـاری دووەمدا و لە نیوە دێـڕی دووەمـدا، (دڵ) لێککراوەتـەوە و بـێ غـەم و خـەیاڵ بـووە و پێچـەوانەی فیتنەییە .

**نامەوێ عەیشی جیهان حاشا لە فیردەوسی بەرین**

**تۆی موورادی دین و دونیام، ناری خۆت، ئەنواری خۆت لا84**

لـەم دێـڕەدا هونـەری لێککردنـەوەی دووانـی هەیـە، شـاعیر لـە نیـوە دێـڕی یەکەمـدا (جیهـان) و (فیردەوسی بەرین) ی ناوێت و لە نیوە دێڕی دووەمدا (دین) و (دونیا) یی بە هۆی ئـاگری یـار و ڕۆشنایی یـارەوە دەوێـت، هونـەری لێککردنـەوە لـە نێـوان (دیـن) و (دونیـا) دا هەیـە و (دیـن) بـۆ (فیردەوسی بەرین) و (دنیـا) شـی لێککردووەتـەوە بـۆ (جیهـان)، یەکـەمیانی ناوێـت و دووەمیـانی دەوێت .

[184] - جواهر البلاغە، السيد احمد الهاشمي، ص339 .

[185] - جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردی دا، ئیدریس عەبدوڵلا، ل124 .

**دەمێکی هات بە چاوی سورمەسا، یەعنی: وەفادارم**

**کە جەرگی سورمەیی کردم بە سیحری جادوان ڕۆیی  لا310**

لەم دێڕەدا، دەبینین دوو (سورمە) لێککراونەتەوە و لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر وشەی (سورمە) ی بۆ جوانکردنی چاوی یار بەکاربردووە و وەفاداری خۆی پیشانداوە، لە نیوە دێڕی دووەمدا بە پێچەوانەوە وشەی (سورمە) ی بۆ ڕەشی جەرگی خۆی بەکارهێناوە و واتایەکی نەرێنی بەرجەستە کردووە، بەمەش هونەری (لێککردنەوە) بەرهەمهاتووە .

## باسی حەوتەم

## دابەشکردن (التقسیم)

هونەرێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە شیعری شاعیراندا بەکارهێنراوە، ئەمەش بۆ دیاری کردنی شتەکانە کە کامە بۆ کامەیە، زانایانی ڕەوانبێژیش بەم جۆرە باسیان کردووە : ((بریتییە لەوەی قسەکەر مەبەستی چەند شتێك بێت، بە دابەشکراوی کە لە حوکمی چەند شتێکدایەو دوای ئەوەش بە دەستنیشانکردن بۆ هەر یەکە لەوانەی پێشوو، شتێك باس بکات))[186] ، بە پێیی ئەم پێناسەیەی سەرەوە، دابەشکردن ئەوەیە کە قسەکەر ناوی چەند شتێك بێنێت، دواتر بە دەست نیشانکراوی چی هەبێ لە بارەیانەوە بخرێتە سەریان .

(عەزیز گەردی) یش دەربارەی ئەم هونەرە دەڵێت : ((دابەشکردن وادەبێ کە لە پێشەوە دوو شت یا پتر بێنیت، ئنجا بە شوێن ئەوانەوە یەکە یەکە بۆ شتی تریان ببەیتەوە کە پەیوەندی یان پێوە هەبن، واتە هەر یەکێکیان بدەیتە شتێك و ئەوەش دیاری بکەیت کە کامیان بۆ کامە دەچێتەوە))[187] .

وەفایی شیعرەکانی لەم هونەرە بێبەش نەکردووە و لە هەندێ دێڕدا بەکاریهێناوە، وەك :

**پێچ و تاوی زولفی خاو و ڕەمز و غەمزەی سیحری چاو**

**ئەو لەلایێ ڕۆح دەکێشێ ئەم لەلایێ دین دەبا   لا42**

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، وەفایی شاعیر (زوڵف) و (چاو) ی هێناوە و لە نیوە دێڕی دووەمدا (زولف) بۆ (ڕۆح کێشان) و (چاو) بۆ (دین دەبا) دابەشکراوە، بەمەش هونەری (دابەشکردن) بەرهەمهاتووە .

**لالە و گوڵ بێ سەدان، شەهیدی عەشقی خودان**

**ئەم بەتەنێ پڕ لە خوێن ئەو بە دڵی داغدار   لا22**

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، شاعیر (لالە) و (گوڵ) ی هێناوە و لە نیوەی دووەمدا کار و پیشەی هەریەکەیانی دابەشکردووە، (لالە) بۆ دڵی داغدارو (گوڵ) یش بۆ دڵی پڕ لە خوێن، بەمەش هونەری (دابەشکردن) بەرهەمهاتووە.

---

[186] - مصطلحات نقدية من التراث الادبی العربی، محمد عزام، منشورات الثقافة في الجمهوربة العربية السورية، مكتبة الاسد، دمشق – سوريا، 1995م، ص151 .

[187] - ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا (جوانکاری)، عەزیز گەردی، ل112 .

سەرەکەم فیدات عەزیزم، وەرە زیز مەبە لەسەر دڵ

سەرە پایەبەندی تۆیە، دڵەماڵی خۆتە تا بم   لا24

لە نیوە یەکەمی ئەم دێڕەدا، شاعیر (سەر) و (دڵ) ی هێناوە و لە نیوەی دووەمی دێڕەکەشدا، (سەر) بۆ (پایە بەند) ی, یاخود فیدای یار و (دڵ) یشی بۆ (ماڵی خۆت) دابەشکردووە، بەمەش هونەری (دابەشکردن) بەرهەمهاتووە .

## باسی هەشتەم

## ڕاڤە (تفسیر)

هونەرێکی جوانکارییە، کە شاعیر بۆ زیاتر لە مەبەستێك پەنا بۆ ڕاڤەکردنی هەندێ وشە و دەستەواژە لە نێو دێڕەکاندا دەبات، ئەمەش هەندێکجار بۆ مەبەستی گەورەکردن و سەرسامی، یان بۆ زەقکردنەوەی مەبەست و خۆشی و چێژ پەخشین لە دێڕەکەدا ئەم هونەرە بەکار دەهێنێت .

(پۆلص عواد) لە پێناسەی (تفسیر) دا دەڵێت : ((ئەوەیە کە هونەرمەند لە هۆنینەوەکەیدا شتێکی گشتی دەهێنێتەوە و دوایش ئەوەی کە تیادایە ڕونیدەکاتەوە))[188] ، مەرج نیە کە ئەو شتەی دەهێنرێتەوە گشتی بێت، هەندێکجار ئەو شتە تایبەتە بە خودی شاعیرەوە، خوێنەر بە ئاسانی لێیتێناگات، یاخود بە تەواوی ئاشنایی نەبووە و شاعیر دواتر ڕوونیدەکاتەوە .

(عەبدولسەلام سالار) یش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت : ((ئەوەیە کە شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا، ناوی شتێك یان چەند شتێك بهێنێتەوە و دوایش ئەو شتانە، لە هەمان دێڕدا ڕوون بکاتەوە و دەربارەیان بدوێ))[189] .

وەفایی بەم شێوەیە هونەری ڕاڤەی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە، وەك :

**سەری زولفت چیە؟ عومری درێژم توولی ئامالم**

**قەدی بەرزت چیە؟ سەروی چەمەن ڕۆحی ڕوانی من   لا428**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر (زولف) ی هێناوە و پاشان دەیەوێت جوانی و درێژی زولفی یار بخاتە ڕوو، وە ڕوونکردنەوە و تەفسیری بۆ بکات هەر بۆیە لە پاش ناوهێنانەکەی دەڵێت : زوڵفت وەك تەمەنی من و درێژی ئاواتەکانم وایە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا، (قەدی بەرز) ی هێناوە و لە شێوەی پرسیاردا دەپرسێ کە قەدی بەرزت چیە؟ پاشان لە ڕاڤەکردنیدا دەڵێت : قەدی تۆش لە بەرزیدا لە داری سەوڵ و ڕۆحی ڕەوانی من دەچێ، بەمەش هونەری (ڕاڤە) بەرهەمهاتووە .

**بەیتی ئەوێ چ بەیتە؟ مەڵێ پاکە! جەننەتە**

**خاکی ئەوێ چ خاکە؟ مەڵێ چاکە! عەنبەرە   لا228**

---

[188] - العقد البديع في فن البديع، بولص عواد، ص27 .

[189] - هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، عەبدولسەلام سالار، ل193 .

لـەم دێـڕەدا, وەفـایی دەیـەوێ بایـەخ و خۆشـی ئـەو مـاڵ و خاکـە ڕوونبکاتـەوە کـە لـە دێڕەکـەدا هێناویەتەوە و بە سەرسامیەوە تەفسیری بۆ دەکات، لە نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەی (بەیت) ی هێناوە و دەڵێت : (چ بەیتە) دواتر ئەو بەیتە یان ئـەو ماڵـە ڕووندەکاتـەوە و دەڵێـت : نـەك هـەر پاکـە ئـەو ماڵە، بەڵکو ئەڵێی بەهەشتە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا، سەرەتا وشەی (خاك) ی هێناوە و پاشان بەم شێوەیە ڕاڤە و تەفسیری بۆ دەکات و دەڵێـت : ئـەو خاکـە هـەر چاك نیـە، بـەڵکو وەك عەنبـەر وایـە، بەمەش هونەری (ڕاڤە) بەرهەمهاتووە .

**سینەم لە شەوقی میهری کەماڵی کەماڵی تۆ**

**سینە چ سینە؟ نا وەکو ((سینا)) پڕ ئاورە لا222**

شاعیر لـە نیـوەی دووەمـی ئـەم دێـڕەدا، لـە سـەرەتادا (سـینە) ی هێنـاوە و پاشـان ڕوونکردنـەوەی بـۆ کردووە، بە تووری سینای داناوە و کە مەبەستی شەوق و گڕی (تـوری سـینا) یـە، لـە ڕاڤەکردنیشـیدا دەڵێت : سینەم وەکو توری سینا پڕ لە ئاگری ئیشتیاقە، بەمەش هونەری (ڕاڤە) بەرهەمهاتووە .

## باسی نۆیەم

## پەندبێژی (ارسال المثل)

لەم جوانکارییەدا شاعیر بۆ بەڵگەی وتەکانی پەندێکی وەها دێنێتەوە، کە هاوشانی قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و وتە باوەکانی ناو کۆمەڵگا بێت کە پێشتر و ئێستاش دەوترێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی واتای مەعریفی و جوان و بەهێز پێشکەش بکات و بەڵگەیەکی عەقڵی بە خوێنەر پێشکەش بکات و ئەزموونی تایبەتی شاعیریش دەربخات.

(ابن حجة الحموي) بە جۆرێکی چاکی جوانکاری دادەنێت و لە بارەیەوە دەڵێت : ((بریتییە لەوەی شاعیر لە هەندێك لە دێڕەکانیدا شتێکی خۆی بێنێ وەکو پەند وابێت، جا دانایی بێت یان وەسفی، یان هەرشتێکی دیکە، دەکرێت وەکو پەند وەریبگرین))[190] ، ئەم پێناسەیەی (ابن حجة الحموي) ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە شاعیر ئەو پەندەی دەیهێنێتەوە هی خودی شاعیر بێت، یاخود بە سود وەرگرتن لە ئەزموونی تایبەتی خۆی، ئەگەر لە یەکێکی ترەوە وەریگرتبێت، دەچێتە خانەی هونەرەکانی (تێهەڵکێش، لێوەرگرتن، تیلنیشان) ەوە، دەشێتیش سودی لە پەندێکی تر وەرگرتبێت، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز ترو بۆ باسێکی تر پەندە تازەکە بهێنێتەوە، کەواتە شاعیر ناتوانێت پەند و وتەی کەسێکی تر بهێنێتەوە، بەڵام کەسانی تر دەتوانن ئەو وتەیەی کە شاعیر دەیهێنێتەوە وەکو پەند وەریبگرن.

لە ئەدەبی کوردیشدا (ئیدریس عەبدوڵڵا) لە بارەی (پەندبێژی) یەوە دەڵێت : ((پەندبێژی ئەوەیە قسەکەر پوختەی ئەزموون و بیری خۆی لە ڕستەیێك، یان لە دێڕێکدا، کورت بکاتەوە و وەکو وانەیێکی جوان پێشکەشی بکات))[191] .

وەفایی شاعیر وەکو شاعیرێکی خاوەن ئەزموون و خوێنەرێکی باش و بە سەلیقە و شارەزا لە پەندەکانی سەردەمەکەی خۆی و پێش سەردەمەکەی، شیعرەکانی لەم هونەرە جوانکارییە بێبەش نەکردووە، وەك :

**بەبێ شاباشی سەر، بە قسەی ((وەفایی)) گوڵ چرا نابێ**

**کە بولبول هەر زمانی هەن، وەهە پەروانەش سەری هێنا لا18**

[190] - خزانة الادب وغاية الأدب، ابن حجة احموي، ص125 .

[191] - لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، ئیدریس عەبدوڵڵا، ل350 .

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، شاعیر پەندێکی جوانی هێناوەتەوە کە دەڵێت : (بەبێ شاباشی سەر، گوڵ چرا نابێ) واتە گوڵ بە ئاسانی نابێتە چرا ئەگەر لە بری پارە سەری بۆ نەکەیتە شاباش، یاخود پێشکەش، هەر لە هەمان نیوە دێڕدا شاعیر، (وەفایی) هێناوەتەوە، کە ئەم وتەیە هی خودی شاعیر خۆیەتی، بەمەش هونەری (پەندبێژی) بەرهەمهاتووە .

**شەکەر قەدری نییە، قوربان ئەگەر شیرین نەبێ یەعنی:**
**دەبێ تۆش لێوەکەت بێنی ئەگەر ڕۆحەکەم بێنم لا421**

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، وەفایی شاعیر (شەکەر قەدری نییە، قوربان ئەگەر شیرین نەبێ) ی هێناوە، کە قسەیەکی پەند ئاسا و وانەیەکی جوانە، واتە هەر شتەو خاسیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە و بەو خاسیەتەوە ناسراوە، (شەکر) یش بە شیرینیەکەیەوە جوان و بە تامە ئەگەر شیرین نەبوایە، هیچ تامێکی نەدەبوو، بەمەش هونەری (پەندبێژی) بەرهەمهاتووە .

**دەمکوت: کە خەتت بێ دڵی خۆم نادەمە چاوت**
**نەمزانی کە مەی فەسڵی بەهار تۆبە شکێنە لا282**

لە نیوەی دووەمی ئەم دێڕەدا، شاعیر قسەیەکی پەند ئامێزی هێناوەتەوە، کە وەسفی مەی و جوانی بەهار دەکات و ئەویش ئەوەیە کە (مەی لە وەرزی بەهاردا تۆبە شکێنە)، واتە مەی لە بەهاراندا هێندە بە تام و چێژ بەخشە تۆبەی تۆبەکاران دەشکێنێ، بەمەش هونەری (پەندبێژی) بەرهەمهاتووە.

## باسی دەیەم

## زیادەڕەویی (المبالغە)

لەم جوانكارییەدا شاعیر لەسەر بابەتێ زیاتر لە سنوری ئاسایی خۆی پێهەڵدەنێ، تا ئەو جێگایەی وتەكەی قابیلی باوەڕ ئەبێت، جاری وا هەیە لە ڕووی عەقڵی و نەریتەوە دەگونجێ، بەڵام زیادەڕۆییەو ئیغراقیشی پێدەڵێن، جاری واش هەیە لەڕووی عەقڵییەوە دەگونجێ، لە ڕووی نەریتەوە ناگونجێ، ئەم هونەرە لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا (اغراق) و (المبالغە) شی پێدەوترێت، ئێمەش لە ئەدەبیاتی كوردیدا وامان بە باش زانی زاراوەی (زیادەڕەویی) لە بەرامبەر ئەم هونەرەدا بەكاربهێنین.

(الخطیب القزوینی) لە پێناسەی (المبالغە) دا دەڵێت : ((ئەوەیە كە وەسف كردنێك بگاتە ڕادەی مەحاڵ)) [192] ، بە پێی ئەم پێناسەیەی (قەزوینی) بۆ (المبالغە) شاعیر بە ڕادەیەك وەسفی شتەكان دەكات، باری ئاسایی و ئەقڵ ڕەتی دەكەنەوە و ئەمەش دروستە بۆ شاعیر، چونكە شاعیر لە ڕوانگەی جوانی و چێژ بەخشینەوە ئەڕوانێتە شتەكان نەك وەكو زانایەك.

(عەلادین سوجادی) یش لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ئەوەیە كە سیفەتێك بۆ شتێك بووترێ، پێچەوانەی ڕاستی بێ، بەڵام ئەبێ نەختێكیش بە ڕێ و جێ بێ، لە وانە نەبێ كە بە تەواوی درۆ بێ)) [193] .

وەفایی شاعیر وەكو شاعیرێكی جوان بین و ڕوانینی بۆ شتەكان بە دیدێكی شاعیرانەوە ئەم هونەرەی بەم شێوەیە لە شیعرەكانیدا بەكاربردووە، وەك :

**بۆ كوشتنی من دەست مەدە خەنجەر، بە فیداتم**

**لەو خونچەی گوڵی وەك دەمە یەك ماچی تەمامە لا214**

شاعیر لەم دێڕەدا، بە شێوەیەك وەسفی دەم و ماچی دەمی یاری كردووە، كە بگاتە ئەو ئاستەی مرۆڤ هێندە چێژ لەو ماچە وەربگرێت لە خۆشیدا بمرێت، داواش لە یار دەكات و پێی دەڵێت : (پێویست ناكات بۆ كوشتنی من خەنجەر بەكاربهێنێت, بەماچێكی دەمت كافیەو لە خۆشیدا دەمرم)، ئەمەش ئەوپەڕی (زیادەڕەویی) ە، چونكە كەس بە ماچێك نامرێت.

**لەبەر شۆڕاوی ئەشكی خۆم و تاوی عەشقی تۆ**

**سەراپا عاقیبەت هەر وەك ((وەفایی)) بوومە بریانی لا333**

---

[192] - التلخيص في علوم البلاغة، الخطيب القزويني، ص370 .

[193] - خۆشخوانی، عەلادین سوجادی، ل119 .

لەم دێڕەدا، هونەری (زیادەڕەویی) هەیە، فرمێسکی سوێر و عاشق بوون و گڕی عەشق دەشێت و عەقڵ ڕێی پێدەدات، کە بووە و دەشێت ڕوو بدات، بەڵام نە سوێری فرمێسك و نەگڕی عەشق نابنە هۆی برژان، کە وەفایی برژاندوە و ئەمەش ئەوپەڕی زیادەڕەوییە.

**کە ڕووی خۆی خستەدەر هەستا لە هەر گۆشێکی غەوغایێ**

**جیهان پڕ بوو لە ناڵەی عاشقان وەك ڕۆژی مەحشەر بێ   لا342**

لەم دێڕەدا، وەفایی شاعیر لە باسی جوانی ڕووخساری یارەکەیدا زیادەڕەویی کردووە و دەڵێت : (کە ڕووخساری دەرکەوت لە هەموو لایەك غەوغا هەستا و جیهان پڕ بوو لە ناڵەی عاشقان وەك ڕۆژی مەحشەر)، کە ئەمەش جێگیر نیە و جێی باوەڕ نیە، بەڵام ئەوپەڕی جوانی و سەنعەتکاری تیادایە، بەمەش هونەری (زیادەڕەویی) بەرهەمهاتووە.

## باسی یازدەیەم

## جوانی بایس (حسن التعلیل)

لەو هونەرە جواکارییانەیە، کە لێکدانەوەی ئەدەبی و شاعیرانە بۆ هۆکارەکان دەکات و دەبێتە هۆی خەیاڵ فراوانی و شیعرییەت چڕ دەکاتەوە، بەمەش دەقی ئەدەبی ناسك و جوان و چێژ بەخش بەرهەم دەهێنێت.

ئەم هونەرەش لەلایەن زانایانی ڕەوانبێژیەوە باسی لێوەکراوە و (احمد الهاشمی) یش بەم شێوەیە پێناسەی کردووە و دەڵێت : ((ئەوەیە کە هۆیەکی زانراوی شتێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشت گوێ بخەیی و هۆیەکی تری بۆ بهێنیتەوە، هەر بۆ جوانی و وردبینییەکی وای تێدا بێت، کە لەگەڵ مەبەستەکەدا بگونجێ))[194] ، بە پێی ئەم پێناسەیەی (احمد الهاشمی) ئەو هۆیەی کە بۆ دیاردەکە دەهێنرێتەوە، هیچ بنەمایەکی زانستی نیە، تەنها بۆ جوانی و چێژی ئەدەبییە.

(ئیدرس عەبدوڵلا) ش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت : ((مەبەست لێی ئەو هۆیەیە، کە شاعیر بۆ ڕوودان و ڕوونەدانی کارێ لە کارەکان، دیاریدەیە لە دیار دەکان دادەنێ، کە داویەتیە پاڵیان، بەڵکو بۆ ناسکیی دەربڕین و جوانی شێوازی ئەدەبی پەنای بۆ بردووە))[195] .

ئێمەش لە پێناسەی (جوانی بایس) دا دەڵێین : (لەم جوانکارییەدا شاعیر بۆ بەڵگەی سەلماندنی مەبەستێ بەڵگە و سەنەدی زیندوو دێنێتەوە، کە ڕەنگە بنەما زانستی و دروستیەکی واش نەبێ، بەڵام لە بیری شاعیرانەی ئەودا جوانە).

وەفایی شاعیر خاوەن بیرێکی شاعیرانەی بەرز بووە و توانیوویەتی شیعرەکانی بەم هونەرە بڕازێنێتەوە و بەم شێوەیە هونەری (جوانی بایس) ی بەکاربردووە، وەك :

**وەسڵ و گریان قورب و هیجرانە تەریقی عاشقی**
**فەسڵی گوڵ بۆیە لەسەر چاوان وەها ئاو دێتەخوار لا26**

ئاو بەربوونی سەرچاوە و کانیاوەکان لە بەهاراندا هۆی سروشتی خۆی هەیە و پەیوەندی بە زانستی جوگرافیاوە هەیە، بەڵام وەفایی ئەو هۆیەی فەرامۆشکردووە و خۆی هۆیەکی ئەدەبی جوانی بۆ هێناوەتەوە و دەڵێت : (بۆ لە بەهاردا ئاوا ئاو لە سەرچاوە و کانیاوەکانەوە دێنە خوارەوە؟ چونکە ڕێگەی عاشقی وەسڵ و هیجران و نزیکی و گریانە و هاتنی ئەو ئاوانە لە مانگی گوڵاندا لە سەرچاوەکانەوە ئەوەیە کە بۆ دووری یار دەگرین)، بەمەش هونەری (جوانی بایس) بەرهەمهاتووە.

---

[194] - الجواهر البلاغه، احمد الهاشمی، ص317 .

[195] - جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ئیدریس عەبدوڵلا، ل105 .

**دەم بەدەم سەرو و سنەوبەر واکە هەر دێن و دەچن**

**عاشقن سەوداسەرن مەجزووبی گوڵ بێ ئیختیار** لا22

لەم دێڕەدا، وەفایی شاعیر جوانترین هونەری (جوانی بایس) ی بەکاربردووە، ئەویش ئەوەیە کە سەر و سنەوبەر بە با دێن و دەچن و هۆیەکی سروشتیە، بەلاّم شاعیر هۆیەکی ئەدەبی جوانی لە جێگای هۆیە ڕاستەقینەکی خۆی داناوە و دەڵێت : (سەر و سنەوبەر نەیانزانیوە کە عاشق و سەوداسەری گوڵن، گوڵ بۆلای خۆیان ڕایان دەکێشێت).

**ئەگەر زولفت وەکوو من عاشقی ڕووی تۆ نییە بۆچی:**

**سەراپا تێك چووە کەوتۆتە بەر پێت دەست و دامانە** لا222

دیارە کە هۆکاری درێژکردن و بلاّوکردنەوەی پرچ و زولف بەسەر شاندا بۆ جوانییە، بەلاّم شاعیر درێژکردنی زولف و شۆڕبوونەوەی پرچی یار بەسەر شان و دەستدا داوەتە پاڵ هۆکارێکی تر، کە کاریگەری دەبێت لە سەر ویژدان و خۆشی دەخاتە دڵی خوێنەر و شیعرییەتی بە دێڕەکە بەخشیوە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت : (زوڵفت وەکو من عاشقی ڕووتە، بۆیە بە شێواوی کەوتۆتە بەر پێت و لێت دەپاڕێتەوە)، بەمەش هونەری (جوانی بایس) بەرهەمهاتووە.

## باسی دوازدەیەم

## پێکەوە گونجان (مراعاة النظیر)

ئەم هونەرە لە عەرەبیدا (مراعاة النظیر) و (التناسب) و (الائتلاف) و (التوافق) یش پێدەوترێت، لەم جوانکارییەدا شاعیر دوو وشە یان دوو دەستەواژە، یان زیاتر کە پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان بێت، لە شیعرەکەیدا دەیهێنێتەوە و دەبێتە هۆی ئارایشت کردنی دێڕە شیعرەکەو بەخشینی جوانیەك بە شیعرەکە، لە لایەن زانایانی ڕەوانبێژیشەوە بەم شێوەیە باس لەم هونەرە کراوە.

(عبدالفتاح لاشین) زانای بواری رەوانبێژی عەرەبی بەم شێوەیە پێناسەی (مراعاة النظیر) ی کردووە و دەڵێت : ((ئەوەیە لە ئاخاوتندا دوو شت، یان زیاتر لە دوو شتی لەگەڵ یەك گونجاودا کۆ بکرێنەوە کە پەیوەندی نێوانیان دژیەك نەبێت))[196] ، بەپێی ئەم پێناسەیەی (عبدالفتاح لاشین) پێکەوە گونجان کۆکردنەوەی دوو شتە یان زیاتر لەگەڵ دوو شتی تردا، لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان بێت، ئێمەش لەگەڵ کۆکردنەوەی چەند شتێکین لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان، بەلاّم ئەبوایە بیوتایە کۆکردنەوەی دوو شت، یاخود زیاتر لەگەڵ یەکدا، نەك کۆکردنەوەی دوو شت لەگەڵ دوو شتی تردا.

(موحەمەد سەعید ئیبراهیمی) یش لە پێناسەی پێکەوە گونجاندا دەڵێت : ((بریتی یە لە دوو یان چەند وشەی مناسب و نزیك لە مانادا پێکەوە بگوترێ))[197] .

وەفایی شاعیر وەکو هەر شاعیرێکی تری بالاّ دەست توانیوویەتی چەند شتێك لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان کۆبکاتەوە و بەم شێوەیە ئەم هونەرەی لە دێڕە شیعرەکانیدا بەکاربردووە، وەك :

**کە ئیسلامی بەهار فتوای جیهادی کافری دەی دا**
**سنەوبەر نێزە، گوڵبون گورز و سۆسەن خەنجەری هێنا لا13**

لە نیوەی دووەمی ئەم دێڕەدا، شاعیر وشەکانی (سنەوبەر) و (سۆسەن) و (گوڵ) ی هێناوە، کە سێ ڕوەکن و لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان پەیوەندیان دروست کردووە، هەر لە هەمان نیوە دێڕدا وشەکانی (نێزە) و (گورز) و (خەنجەر) ی بەکارهێناوە، کە سێ ئامرازی شەڕکردنن و پێکەوە گونجان لە نێوانیاندا هەیە، بەمەش هونەری (پێکەوە گونجان) بەرهەمهاتووە.

---

[196] - البدیع في ضوء أسالیب القرآن، د. عبدالفتاح لاشین، دار التضامن، القاهرة، 1979، ص35 .

[197] - گەشتێ لە عیلمی بەلاغە، موحەمەد سەعید ئیبراهیمی، ل71 .

**له مەیخانەی چەمەن بەزم و تەرەبیان گرت قەدەح نۆشان**

**شەقایق بادە، زەنبەق شیشە، نیرگس ساغەری هێنا لا11**

لەم دێڕەدا، کۆمەڵێ وشە لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان ڕیزکراون و وەفایی چەمەنی بە مەیخانە چواندوە و گوڵەکان بە شەراب و شوشە و نەرگسیش بە پیاڵە، لە نێوان (مەیخانە، قەدەح، بەزم، بادە، شیشە، ساغەر) پێکەوە گونجان هەیە و هەروەها شاعیر وشەکانی (چەمەن، شەقایق، زەنبەق، نێرگس) ی بەکارهێناوە کە پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان دروست بووە، بەمەش هونەری (پێکەوە گونجان) بەرهەمهاتووە.

**دیسان بە نەغمەی زیر و بەم، بولبول دەڵێ بە دەرد و غەم**

**لە تاوی غونچەی گوڵ بەدەم، ساز و سەمتوور و تاری گرت لا23**

وەفایی شاعیر لەم دێڕەدا کۆمەڵێ شتی پێکەوە هێناوە و لەسەر بنەمای پێکەوە گونجان کۆیانیکردووەتەوە، کە هەموو ئەم وشانە ئامرارزی مۆسیقا و گۆرانیین، بولبولی بە ئاواز خوێن داناوە و لە نێوان وشەکانی (نەغمە، زیر، بەم، ساز، سەمتور) دا (تەناسوب)، یاخود (پێکەوە گونجان) هەیە.

## باسی سێزدەیەم

## خۆگێلکردن (تجاهل العارف)

لەم جوانکارییەدا، شاعیر بە شێوازێکی ئەدەبی جوان و جیا لە شێوازی قسەکردنی ئاسایی، مەبەستێك یان هەواڵێك لە شێوەی پرسیارێکی جواندا دەیەگەیەنێت و وەها خۆی پیشان دەدات، کە لێی بێ ئاگایەو لە خوێنەر، یان بەر دەنگی خۆی دەپرسێ، لە ڕاستیشدا خۆی ئاگاداری ئەو بابەتەیە، شاعیر زۆر کات ئەم هونەرە بۆ ئەوە بەکاردهێنیت، ناوەکو هۆکار و شیعرەکە جوانتر برازێنێتەوە.

(احمد الهاشمی) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ئەوەیە کە قسەکەر پرسیار لە شتێك دەکات کە دەیزانێ، بەلاَم خۆی لەو بارەیەوە بە بێ ئاگا پیشان دەدات))[198] ، دیارە خۆگێلکردنی لە خوێنەر و پرسیار کردنەکەش لە شێوەی خوازەییدا دەبێت، کە مەبەستی زیاتر جەختکردنەوەیە لە شتەکە.

(معد مردوخی) شارەزا لە بواری ڕەوانبێژی فارسیدا بەم شێوەیە پێناسەی (تجاهل العارف) دەکات و دەڵێت : ((قسەکەر لە کاتی قسەکردندا ئاماژە بە شتێك دەکات لە شێوەی پرسیار کردندا، کە خۆی لە حەقیقەت و ڕاستیدا ئەو شتە دەزانێت، بەلاَم لەسەر خاڵێك یان مەبەستێك خۆی گێل دەکات، ئەو خاڵەش ڕەنگە یەکێك لەم مەبەستانە بێت (سەرکۆنەکردن – لۆمەکردن، زێدەڕەویی لەوەسفی کەسێکدا، زێدەڕەویی لە لۆمەی کەسێکدا) ))[199] .

وەفایی شاعیر زۆر بە وریایی و وردبینانەوە ئەم هونەرەی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە، وەك :

**زاری تۆ گوڵزارە خۆ، بۆچ ئابی حەیوانی هەیە؟**
**سەروی تۆ ئازادە، بۆچ نارنج و ڕوممان بەردەدا؟ لا32**

لەم دێڕەدا خۆگێلکردن هەیە، وەفایی دەمی یاری بە گوڵزار داناوە و دەشزانێ کە ئاوی دەمی یارە، بەلاَم بە ئەنقەست خۆی گێل دەکات و دەپرسێت، دەمت وەکو گوڵزار وایە ئەو ئاوی حەیاتەی لە کوێ بوو؟ لە نیوە دێڕی دووەمیشدا، بالاَی یاری بە داری سەوڵ چواندوە لە بەر بەرزی و باریکی دەشزانێ داری سەوڵ بەری نییە، بەلاَم شاعیر خۆی گێل دەکات و دەپرسێت قەدت وەکو سەوڵی ئازادە ئەم هەنار و نارنجەی چۆن دەرکردووە؟ (هەنار و نارنج) واتە (سنگ و مەمك) ی یار و ئەمەش بە مەبەستی زیاتر وەسف کردنی سینگ و بالاَ و دەمی یارەکەی ئەم هونەرەی بەکاربردووە.

---

[198] - جواهر البلاغه، احمد الهاشمی، ص339 .

[199] - علوم بلاغی (معانی، بیان، بدیع)، معد مردوخی، نشر ژیار – سنندج، چاپ اول، 1379 هەتاوی، ص79 .

**چ شینێکە؟ چ هاوارە لە نێو حەڵقەی موریداندا؟**

**مەگەر خواجەی سەمەر قەندی لە نێو ساحێب دڵان ڕۆیی  لا210**

لەم دێڕەدا، وەفایی شاعیر لە شێوەی پرسیاردا ڕوو لە موریدان دەکات و دەپرسێت بۆ دەگرین؟ خۆ خواجەی سەمەر قەندی نەمردووە، کەچی دەشزانێ خواجەی سەمەر قەندی گەورەی عاریفان دەمێکە مردووە، بەڵام بۆ جەختکردنەوە لە مردنی ئەو گەورە عاریفە خۆی گێل دەکات و دەپرسێت خۆ نەمردووە؟ (خواجەی سەمەرقەند) ی، مەبەستی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) یە و بە گەورەی عاریفانی داناوە، بەمەش هونەری (خۆگێلکردن) بەرهەمهاتووە.

**سەروە یا شمشادە؟ یاخۆ عەرعەرە، یانارەوەن؟**

**یا چنارە یاکە تووبای قامەتی دڵدارییە؟  لا221**

ئاشکرایە وەفایی دەزانێ کە ئەوە یارەکەیەتی و تەنها مرۆڤە و شتێکی تر نییە، بەڵام لێرەدا دەپرسێت سەرو، یا شمشادە؟ یا عەرعەرە، یا چنار و تووبایە؟ کە ئەمانە داری ڕاستن و یاری پێ شوبهاندووە و لە شێوەی پرسیاردا دەریان دەبڕێت، بە مەبەستی وەسف کردنی باڵای یار و دووپاتی دەکاتەوە کە مرۆڤە و ئەو سیفاتانەی لەگەڵ (سەروو) و (شمشاد) و (عەرعەر) و (چنار) و (تووبا) دا هاوبەشەو بە زەقی دەریان بخات، بەمەش هونەری (خۆگێلکردن) بەرهەمهاتووە.

## باسی چواردەیەم

## پێچان و کردنەوە (اللف والنشر)

ئەم هونەرە (پێچە و پەخشە) شی پێدەوترێت، لە عەرەبیشدا (اللف والنشر) ی پێدەڵێن و ئەو جوانکارییە کە شاعیر لە سەرەتادا چەند وشەیەك دەهێنێتەوە، یان مەبەستێك باس دەکات و بە دوای ئەمانەشدا چەند وشە و مەبەستێك دێن، کە بەیانی وشەکانی پێشوو دەکەن، بە شێوەیەك کە وشەی یەکەم بەیانی وشەی یەکەم و وشەی دووەم بەیانی وشەی دووەم بکات، بەم شێوەیە هەتا دوایی پێچان و کردنەوەی ڕێك بەرهەم دێنن، بە پێچەوانەشەوە پێچان و کردنەوەی ناڕێك بەرهەمدێت.

(السکاکی) یش بەم شێوەیە پێناسەی (اللف والنشر) ی کردووە و دەڵێت : ((ئەوەیە کە ناوی دوو شت یان زیاتر پێکەوە بهێنی، بە دوای ئەوانیشدا باسی بکەیت پەیوەندی بە هەر یەکێ لەوانەوە هەبێت بە بێ ئەوەی ئەوە دیاری بکەی کە ئەم وشەیە، یان ئەو وشەیە سەر بەکام لەو وشانەی پێشیانەوەن))[200] ، ئەم پێناسەیەی (سەکاکی) ئاماژە بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی (پێچان و کردنەوە) ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باس لەم هونەرە دەکات و جیاکردنەوەیشی بۆ خوێنەری بە توانا و خاوەن ئەزموون بە جێدێڵێت.

(عەبدلسەلام سالار) پێیوایە لە پێچان و کردنەوەدا دەبێت پەوەندیەك لە نێوان پێچان و کردنەوەکەدا هەبێت، بۆ ئەمەش نمونەی (تۆ – خۆر و شێر و دەریا) ی هێناوەتەوە و دەڵێت : ((لە نێوان (خۆر و جوانی) (شێر و ئازایەتی) پەیوەندی موصوف و سیفەتە و سیفەتەکەی هی وەسفکراو خۆیەتی و ئێمە دروستمان نەکردووە))[201] .

(عەبدولسەلام سالار) دوو جۆر پێچان و کردنەوەی دیاریکردووە ئەوانیش (پێچان و کردنەوەی ڕێك و ناڕێك) ەو لەبارەی ئەم دوو جۆرەوە دەڵێت : ((پێچان و کردنەوەی ڕێك و ناڕێك : ئەوەیە کە شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا چەند وشەیەك دەهێنێتەوە، دوایش چەند وشەیەك یا دەستەواژەیەك بهێنێتەوە کە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پەیوەندی بەو وشانەی پێشووە هەبێت و بە دوایدا چەند وشەیەك یان دەستەواژەیەکی تر بە شێوەیەکی ناڕێك – بهێنێتەوە کە پەیوەندی یان بەو وشانەی پێشەوە بێت))[202] .

وەفایی وەکو شاعیرێکی خاوەن هەست و بیرێکی قووڵ، توانیویەتی شتەکان بە جوانی پێکەوە ببەستێتەوە و گیانێکی بەرزی ئەدەبیان بە بەردا بکات، بۆیە هەردوو جۆری پێچان و کردنەوەی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە، وەکو لەم نمونانەدا دەیانخەینەڕوو :

---

[200] - مفتاح العلوم، السکاکی، ص179 .

[201] - جیاوازی نێوان پێچان و کردنەوە و چواندن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، عەبدولسەلام سالار، ژمارە 12، 2003، ل31 .

[202] - هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، عەبدولسەلام سالار، ل173 .

یەکەم : پێچان و کردنەوە ڕێك : ئەو هونەرەیە کە شاعیر چەند وشەیەك بێنێ و لە تەنیشت یەك ڕیزیان بکات و دوا بە دوای ئەوانە چەند وشەیەك بە ئەندازەی وشەکانی پێشوو تر بێنێ، کە هەر یەکەیان بۆ یەکێك لە وشەکانی بەرایی بگەڕێتەوە و لە هەردوو جاریشدا وشەکان لە سەر یەك ڕیز بڕۆن، بۆ نمونە :

**گاهێ موتریب گاهێ ساقی، من فیدای زولف و ڕوخت**
**کوفر و ئیمان لێکدەدەی سەرخۆش بە نەغمە و تاری خۆت لا84**

لە نیوە دێڕی یەکەمی ئەم دێڕەدا، وەفایی شاعیر وشەکانی (زوڵف) و (ڕوخ) واتە (ڕوخسار) ی هێناوە و لە نیوەی دووەمیشدا، وشەی (کوفر) و (ئیمان) هاتوون و بە شێوەیەکی ڕێك ڕیز کراون، وشەی (زوڵف) بۆ (کوفر) هاتووە و وشەی (ڕوخ) یش بۆ (ئیمان)، بەم شێوەیە (پێچان و کردنەوەی دوویی ڕێك) یان دروست کردووە.

**غافڵ مەبە بۆ ڕابیتەیی گەردەن و چاوی**
**مەی بگرە ((وەفایی)) کە ئەمە جام و سەبووتە لا206**

لە نیوە دێڕی یەکەمی ئەم دێڕەدا، هەر دوو وشەی (گەردەن) و (چاو) هاتوون و لە نیوەی دووەمی دێڕەکەشدا، وشەی (دەم) و (سەبووت) هاتووە و بە شێوەیەکی ڕێك و لە بەرامبەر یەکدا ڕیزکراون، وشەی (گەردەن) بۆ (جام) هاتووە و وشەی (چاو) یش بۆ (سەبووت) هاتووە، بەم شێوەیە (پێچان و کردنەوەی دوویی ڕێك) یان دروست کردووە.

**بۆ زەوقی تەکەللوم کە دەمی هاتە تەبەسسوم**
**خەندەی لە دەمی غونچە و تەعنەی لە شەکەردا لا22**

لەم دێڕەدا، هونەری پێچان و کردنەوەی سێیی ڕێك هەیە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا، وەفایی شاعیر سێ وشەی هێناوەتەوە و لە نیوەی دووەمی دێڕەکەشدا سێ وشەی تری بە شێوەیەکی ڕێك کە سەر بەو وشانەی نیوە دێڕی یەکەمن ڕیز کردووە، واتا (زەوق) کردنەوەکەی (خەندە) یەو (دەم) کردنەوەکەی (غونچە) و (تەبەسسوم) کردنەوەکەی (شەکەر) ە و بەم شێوەیە توانیویەتی ئەو وشانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا پێکەوە ببەستێتەوە و چێژێکی ئەدەبی جوان بە دێڕەکە ببەخشێت.

**پێم بڵێ وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە؟**

**خۆ بە شەرعی موستەفا جەننەت بە کافر نادرێ!  لا322**

لەم دێڕەدا، هونەری پێچان و کردنەوەی دوویی ناڕێك هەیە، لە نیوەی یەکەمی دێڕەکەدا، وشەی (زوڵف) و (ڕوومەت) هاتوون و لە نیوەی دووەمی هەمان دێڕدا هەردوو وشەی (جەننەت) و (کافر) هاتووە، کە هەریەکەیان پەیوەندیان بە وشەکانی پێشەوەی خۆیانەوە هەیە، بەلاّم بە شێوەیەکی ناڕێك ڕیز کراون، وشەی (کافر) پێش (جەننەت) کەوتووە کە پەیوەندی بە وشەی (زوڵف) ەوە هەیە و وشەی (جەننەت) دواتر هاتووە کە پەیوەندی بە وشەی (ڕوومەت) ەوە هەیە.

**لالە و گوڵ بێ سەدان، شەهیدی عەشقی خودان**

**ئەم بە تەنی پڕ لە خوێن و ئەو بە دڵی داغدار   لا22**

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا، وشەی (لالە) و (گوڵ) هاتووە و شاعیر لە نیوەی دووەمی هەمان دێڕدا وشەی (خوێن) و (داغدار) ی هێناوەتەوە و پەیوەندیەکی جوانی لە نێوان ئەم چوار وشەیەدا دروست کردووە, بەلاّم بە شێوەیەکی ناڕێك ڕیزکراون، چونکە (خوێن) بۆ (گوڵ) هاتووە پێش (داغدار) کەوتووە و (داغدار) بۆ (لالە) هاتووە، دوایی خوێن کەوتووە، بەمەش هونەری (پێچان و کردنەوەی دوویی ناڕێك) بەرهەمهاتووە.

**لەبەر تاقی برۆت گریانی دڵ بۆ زولفە بەرپا بوو**

**عەجەب ماوم دەڵێن : ڕوو بە قیبلە ناڵە مەحکوومە   لا216**

لەم دێڕەدا، هونەری پێچان و کردنەوەی سێی ناڕێك هەیە، لە نیوەی یەکەمی دێڕەکەدا وشەکانی (برۆ) و (گریان) و (زولف) هاتوون و لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕەکەشدا وشەکانی (شەو) و (قیبلە) و (ناڵە) هاتوون، کە پەیوەندیان بە وشەکانی پێش خۆیانەوە هەیە، بەلاّم بەشێوەیەکی ناڕێك ڕیزکراون، (برۆ) بۆ (قیبلە) و (گریان) بۆ (ناڵە) و (زولف) بۆ (شەو) هاتووە.

## باسی پازدەیەم

## پۆشین (التوريه)

لەو هونەرە جوانکارییە واتاییانەیە کە شاعیری بە توانا و خاوەن سەلیقە لە شیعرەکانیدا بەکاریدەهێنێت، شاعیرانی کوردیش بە سەلیقەیەکی وردەوە ئەم هونەرەیان بەکارهێناوە و زانایانی ڕەوانبێژیش لێیدواون لەوانە (محمود البستانی) کە لە پێناسەیدا دەڵێت : ((بریتییە لە پەیوەندی دروستکردن لە نێوان دوو شتدا، یەکیان واتایەکی دووری هەبێت و ئەوی تریان واتایەکی نزیك، بەڵام لە شیعرەکەدا مەبەست واتا دوورەکە بێت))[203] .

(عەلادین سوجادی) یش بەم شێوەیە پێناسەی پۆشین دەکات و دەڵێت : ((ئەوەیە کە وشەیەك هەبێت دوو گوزارەی هەبێ یەکێ دور، یەکێ نزیك، تۆ بە هۆی نیشانەیەکی پۆشراوەوە دورەکەت مەبەست بێت))[204] ، مەبەست لە واتای دوور ئەوەیە کە گوێگر، یان خوێنەر درەنگ درکی پێدەکات، بەڵام واتای نزیك ئەوەیە کە خوێنەر دەست بەجێ درکی پێدەکات، بەگشتی زانایانی بواری ڕەوانبێژی سێ جۆر پۆشینیان دیاری کردووە ئەوانیش بریتین لە (پۆشینی دیار، پۆشینی پالاو، توانج پۆشی) .
وەفایی شاعیر وەکو شاعیرێکی خاوەن سەلیقەی هونەری دوو جۆر پۆشینی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە و دەڵێت :

**بۆچ هەر ((وەفایی)) بوو شێت بوو وەکێوان کەوت؟**
**سەد خوسرەو فەرهادە بۆ لێوی شیرینت لا82**

لەم دێڕەدا، هونەری پۆشین کەوتووەتەوە و پۆشینەکەش لە وشەی (شیرین) دایە، کە واتا نزیکەکەی مەبەستی شیرینی لێوی یارە، کە تامی شیرینە و واتا دوورەکەش مەبەستی لە شیرینی دڵداری فەرهادە بۆ پاڵپشتی ئەمەش شاعیر دوو واتای هێناوەتەوە سەر بە واتا دوورەکەیە کە وشەی خوسرە و فەرهادە، تەنها یەك وشەش هاتووە سەر بەواتا نزیکەکەیە کە وشەی لێوە.
ئەم هونەرەش بە لایەنی کەمەوە سێ جۆری هەیە، وەفایی شاعیر زیاتر لە جۆرێك پۆشینی بەکاربردووە، وەك لەم نمونانەی خوارەوە دەیانخەینەڕوو :

**داعیەی ئاوێنە دینی کوفرە نەك ڕوحمێکی بێ**
**حەقیەتی بەو چاوە کاڵانە کە تاڵانم دەکا لا32**

---

[203] - القواعد البلاغيه، محمود البستانی، طبع ايران، طبع أول، دون تاريخ طبع، ص219 .
[204] - خۆشخوانی، عەلادین سەجادی، ل92 .

لەم دێڕەدا، هونەری (پۆشینی دیار) هەیە، پۆشینەکەش لە وشەی (دین) دا کەوتووەتەوە و دەشێت بە هەر دوو واتاکە دابنرێت، کە لە یەکەمیاندا (دین) بە واتای بینین دێت و لە پاڵیدا وشەی ئاوێنە پشتگیری ئەم واتایەمان دەکات، لە واتای دووەمیشدا (دین) بە واتای ئاین دێت، بۆ ئەمەش وشەی کوفر پشتیگیریمان دەکات بۆ لێکدانەوەی شیعرەکە و جوانیەکی بە دێڕەکە بەخشیوە.

**چاوی خوێنین غەرقی پەروین بوو لە بێ میهری گوڵم**
**مات و حەیرانم لەسەر چی ماهی تابانم نەهات   لا12**

لەم دێڕەدا، هونەری (پۆشینی دیار) هەیە، پۆشینەکەش لە وشەی (میهر) دا کەوتووەتەوە، کە دوو واتا دەگەیەنێت، واتای یەکەم بە واتای سۆز و میهرەبانی دێت، واتای دووەم بە واتای (خۆر – ڕۆژ) دێت، لە دێڕەکەدا وەفایی شاعیر واتای وشەکەی بە یەکسانی بەسەر هەردوو واتاکەدا دابەشکردووە و خوێنەری سەرپشك کردووە لە هەڵبژاردنی هەردوو واتاکەدا، بۆ واتای یەکەم قسەی لەسەر بێ وەفایی و بێ میهری و بێ سۆزی یار کردووە و بۆ واتای دووەمیش وشەی (پەروین) و (ماهی تابان) ی هێناوە.

**من دەڵێم : یاقووت و ڕەیحان خەتی کامیان خۆشترە؟**
**ئەو بە عەییاری ئیشارەی لەعلی خەندانم دەکا   لا10**

لەم دێڕەدا، هونەری (پۆشینی پالأو) هەیە، لە هەردوو وشەی (یاقووت) و (ڕەیحان) دا کەوتووەتەوە و وەفایی شاعیر پرسیاری لە یار دەکات و دەڵێت : خەتتی یاقووت خۆشترە یان ڕەیحان، کە دوو خەت خۆشی گەورەی کۆنی ئێران بوونە و سەعدی شیرازی لە بارەیانەوە دەڵێت ((کسی بالاتر از یاقوت ننوشت، تو از یاقوت بالاتر نوشتی))، یاریش بە هەڵە تێدەگات و لە وەڵامەکەیدا بە لێوی خۆی تێگەشتووە و ئیشارە بە لەعلی لێوی دەکات، ئەوەی لە دێڕەکەدا هاتووە، هەردوو وشەی ( (خەت)، (خۆشتر) (خەت خۆش) ) کەسەر بە واتا نزیکەکەن، تەنها وشەی لە علیش سەر بە واتا دوورەکە هاتووە، کە مەبەستی لێوی یارە، بەمەش وەکو ئاماژەمان پێدا لە جۆری (پۆشینی پالأوە).

**لە گریان ئاسمان دامانی سور بوو شینی گێڕاوە**
**مەگەر گیراوە یا مایل بە شامە ڕۆژە ڕووناکەم   لا432**

ئەم دێڕە لەو غەزەلەدایە کە بۆ (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) نوسیوە، لەو کاتە کە دوور دەخرێتەوە لە شامەوە بۆ شاری (تائف) لە حیجاز، هونەری (پۆشینی پاڵاو) لە وشەی (شام) دا کەوتووەتەوە و لە دێڕەکەدا ئەمە بە واتای دوور هاتووە، چونکە ئەگەر هۆکاری نوسینی شیعرەکە نەزانین ئەم واتایە بە دەست نایەت، واتا نزیکەکەی (شام) کە ئێوارە، یان شەوە و ئەمەش دەورە دراوە بە کۆمەڵێ وشە لە دێڕەکەدا، بە خوێندنەوەی زیاتر هەست بەمە دەکرێت تا وڵاتی شام، ئەگەر خوێندنەوەیەکی بونیادگەریانەی بۆ بکرێت و دەقەکە لە دەوروبەر دابڕین، ئەو وشانەی سەر بە واتا نزیکەکەن ئەمانەن (گریان، ئاسمان، شین گێڕان، ڕۆژ، ڕووناکی).

بە پێچەوانەی هونەری پۆشینی پاڵاوەوە، کە وشەکانی نیو دێڕەکە سەر بە واتای نزیکن و لەم دێڕەدا، زۆربەی وشەکان سەر بە واتا دورەکەن[205] ، لەم دێڕەدا وەفایی شاعیر دەڵێت :

**ڕەمز و غەمزەی یەك نیگاهت قەلبی کون کون کردووم**

**بوومە جێی دەستڕێژی تورکان، بۆیە جەرگم لەت لەتە!  لا202**

لەم دێڕەدا، هونەری پۆشین لە وشەی (تورکان) دا هەیە، بە خوێندنەوەی ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ دەستڕێژی تورك دەچێت، کە واتا نزیکەکەیە و واتا دوورەکەش مەبەست لە چاو تورکانی یارە، بۆ ئەمەش زۆرترین قەرینەی بۆ ئەم واتایە هێناوەتەوە، ئەویش وشەکانی (ڕەمز، غەمزە، نیگاه) ە.

---

205- بڕوانە لاپەڕەکانی 133 – 170، هونەری ڕەوانبیژی لە شیعری (نالی) دا، عەبدولسەلام سالار .

## باسی شازدەیەم

## ئاڕاستە (التوجیه)

ئەم هونەرە لە عەرەبیدا (الایهام) و (التوجیه) یشی پێدەڵێن، شاعیرانیش بۆ دەربڕینی مەبەست و قووڵکردنەوەی بیری خوێنەر ئەم هونەرەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە, زانایانی ڕەوانبێژیش زیاتر لە پێناسەیەکیان بۆ ئەم هونەرە کردووە ((بریتییە لەوەی گوتە بە شێوەیەك بهێنرێت، بشێ دوو مانای هەبێت، وەکو بۆ نمونە پیاهەڵدان و لۆمەکردن هەڵبگرێت، ئەمەش لەبەر نەبوونی هیچ ئاماژەیەك، کە وای دەربخات کام واتا مەبەستی شاعیرە))[206] .

زانایانی ڕەوانبێژی فارسیش زاراوەی (ایهام) و (توهیم) یش لە بەرامبەر ئەم هونەرەدا بەکاردەهێنن، (سیروس شمیسا) زانای بواری ڕەوانبێژی فارسی بەم شێوەیە پێناسەی (ایهام) دەکات و دەڵێت : ((بریتییە لەوەی وشەیەك لە کاتی قسەکردندا بەلایەنی کەمەوە دوو واتا بگەیەنێت))[207] .

وەفایی شاعیر ئەم هونەرەی زۆر لێزانانە بەکارهێناوە، ئەوەی ئێمە درکمان پێکردبێت، توجیەکەی جارێك بە پیاهەڵدان و جارێك بە لۆمەکردن بەکاربردووە، وەك لە پێناسەکەدا ئاماژەمان پێدا :

**لەبەر چاوت بگریێم، یا لە دەست تۆ داد و هاوار کەم؟**
**لەبەر نەیڕەنگی مەستان؟ یا لە سیحری ڕەنگی دەستانت؟**

لەم دێڕەدا، هونەری ئاڕاستە هەیە، لە وشەی (دەستان) دا کەوتووەتەوە و دوو واتای هەیە، واتای یەکەمیان وەسف و سەنای دەستی ڕەنگینی یار دەکات، کە چ دەستانێکی سیحراوییە و لە ئاستیاندا نازانێ داد و هاوار بۆ کێ بەرێت، لە واتای دووەمدا دەستان بە واتای فێڵ و حیلە و جادوو دێت و کە سیحریان لێکردووە و داد و هاواریەتی، کە واتا دەتوانرێت لە یەك کاتدا هەم بە مەدح و هەم بە زەم لێکبدرێتەوە و شاعیر یاریەکی جوانی بە وشەی (دەستان) کردووە.

**ئەبرۆت مەدەدی زولفە بە کێشانی دڵاندا**
**بۆیێکی وەها خەم بووە شاهێن و تەرازووت لا22**

لەم دێڕەدا، وەفایی توانایەکی شیعری زۆر ناوازە و دانسقەی پیشانداوە و چەقی شیعرەکە کە هونەری (ئاڕاستە) ی تیادایە، ئەو توانا گەورەیەی شاعیر پیشاندەدا، جارێك (کێشان) ی لەگەڵ دڵدا هێناوە و

---

[206] - البیان والبدیع، د. طالب محمد الزوبعی و د. ناصر حلاوي، دار النهظة العربیە، بیروت – لبنان، الطبعة الأولي، 1993م، ص207- 209 .

[207] - نگاهی تازه به بدیع، دکتر سیروس شمیسا، چاپخانه تابش، تهران، چاپ چهارم، 1307ی هەتاوی، ص124 .

بە واتای کەمەند کێش کردن دێت و وەسف و سەنای برۆ و زولف دەکات، لە جاری دووەمدا دەڵێت : ئەم (کێشان) ە تەرازوی چاوی یاری لاسەنگ کردووە، بەو هۆیەوە کە برۆ لایەنگیری زوڵفی کردووە و لە دەرەنجامدا نارێکی لە ڕووخساری یاردا دروست کردووە, بەمەش جوانترین هونەری (ئاڕاستە) بەرهەمهاتووە.

ئەوەی جێی ئاماژەیە جیاوازی نێوان هونەری (ئاڕاستە) و هونەری (پۆشین) ئەوەیە کە لە هونەری ئاڕاستەدا وشەکە بە دوو واتایی پێچەوانە و دژ لێکدەدرێتەوە، بەڵام لە پۆشیندا ئەم لایەنگیرییە نیە.

## باسی هەڤدەیەم

## بادانەوە (الرجوع)

ئەم هونەرە، لە لایەن شاعیرانەوە بۆ قوڵکردنی واتا و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ لایەنی دیکە بەکار هێنراوە، کە زۆر جار شاعیر قسەیەك دەکات، دواتر نکۆڵی لە قسەکەی پێشووی دەکات و بۆ سەر واتایەکی تر بادەداتەوە، (ابن المعتز) یش لە پێناسەی (بادانەوە – الرجوع) دا دەڵێت : ((ئەوەیە کە شتێك بڵێت و بە دوایدا لێی پاشگەز ببێتەوە))[208] .

(عەزیز گەردی) یش لەم بارەیەوە پێی وایە کە بادانەوە : ((بریتییە لەوەی کە لە پێش دا قسەیەك بکەیت و بە دوای قسەکردنەکە ڕاستەوخۆ نکووڵی و لالووتی لە قسە بکەیت، شتەکە بە جۆرێکی تر هەڵبگێڕیتەوە و لێك بدرێتەوە))[209] .

وەفایی شاعیر زیاتر لە جارێك ئەم هونەرەی لە دێڕە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، وەك :

**زولفت لە دوولا شاد و گوشادن بە جەماڵت**

**کوا ئەهلی شیمالی؟ هەموو ئەسحابی یەمینە لا286**

ئەم دێڕە یەکێکە لەو دێڕە جوانانەی کە هونەری بادانەوەی تێدایە، وەفایی شاعیر لە دێڕی یەکەمدا، وەسفی دوو تای زوڵفی یار دەکات و دەڵێت : زوڵفە جوانەکەت بووەتە مایەی شادی و جوانیبەخشی دڵی دڵداران و تەشبیهی کردووە بە یارانی ڕاست و چەپ، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێت : بەداخەوە ئێمەمانان بووینەتە کەمەند کێشی زوڵفت و زوڵفت بووەتە پێوەند و بە پێچەوانەوە ئەسحابی شیمال نین و هەمووومان بووینەتە ئەسحابی یەمین و نامەی کارەکانمان باش ناڵێت.

**سووتبووم خوم دا پەنای زولفت دەمێك ئاسوودە بم**

**ڕووت نیشان دام باز لە سایەی تۆوە ئاورم گرتەوە لا260**

لەم دێڕەدا, شاعیر پەشیمانی و بادانەوەیەك دەردەبڕێت و لە نیوە دێڕی یەکەمدا دەڵێت : سووتابووم ویستم لە پەنای سێبەری زوڵفتدا ئاسوودە بم و ئاهێکی حەسانەوە هەڵبکێشم، کە چی لە نیوە دێڕی

---

[208] - البديع، ابن المعتز، ص3 .

[209] - ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا (جوانکاری), عەزیز گەردی، ل92 .

دووەمدا ئەسەف دەخوات و دەڵێت : بەداخەوە یار ڕووی نیشاندام و بە شەوقی ئاگری ڕووخساری دووبارە سووتامەوە، بەمەش هونەری (بادانەوە) بەرهەمهاتووە.

**ئەگەرچی بادی نەورۆزی نەویدی وەسڵی گوڵ دێنێ**
**هەتا گوڵ دێ بەناز بولبول بە سەد عومری نامێنێ   لا332**

لەم دێڕەدا، هونەری بادانەوە هەیە، لە نیوە دێری یەکەمدا شاعیر دەڵێت : نەورۆز و بادی نەورۆز وەك هەمیشە (نەوید) مژدەی هاتنی گوڵ و وەسڵ و دیداری بولبولە بە گوڵ، لە نیوە دێڕی دووەمدا شاعیر بادەداتەوە و دەڵێت : بەداخەوە عومری گوڵ کەمەو بولبول لەسەدا یەکی چێژ لەو دیدار و یەکتر بینینە نابینێت.

## باسی هەژدەیەم

## لۆمە لە بەرگی وەسفی (الذم بما يشبه المدح)

ئەمەشیان هونەرێکی تری جوانکاری واتاییە، زۆر کات شاعیران بەمەبەستی گاڵتەجاڕی و ناشیرین کردنی کەسێك بە شێوازی وەسفی باسی کەسێك دەکات، کە مەبەستی لۆمەی ئەو کەسەیە، یاخود بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی شتەکان کە هەندێکجار گەلێ کەس و دیاردە هەن وێنەی ناتەواویان کەوتۆتە بەرچاوی کۆمەڵگا، شاعیر بۆ خستنەڕووی وێنەی دروستی ئەو کەس و دیاردانە پەنا بۆم ئەم هونەرە دەبات، یان هەندێکجار لە شێوەی لۆمەی پۆشراودا داخ و پەژارەی خۆی دەردەبڕێت، لە بەرامبەر ئەم هونەرەشدا هونەری وەسفی لە بەرگی لۆمەدا هەیە، بەلآم لەلای وەفایی شاعیر بەدیمان کردووە.

(ئەحمەد مەتلوب) لە باسی ئەم هونەرەدا دەڵێت : ((ئەوەیە کە قسەکەر مەبەستی لۆمە کردنی کەسێك بێت، کە لە شێوەی وەسفدا دەریببڕێت و لە ناوەڕۆکدا لۆمەکردن بگەیەنێت))[210] ، بە پێی ئەم پێناسەیەی (ئەحمەد مەتلوب) قسەکەر بە شێوەی پۆشراوی لۆمەی کەسێك دەکات، کە ئەو کەسە سەرەتا وا هەست بکات کە وەسف یاخود ستایشی دەکات، ئەمەش زۆرجار بۆ دەربڕینی داخ و پەژارەی شاعیرە کە شتێك ئازاری داوە، دەیەوێت لەم ڕێگایەوە کەمێك لە غەمەکانی کەم بکاتەوە.

(ئیدریس عەبدوڵلا) ش بەم شێوەیە پێناسەی ئەم هونەرە دەکات و دەڵێت : ((بریتییە لەو دەربڕینەی، کە شاعیر تێیدا سەرەتا بە باشی ستایشی یەکێك، یان شتێك دەکات و پەسنی دەدات، بەلآم دواتر دەریدەخات، کە لە گوتەکەی مەبەستی لۆمەیە نەك وەسف))[211] .

ئێمەش لە تەواوی شیعرەکانی وەفایی دا دێڕە شیعرێکمان بە دی کردووە، کە هونەری (لۆمە لە بەرگی وەسفی) تێدا بێت، وەکو وەفایی دەڵێت :

**سەدایی یاحەیی دەروێشان، نەوای یاهوویی دڵڕێشان**

**لە دەوری خانەقادا بوو بە جیسم و ئیسمی عەنقاکەم لا432**

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا، کۆمەڵێ وشەی جوانی هێناوە، وەکو سەدای یاحەی دەروێشان و نەوای یاهوو کە باس لە خەتم و زیکر و تەهلیلە و یاالله ی دەروێشان دەکات لە خانەقادا و ئەمانە وشەی سوپاسن، خوێنەر وا هەست دەکات کە سوپاسی دەروێشان دەکات، بەلآم لە نیوە دێڕی دووەمدا کە هەواڵەکە دێت، شاعیر ئەم زیکر و تەهلیلە و مەجلیسی خانەقایەی شوبهاندوە بە باڵندەی (عەنقا)،

---

[210] - المعجم المصطلحات البلاغية و تطورها، الدكتور أحمد مطلوب، ص493 .

[211] - جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی ، د. ئیدریس عەبدوڵلا، ل103 .

ئەم باڵندەیە بەس ناوی هەیە و بوونی نیە، بەمەش لۆمە و گلەی لە دەروێش و خانەقا دەکات، چونکە شاعیر پێوایە کە دەروێش و خانەقا زۆر شتیان پێدەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە هیچ کرداریان نیەو مایە پووچن، بەمەش هونەری (لۆمە لە بەرگی وەسفی) بەرهەمهاتووە.

## باسی نۆزدەیەم

## داهێنان (ابداع)

یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییەی، کە شاعیری بە توانا و خاوەن پاگراوەندێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەتوانێت لە سنوری دێڕە شیعرێکدا، یاخود چوارینێکدا بەکاریبهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی فروانکردنی واتایی دێڕەکە و بەرجەستە بوونی چێژێکی ئەدەبی و بەخشینی جوانیەکی دلگیر بە دێڕە شیعرەکە, بە هۆی کۆکردنەوە ئەو هەموو هونەرە ڕەوانبێژیانەوە لە سنوری تاکە دێڕێك, یان چوارینێکدا.

(راجی الأسمر) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم هونەری کردووە و دەڵێت : ((بریتییە لەوەی ئاخاوتن چەند جۆرێکی جوانکاری تیادا بێت))[212] ، جوانکاری لێرەدا مەبەستی هونەری جوانکارییە واتا لە ڕووی زاراوەکەوە، نەك لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەبوایە (راجی الاسمر) بیوتبایە ئاخاوتن چەند جۆرێکی هونەری جوانی ڕوانبێژی تیادا بێت.

لە ئەدەبی کوردیشدا تەنها (ئیدریس عەبدوڵلا) باسی لەم هونەرە کردووە و بەم شێوەیە باسی لێوە کردووە و دەڵێت : ((داهێنان ئەو پەرەگرافانەی پەخشان و ئەو دێڕانەی شیعر دەگرێتەوە، کە دەوڵەمەند و جوانکراون بە ژمارەیێك هونەری لێکجیای ڕەوانبێژی و بە هەموویان جەمالیاتێکی دلگیری پێ دەدەن))[213] .

وەفایی شاعیر وەکو شاعیرێکی بە توانا و خاوەن ڕۆشنبیریەکی ئەدەبی فراوان و شارەزا لە هونەرکانی ڕەوانبێژیدا، هونەری داهێنانی بەم شێوەیە بەکاربردووە، وەك :

**ئەی دەم و خەندەت دەلیلی دەعویی بوون و نەبوون**

**ئەی برۆ و باڵات بەیانی مەعنی نوون و قەلەم لا412**

لەم دێڕەدا، هونەری (داهێنان) هەیە، چونکە وەفایی شاعیر چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕەدا بەکاربردووە و چێژێکی ئەدەبی بە دێڕەکە بەخشیوە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا سەرەتا وشەی (دەم و خەندە) ی هێناوە و هونەری (پێکەوە گونجان) ی دروستکردووە، هەر لە نیوە دێڕی یەکەمدا (دژیەکی نافەرهەنگی) لە نێوان وشەی (بوون و نەبوون) دا هەیە، چونکە شاعیر سەرەتا وشەی (بوون) ی بەکارهێناوە و بە دوایدا بە هۆی ئامرازی (نە) ەوە هەمان وشەی نەرێ کردووە، لە نیوە

---

[212] - علوم البلاغة، راجی الأسمر، ص137 .

[213] - لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، د. ئیدریس عەبدوڵلا، ل390 .

دێڕی دووەمدا، هونەری (پێچان و کردنەوەی ڕێکی دوویی) هەیە، شاعیر سەرەتا هەردوو وشەی (برۆ) و (باڵا) ی هێناوە و بە دوایاند و بە شێوەیەکی ڕێك هەردوو وشەی (نوون) و (قەلەم) هێناوەتەوە و (برۆ) لە بەرامبەر (نون) داو (باڵا) ش لە بەرامبەر (قەلەم) دا، هەروەها لە نێوان (برۆ) و (باڵا) و (نوون) و (قەلەم) هونەری (لێکچواندن) بەرهەمهاتووە، (برۆ) لەوچووە و (نوون) لێچووە، (باڵا) لەوچووە و (قەلەم) لێچووە، لە کۆتایی دێڕەکەشدا دەستەواژەی (نوون و قەلەم)ی بەکاربردووە و بەخێرایی ئاماژەی بۆ ئەو ئایەتی (52) سورەتی (القلم) کردووە، کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ن، والقلم وما یسطرون﴾، بەمەش هونەری (تیلنیشانی بۆ ئایەتی قورئان) ی دروستکردووە، شاعیر لە سنوری ئەم دێڕەدا پێنج هونەری کۆکردووەتەوە و توانیوویەتی داهێنانێکی جوان بکات.

**زاری تۆ گوڵزارە خۆ، بۆچ ئابی حەیوانی هەیە؟**
**سەروی تۆ ئازادە، بۆچ نارنج و ڕوممان بەردەدا؟ ل32**

لەم دێڕەدا، هونەری (داهێنان) هەیە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موترپف) دروست بووە و ڕەگەزدۆزیە ناتەواوەکەش لە نێوان وشەی (زار) و (گوڵزار) دا کەوتووەتەوە، چونکە (گوڵزار) بە سێ پیتی سەرەتای وشە لە وشەی (زار) زیاترە، هەر لە هەمان نیوە دێڕدا هونەری (پۆشین) هەیە، پۆشینەکەش لە وشەی (زار) دا کەوتووەتەوە و کە دوو واتا دەگەیەنێت، لە واتای یەکەمیاندا بە واتای گوڵ و گوڵزار و گوڵستان دێت و لە واتای دووەمیاندا مەبەستی لە دەمی یارە لە جوانیدا لە گوڵ دەچێت، هەر لە سنوری ئەم دێڕەدا، شاعیر هونەری (خۆگێلکردنی) دروستکردووە، چونکە لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر دەمی یاری بە گوڵزار داناوە و دەشزانێ ئاوی دەمی یارە، بەڵام دەپرسێت دەمت وەکو گوڵزار وایە ئەو ئاوی حەیاتەی لە کوێ بوو؟ لە نیوە دێڕی دووەمیشدا باڵای یاری بە داری سەوڵ داناوە و دەشزانێ داری سەوڵ بەری نیە، بەڵام بۆ خۆ گێلکردن لە خوێنەر دەپرسێت قەدت وەکو سەوڵ ئازادە ئەم نارج و روممانەی لە کوێ بوو؟ هەر لەم دێڕەی سەرەوەدا، هونەری گێڕانەوە هەیە، گێڕنەوەکەش لە وشەی (بۆچ) دا کەوتووەتەوە، کە شاعیر ئاوەڵناوی پرسی (بۆچ) ی دووجار لە پاڵ وشەکانی (ئابی) و (نارنج) دا گێڕاوەتەوە. لە نیوە دێڕی یەکەمدا، (زاری) چواندوە بە (گوڵزار) بەمەش (لێکچواندن) ێکی جوانی دروست کردووە و لە نیوە دێڕی دووەمیشدا وشەی (سەرو) ی هێناوە واتە داری سەوڵ، کە بەرزو بێ بەرە و خواستنی ئاشکرایەو باڵای چواندوە بە سەروو، سەروو هاتووە, باڵا نەهاتووە، هەروەها لە نێوان (نارنج و ڕوممان) دا (پێکەوە گونجان) هەیە، کەواتە شاعیر لە سنوری ئەم دێڕەدا، زۆر بە جوانی توانیویەتی چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی کۆبکاتەوە.

**ئەنجام:**

**لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**1- یەکێك لەو پاشخانە شیعرییانەی شیعری شاعیرانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی کە بۆ بنیاتنانی شیعرەکانیان بەکارییان بردووە، ڕەوانبێژی و هونەرەکانی بووە، بەتایبەتی هونەرە جوانکارییەکان، هەر لە مەلای جزیری و شاعیرانی کرمانجی ژووروو و نالی و شاعیرانی کرمانجی خواروو، تاوەکو شاعیرانی کلاسیکی ناوچەی موکریان و تیایدا دیارترینیان وەفایی، ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانییان پێڕازاندووەتەوە و شیعرییەتێکی بەرزی پێ بەخشیوون و ناکرێت کارلە شیعری ئەمانە بکرێت و پێودانگە ڕەوانبێژییەکان بەکارنەبرێت.**

**2- وەفایی شاعیر زۆر بە دیقەت و بە وردییەوە هونەرە جوانکارییە وشەییەکانی بەکارهێناوە و تیایدا زۆرترین هونەری جوانکاری وشەیی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە، کە پازدە جۆری لەم ئاستە بەکارهێناوە، تەنانەت هۆشیاری هەبووە بەرامبەر جۆرەکانی هەریەك لەو هونەرانە و چێژێکی وشەیی و مۆسیقی بە دێڕە شیعرەکان داوە و وا لە خوێنەر دەکات کە دوور لە واتا و مەبەستەکەی سەرنجی بۆ فۆرمی وشەکان و تەنسیق و هاوئاهەنگی نێوان وشەکان کێش دەکرێت.**

**3- لە هونەری جوانکاری وشەییدا زۆرترین هونەری ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی بەکارهێناوە و بەشێوەیەك کە نۆزدە جۆر لەم هونەرەی بەکارهێناوە، چونکە بە دیارترین جۆرەکانی جوانکارییە وشەییەکان دادەنرێت، بە هۆی گرنگی پێدانی لە لایەن شاعیران و زانایانی بواری ڕەوانبێژییەوە لە کۆن و نوێدا, ئەم گرنگی پێدانەش بە ڕوونی و ئاشکرا دەرکەوت لە زۆربەی ئەو کتێبانەی کە جەختیان لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دەکردەوە, تیشك خستنە سەر جۆرە جیاوازەکانی و خستنە ڕووی سەنگی هونەری و جوانی, کارتێکردنی لە شێوازی ئەدەبیدا.**

**4- وەفایی شاعیر بەبەراورد بە هونەری جوانکاری وشەیی کە پازدە جۆربوو، نۆزدە جۆر هونەری جوانکاری واتایی لە شیعرەکانیدا بەرچاوکەوتوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەفایی شاعیر هۆشیاربووە بەرامبەر بەوەی وەك چۆن جوانکاری لە ئاستی فۆرمدا گرنگە بە مانا باوەکەی هێندەش بگرە زیاتریش پێویستە بایەخ بە جوانکاری لە ئاستی واتاشدا بدرێت و داویشییەتی، بۆ ئەمەش وەفایی زۆرێك لە واتا باوەکان و زۆر وتراوەکانی لە ڕێگەی هونەرەجوانکارییە باوەکانەوە بەخوودی کردووە و ڕەنگڕێژێکی هونەری بەرزی پێداوە.**

**5- لە نێو هونەرە جوانکارییە واتاییەکانیشدا زۆرترین جۆری هونەری تیلنیشان بەرچاودەکەوێت، ئەمەش بۆ ئەو پاشخانە شیعری و ئاینی و کۆمەڵایەتییانە دەگەڕێتەوە کە وەفایی هەیبووە،**

بەشێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش و هونەری ئاوێزانی شیعرەکانی کردووە و وا لە خوێنەر دەکات هەم بە دوای ئەو سەرچاوە و ئاماژانەدا بگەڕێت و هەمیش بیروردی وەفایی بۆ دەردەکەوێت.

3- سەرەڕای ئەو ئەنجامانەی سەرەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە وەفایی شاعیر گاریگەرییەکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی پێشخۆیی و سەردەمەکەی خۆشی لەسەر بووە، بەنموونە شاعیرانی فارس وەك حافزی شیرازی و شاعیرانی کورد لەسەرووی هەموویانەوە نالیی شاعیر و دواتریش کوردی و مەحویی شاعیر، ئەمەش لە ڕێگەی هونەری (نەسخ) و (تێهەڵکێش) ەوە بەرچاو دەکەوێت، کە دوو هونەری دیار و بەرچاوی هونەری جوانکاریین.

# ﴿ لیستی سەرچاوەو ژێدەرەکان ﴾

## یەکەم/ بە زمانی کوردی

**(أ) کتێبەکان:**


1. ئەنجومەنی ئەدیبان, ئەمین فەیزی, لیژنەی توێژینەوە و کەلەپوور, چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق, بەغداد, 1993.
2. بەدیع و عەرووزی نامی, مەلا عبدالکریمی مدرس, چاپخانەی (دار الجاحظ), بەغداد, 1991.
3. بنیاتی کارنامەی لەدەقی نوێی کوردیدا, د. عبدالقادر حمه امین محمد, چاپخانەی تیشك, سلێمانی, چاپی یەکەم, 2009.
4. جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی, د. ئیدریس عەبدوڵلا, چاپخانەی هێڤی, هەولێر، چاپی یەکەم، 2012.
5. جوانکاریی شیعری نوێی کوردی, د. ئیدریس عەبدوڵلا, چاپخانەی هێڤی, هەولێر، چاپی یەکەم, 2012.
3. جوانکاریی لە ئەدەبی کوردیدا, ئیدریس عەبدوڵلا, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی, 2003.
7. خۆشخوانی, عەلادین سوجادی, چاپخانەی مەعارف, بەغداد, 1399هـ - 1979م.
9. ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان, پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان, عەزیز گەردی, چاپی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, چاپی یەکەم, 2002.
9. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری - البدیع), عەزیز گەردی, بەرگی دووەم, چاپخانەی شارەوانی, هەولێر, 1975.
10. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (ڕوونبێژی - البیان), عەزیز گەردی, بەرگی یەکەم, بغداد, 1972.
11. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم (واتاناسی), عەزیز گەردی, چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی, 1979.
12. ڕوونبێژی لە شیعری (مەحوی)دا, هەژار فەقێ سلێمان حسێن, چاپخانەی سەردەم, کوردستان– سلێمانی, چاپی یەکەم، 2014.

13. ڕەخنەسازی مێژوو و پەیرەوی کردن, دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر, چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق, بغداد, 1993.
14. شیعر (پۆیەتیکا), ئەریستۆ, وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, کوردستان -سلیمانی, چاپی یەکەم, 2010.
15. شێواز, د. ئیدریس عەبدوڵڵا, چاپخانەی منارە، هەولێر, چاپی یەکەم, 2012.
13. شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا, حوسێن کەلاری, چاپخانەی یاد, سلێمانی, چاپی یەکەم, 2011.
17. کوردۆلۆجی, ئیدرسی عەبدوڵلاو نووسەرانی تر, چاپخانەی منارە, هەولێر, چاپی یەکەم, 2009.
19. کۆوانەکانی ڕەوانبێژی, د. ئیدریس عەبدوڵڵا, چاپخانەی رۆژهەلآت, هەولێر, چاپی یەکەم, 2014.
19. گوڵ دەستەی شعرای هاوعصرم, عەلی کەمال باپیر, چاپخانەی ژیان, سلێمانی, 1359 ك – 1939.
20. گەشتێ لە عیلمی بەلاغە معانی, بدیع, عروض, قافیە, محمد سعید ابراهیمی محمدی, ئازەربایجانی غربی– مهاباد, 1334هەتاوی.
21. لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی, د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا, چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر, 2011.
22. لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە, دکتۆر مارف خەزنەدار,چاپخانەی دار المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة, بەغدا, 1994.
23. مێژووی ئەدەبی کوردی, عەلادین سوجادی, چاپخانەی المعارف، بغداد, چاپی یەکەم، 1952.
24. مێژووی وێژەی کوردیی, صدیق بۆرەکەیی, بەرگی دووەم, چاپخانەی سپهر تبریز, بانە – کردستان, چاپی یەکەم, 1370 هەتاوی.
25. مەحرەمی ڕاز شەرحی غەزەلیاتی حافز, ئەکرەم عەنەبی, بەرگی یەکەم, چاپخانەی خانی دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان, هەولێر, 2009.
23. نوری نەمر, محمد فتح الله گولەن, وەرگێڕانی: دەستەی وەرگێڕانی دەزگای چاپ و پەخشی کانی عیرفان, بەرگی یەکەم, دەزگای چاپ و پەخشی کانی عیرفان, 2012.
27. هونەری شیعر, هۆراس, حەمید عەزیز کردویەتی بەکوردی, بەغداد, چاپی یەکەم، 1979.

**(ب) دیوانەکان:**

29. دیوانی سالم, عبدالرحمن محمد بەگی قەرەجەهەنمی, گیوی موکریانی, چاپخانەی کوردستان, هەولێر, 1972.
29. دیوانی کوردیی, چاپخانەی کوردستان, هەولێر, چاپی سێیەم, 1972.
30. دیوانی نالی, لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم), أنتشارات کردستان, سنندج, چاپی دووەم, 1379 هەتاوی.
31. دیوانی وەفایی, کۆکردنەوەی: موحەمەد عەلی قەرەداغی, لێکۆڵینەوە, لێکدانەوەو لەسەر نووسینی: موحەمەد سەعید نەجاری (ئاسۆ), پیاچوونەوە: عەتا ئوڵڵای حەواری نەسەب, انتشارات کردستان, سنندج, چاپ یەکەم, 1390 هەتاوی.

## (ج) فەرهەنگەکان:

32. فەرهەنگی خاڵ, شێخ محمەدی خاڵ, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر, چاپی دووەم, 2005.
33. هەنبانە بۆرینە, عبدالرحمن شەرەف کەندی (هەژار), کیتاب میلی ایران, چاپ ششم, 1399هتاوی.

## (د) گۆڤارەکان

34. ئەکادیمی، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ئیدریس عەبدوڵلآ، کوردستان – هەولێر، ژمارە 3، 2007
35. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، عەبدولسەلام سالار، ژمارە 12، 2003.

## (هـ) نامە ئەکادیمییەکان

33. ڕوونبێژی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی مەلای جزیری و نالی, نوزت احمدعپمان, نامەی ماستەر, زانکۆی سەلاحەدین, 1999.
37. هونەری ڕەوانبێژی لەشیعری(نالی)دا, عەبدولسەلام سالار عەبدولرەحمان, نامەی ماستەر, زانکۆی سلێمانی,2000.

## دووەم/ بە زمانی عەرەبی

### (أ) کتێبەکان


1. الادب والبلاغة, د. يوسف البيومي, مطبعة دارنشر الثقافة, مصر, 1970.
2. أسس النقد لادبي الحديث, مارك شورر واخرون, ترجمة هيفاء جاسم, مراجعة الدكتورة نجاح العطار, مطابع وزارة الثقافة والسياحة ولارشاد القومي, دمشق, جزء الثاني, 1933.
3. اسرا االبلاغة, عبدالقاهر الجرجانى, دار المدنى, جدة, 1991.
4. الايضاح في علوم البلاغة، جلال الدين محمد بن عبدالرحمن القزويني, دار مكتبة هلال, بيروت, ط2, 1991.
5. انوار الربيع فى أنواع البديع, السيد على صدر الدين بن معصوم المدنى, حققه وترجم بشعرائه : شاكر هادى شكر, الجزء الخامس, مطبعة النعمان – النجف الاشرف, الطبعة الاولى, 1399ه – 1939م.
3. بحوث منهجية في علوم البلاغة العربية, دار أبن حزم, بيروت – لبنان, الطبعة الأولى, 1429ه – 2009م.
7. البديع, عبدالله ابن المعتز, دار الحكمة, دمشق, دون تاريخ.
9. البديع في ضوء أساليب القرآن، د. عبدالفتاح لاشين، دار التضامن، القاهرة، 1979.
9. البديع في نقد الشعر, أسامة بن منقذ, تحقيق احمد بدوى و حامد الحميد, مطبعة مصطفى البابى حلى, مصر, 1390ه – 1930م.
10. البديعيات في الادب, ابو زيد علي, عالم الكتب, بيروت, طبع الاول, 1993.
11. البلاغة, ابي العباس محمد بن يزيد المبرد, تحقيق : د. رمضان عبدالتواب, مكتبة الثقافة الدينية, القاهرة - مصر, الطبعة
12. البلاغة العربية, الدكتور عاطف فضل محمد, عمان - دار المسيرة للنشر والتوزيع, الطبعة الاولى, 2011م.
13. البلاغة العربية في ثوبها الجديد, د. بكري شيخ امين, دارالعلم للملايين, بيروت - لبنان, جزءالاول, الطبعة العاشرة, 2005.
14. البلاغة العربية في فنونها (البديع والبيان), الدكتور محمد على سلطاني, دار العصاء, سوريا– دمشق, الطبعة الأولى, 2003.
15. البلاغة فنونها وأفنانها (علم المعاني), الدكتور فضل حسن عباس, دار الفرغان, عمان, 1424 هجري-2004م.

13. البلاغة والتطبيق, الدكتور احمد مطلوب و الدكتور كامل حسن البصير, دار الكتب للطباعة والنشر جامعة موصل, 1999.
17. البلاغة تطور وتاريخ, شوقي ضيف, دارالمعارف, مصر, طبع السادس, دون تاريخ.
19. البلاغة الواضحة (البيان والمعاني والبديع), علي جارم و مصطفي امين, مؤسسة صادق للطبعة والنشر, 1423هجري.
19. البلاغة والأسلوبية, يوسف ابو العدوس, الأهلية للنشر والتوزع, أردن - عمان, الطبعة العربية الأولى, 1999م.
20. البيان والبديع، د. طالب محمد الزوبعى و د. ناصر حلاوي، دار النهظة العربيه، بيروت – لبنان، الطبعة الأولي، 1993م.
21. البيان والتبين, ابوعثمان بن بحر الجاحظ : تحقيق عبدالسلام محمد و محمد هرون, دارالفكر بيروت, طبع رابع, دون تاريخ.
22. تاج العروس من جواهر القاموس, الزبيدي محي الدين ابي الفيض السيد محمد مرتضي الواسطي, مجلد الاول, دار الفكر, بيروت, دون تاريخ طبع.
23. تاريخ الادب العربي, الزيات احمد حسن, دارثفافه بيروت, طبعة 2, دون تاريخ.
24. تلخيص المفتاح للقزويني، شرح الرقوقي, القاهرة, 1940م.
25. الجناس في اساس البلاغة للزمخشرى دراسة بلاغية تحليلية, دكتور احمد هنداوى هلال, مكتبة و هبة, القاهرة, 2002.
23. الجوانب البلاغية عند الشيخ معروف النودهي، دراسة وتحليل: رؤف عثمان، حكومة أقليم كردستان، وزارة الثقافة، المديرية العامة للطباعة والنشر، 2001م.
27. جواهر البلاغة, سيد احمد الهاشمي, اشراف : صدقي محمد جميل, دارالفكر, بيروت - لبنان, 1414 هجري – 1994.
29. حلية المحاضرة, محمد بن الحسن الحاتمى, تحقيق : جعفر الكنانى, العراق, دار الرشيد, 1400هـ – 1979م.
29. خزانة الادب وغاية الأرب, تقى الدين أبى بكر حجة, شرح : عصام شعيتو, دار مكتبة الهلال, بيروت, الطبعة الثانية, 1991.
30. دلائل الاعجاز, عبدالقادر الجرجاني, تحقيق محمد رشيد رضا, القاهرة, 1372هـ.
31. روضة الفصاحة, ابو منصور الثعالبى, تحقيق : محمد ابراهيم سليم, مكتبة القران, القاهرة, دون تاريخ الطبع.
32. روضة الفصاحة, ابي عبدالله محمد بن ابي بكر الرازي, تحقيق : د . خالد عبدالرؤف الجبر, دار وائل للنشر, الطبعة الأولى, 2005.

33. شرح المختصر, لسعدالدين التفتازاني, علي تلخيص المفتاح للخطيب القزويني في المعاني والبيان والبديع, منشورات دار الحكمة, ايران, الجزء الاول, دون تاريخ.
34. صحيح المسلم, الرقم: 1435.
35. الصناعتين الكتابه والشعر, ابوهلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري, تحقيق محمد علي البجاوي ومحمد ابوفضل ابراهيم, ا لمكتبة العصرية, بيروت, 1993.
33. الصورة الشعرية ونماذجها في ابداع ابي نواس, د . ساسين عساف, بيروت, الطبة الاولي, 1992.
37. الطراز المتضمن لاسرار البلاغة وعلوم وحقائق لاعجاز, يحي بن حمزة بن علي بن ابراهيم, تحقيق: عبدالحميد هنداوى, المكتبة المصريه للطباعة والنشر, الطبعة الاول, 2009.
39. العقد البديع في فن البديع, بولص عواد الخوري, مطبعة العموميه الكاثوليكية, بيروت, 1933.
39. علم البديع و دلالات الأعتراض في شعر البحترى, د . مختار عطية, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, مصر, دون تاريخ طبع.
40. علوم البلاغة, احمد مصطفى المراغي, دار الكتب العلمية, بيروت – لبنان, الطبعة الرابعة, 1429ه- 2007م.
41. علوم البلاغة, راجى الأسمر, دار الجيل, بيروت - لبنان, 1423ه – 2005م.
42. علوم البلاغة العربيه, الدكتور محمد ربيع, دارالفكر, الاردن, طبع الاول, 2007.
43. علوم البلاغة (المعاني والبيان والبديع)، د. امين ابو ليل، دار البركة النشر والتوزيع، عمان – أردن، 2003م.
44. العمدة, ابن الرشيق القيروانى, تحقيق محمد محى الدين, دار الجيل, طبع الخامس, 1991.
45. العمدة في محاسن الشعر ونقده, ابن القيرواني, تحقيق محمد محي الدين الحميد, دارالجليل, بيروت, طبعة الخامسة, 1991.
43. فن البديع, دكتور عبدالقادر حسين, دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع, القاهرة, 2009.
47. فنون بلاغية, د.محمد أبو شارب, د.أحمد المصري, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, اسكندرية, مصر, الطبعة الأولى, 2003.
49. فنون بلاغية, لاستاذ الدكتور زين كامل الخويسكى و دكتور أحمد محمود المصرى, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, الاسكندرية, الطبعة الاولى, 2003.
49. في البلاغة العربية (علم المعاني), الدكتور عبدالعزيز عتيق, دار النهضة العربية, بيروت – لبنان, طبعة الاول, 1430ه – 2009م.
50. في البلاغة العربية علم البديع, الدكتور عبد العزيز عتيق, دار النهضة العربية, بيروت – لبنان, جزء الثالث, 2009.
51. القواعد البلاغية, محمود البستانى، طبع ايران، طبع أول، دون تاريخ طبع.

52. كتاب المختصر المعاني, سعد الدين التفتازاني, تحقيق : محمد عثمان, مكتبة الثقافة الدينية, القاهرة, الطبعة الاولى، 2009.
53. الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل, ابو القاسم محمود بن عمرو بن احمد جاري الله الزمخشري, جزء 4, الطبعة الثالثة, دار الكتاب العربى, بيروت، 1407 هجري.
54. لسان العرب, ابن المنضو, جماالدين ابي الفضل, مؤسسه التاريخ العربي ودار احياء التراث العربي بيروت, مجلد الاول, طبعة الثالثة, 1993.
55. المثل السائر في ادب الكتاب والشعر, ابو الفتح ضياء الدين نصرلله بن محمد ابن الاثير, تحقيق: د. محمد محى الدين عبدالحميد, مطبعة مصطفى البابى– القاهرة, 1939.
53. مختار الصحاح, محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الرازي, دار الكتاب العربي, بيروت, 1991.
57. المدخل الي دراسة البلاغة العربية, د . سيد احمد خليل, دارالنهظة العربية, بيروت, طبع الاول, 1939.
59. معجم البلاغة العربية, الدكتور بدوى طبانة, دار المناره للنشر والتوزيع جدة و دار ابن حزم – بيروت, الطبعة الرابعة, 1997.
59. المعجم المفصل في الأدب، د. محمد التونجى، الجزء الثاني، دار الكتب العلميه، بيروت – لبنان، الطبعة الثانية، 1419ه – 1999م.
30. المعجم المفصل في علوم البلاغه البديع والبيان والمعاني, اعداد الدكتوره انعام فوال العكاوي, مراجعة احمد شمس الدين, دار الكتب العلميه, بيروت – لبنان, طبعة الثالثة, 2003.
31. معجم المصطلحات البلاغية وتطورها, الدكتور أحمد مطلوب,مكتبة لبنان ناشرون, بيروت – لبنان, 2007.
32. المعجم الوسيط, د.ابراهيم انيس واخرون, دار احياء تراث العربى, القاهره, 1973.
33. مفتاح العلوم, يوسف بن ابى بكر محمد بن على السكاكى, مطبعة التقدم العلمية, دون تاريخ.
34. المفردات للراغب الاصفهاني, ابو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الاصفهاني, لبنان, جزء الاول, طبعة لاخري, 2011م.
35. المنجد في اللغة, لويس معلوف, دار المشرق, بيروت – لبنان, الطبعة الخامسة والثلاثون, 1993.
33. مقدمة بن خلدون, عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون, دار القلم, بيروت,طبعة الخامس, 1994م.
37. مناضر الانشاء, تاليف: محمودبن محمد الطيلاني, تقديم وشرح الابيات العربية بالفارسية, الملا خضر النالي الشهرزوري, تحقيق ومراجعة وتالخيص: الدكتور صباح ممد البرزنجي, من منشورات ملتقي نالي, بنكةي ذين, دون تاريخ الطبع.

39. مصطلحات نقدية من التراث الادبى العربى، محمد عزام، منشورات الثقافة في الجمهوربة العربية السورية، مكتبة الاسد، دمشق– سوريا، 1995م.

39. نحو بلاغة جديدة, د. محمد عبدالمنعم خفاجي, د.عبدالعزيز شرف, مكتبة غريب, مصر, 1992.

70. نقد الشعر, قدامة بن جعفر, تحقيق محمد عبدالمنعم خفاجى, دار الكتب العلمية, بيروت, 1994.

71. الواضح في البلاغه العربيه المعاني- البيان- البديع, محمد زرقان الفرخ, دار هبه وهدي, طبعةالاولى, 1413هجري- 1993م.

72. الوافي في تيسير البلاغة (البديع – البيان – المعانى), دكتور حمدى الشيخ, المكتب الجامعى الحديث, 2004.

73. وقفه مع العربيه وعلومها, موسي عبدالرحمن قشاوي, دار صفاء للنشر والتوزيع - عمان, الطبعة الثانيه, 2000.

74. يتيمة الدهر في محاسن أهل العصر, أبي منصور عبدالملك الثعالبي النيسابوري, شرح وتحقيق : الدكتور مفيد محمد قميمة, دار الكتب العلمية, بيروت– لبنان, الجزء الثاني, 2000م.

**(ب) ئینتەرنێت:**

75. شبكة ندى البيان، https://www.google.com/nada albyan liab walfky/…/244766385639

73. عقود الجمان في علم المعاني والبيان، الأمام الحافض جلال الدين السيوطي، من المكتبة الألكترونيه، انترنيت.

## سێیەم/ بە زمانی فارسی

1. اصول علم بلاغت در زبان فارسی, رچا نژاد, غلامحسن, انتشارات سپهر, تاران, چاپ اول, 1337.

2. ایین سخن, ذبیح الله صفا, انتشارات ققنوس, تهران, چاپ سیزدهم, 1333.

3. بیان, سیروس شمیسا, تهران, نشر میترا, چاپ دوم, 1392.

4. بدیع از دیدگاه زیبایی شناسی, کامیار وحیدیان, انتشارات سمت, تهران, چاپ اول, 1393.

5. بلاغت تعلیم درجملات پرسشی دیوان ناصر خسرو, پایان نامه کارشناسی ارشد رشته ادبیات فارسی, لیلا رمچانیان, دانشگاه کردستان, 1392.

3. تأثیر قران و حدیث در ادبیات فارسی, دكتر علی اصغر حلبی, انتشارات اساطیر, تهران, چاپ ششم, 1399هتاوی.
7. ترجمان البلاغه, محمد بن عمر رادویانی, به اهتمام پروفسور احمد اتش, تهران - اساگیر, چاپ دوم, 1332.
9. در قلمرو بلاغت, محمد علوی مقدم, خراسان, استان قدس رضوي, چاپ اول, 1372 هتاوی.
9. فرهنگی جیبی فارسی- كردی دانشگاه كردستان, ماجد مردوخ روحانی, دانشگاه كردستان سنندج, چاپ ششم, 1390.
10. فنون بلاغت وصناعات ادبی, استاد جلال الدین همایی, انتشارات توس تابستان, چاپ دوم, 1333.
11. علوم بلاغی (معانی، بیان، بدیع)، معد مردوخی، نشر ژیار – سنندج، چاپ اول، 1379 هەتاوی.
12. شعر فارسی از اغاز تا أمروز, پروین شكیبا, چاپ حیدری, چاپ دوم, 1373.
13. صور خیال در شعر فارسی, شفیعی كدكنی, محمد رچا , تهران, انتشارات اگاه, چاپ سیزدهم, 1399.
14. لغت نامه, علی اكبر دهخدا, انتشارات توس, تهران, چاپ هفتم, جلد چهارم, 1343.
15. معانی و بیان, محمد علوی مقدم و رچا اشرف زادە, انتشارات سمت, تهران, چاپ ششم, 1394.
13. معانی, سیروس شمیسا, تهران, انتشارات تابش, چاپ ششم, 1379.
17. مرجع شناسی ادبی و روش تحقیق, دكتر عباس ماهیار, نشر قگرە, چاپ یازدهم, 1393.
19. نگاهی تازه به بدیع، دكتر سیروس شمیسا، چاپخانه تابش، تهران، چاپ چهارم، 1307ی هەتاوی.

## چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی

1. Colins School Dictionary, Flockhart .Jamle, Lilly - .Cordelia.Summers. Elspeth, Harper Colins Publishers, Glasaw, edition 2012.
2. Dictionary Of Litry Terms, and Litrary Theory, Cuddon.J . A.
3. Oxford Learners Pocket Dictionary, 4th,ed,Oxford university Press, 2011.

## ملخص البحث

(البديع في شعر وفايي) عنوان البحث الذي يتطرق الى جميع الفنون البديعية البلاغية في شعر وفاي، وذلك في مستويين بديعيين، لونا شعر وفاي، مستوي بديعي لفظي ومستوى بديعي معنوي، حيث ' يؤثر مستوى بديع الفظ في تزيين ظاهر الكلمة والتناسق الصوتى فيما بين الكلمات، وهذا بدوره يعطي موسيقيً وايقاع وتناسق للنص الادبي، وهذا النوع من البديع يتكون من مجموعة فنون تحمل الوظائف التي 'أشيرت اليها وتؤثر كل' منها في النص الادبي من زاوية معنة وتضفي عليه جمالية فتكون في مجموعها طيفاً نادراً وتجذب انتباه وانظار المتلقي، ويؤثر مستوى البديع المعنوي في تزيين التعابير ومعان الالفظ، ويعطي قيمة معنوية للنص الادبي.

ويطرق البحث في القسم الثاني الى اسم الشاعر، حيث وظيفة البحث هي اظهار الفنون البديعية في شعر وفاي، وفاي شاعر مشهور وبارز في الادبيات الكلاسية الكوردية لاسيما في منطقة موكريان، تحتل قصائد وفاي مكانة فنية عالية وتحمل ايضاً موسيقىً خاصة، ونفسا شعريا خاصا به، تتضمن صوراً فنية جميلة وكات خاصة به، ويحتل وفاي مخزون لغويا وشعريا وتاريخا ودينيا واجتماعيا كبيراً، هضم كثيراً من قصائد الشعراء السابقين ولاسيما حافظ عند الفرس ونالي في الكورد.

يتألف البحث اضافة الى المقدمة من ثلاثه فصول الفصل الاول: عنوانه (البلاغة وعلومها) يتكون من مبحثين، يتطرق المبحث الاول الى علم البلاغة من حيث اللغة والاصطلاح وعرض آراء الكثير من علماء الادب والبلاغة، ثم يتناول تاريخ البلاغة عند الشعوب كاليونان والروم والعرب والفرس وبعد ذلك الكورد، ويبحث المبحث الثاني من العلوم الثلاثة للبلاغة (البيان والمعاني والبديع) مطولاً، ويركز على البديع كجزء من العنوان من حيث اللغة والاصطلاح والآراء حول البديع وتاريخ تطور هذا العلم.

تناول الفصل الثاني: الفنون البديعية اللفظية في شعر وفاي، وقسمناه الى مباحث يتناول فنا من الفنون وتعريفها وطبقنا كل نوع علي شعر وفاي مع شرح والتحليل ويتألق المحاور من الفنون البديعية الفظية

(الجناس والتصدير والتشطير والترديد والتكرار ولزوم مايلزم والموازنة والمتوازى والمطرف والطتريز والملمع ونسخ واقتباس والتضمين والتخميس).

أما الفصل الثالث والأخير فيختص بالفنون البديعية المعنوية في شعر وفاي، ويتناول محاوره الفنون البديعية اللغوية الآتية (التضاد والمقابله والعكس والتلميح والجمع والتفريق والتقسيم والتفسير وارسال المثل والمبالغه وحسن التعليل ومراعاة النظير وتجاهل العارف واللف والنشر والتوريه والتوجيه والرجوع والذم بما يشبه المدح والابداع).

واستعرضنا في نهاية البحث مجموعة من الاستنتاجات التي خرجنا بها مع انتهاه البحث، وثم مسرد المصادر والمراجع وبعد ملخصات باللغنين العربية والانكليزية.


# Abstract

"Aesthetics in Wafay's Poems" is the title of this research, which, in his poems, concentrates on the entire rhetorical aesthetics. Its aesthetics which ornaments his poems in this work is studied on two levels; firstly, word formation aesthetics and secondly, the semantics aesthetics. Word aesthetics sheds light on the beautification of word appearance and the sound assimilation between words that gives music, melody and harmony to the literary piece. This type of aesthetics includes some artistic functions that have been mentioned before, and each one of those functions influences the literary work from a different perspective, that they together create a rainbow in order to attract the listeners' attention. Secondly, semantic aesthetics refers to the beauty and smoothness of the utterance of words and their meanings which occasion value for the literary works.

In the second part of the title, Wafay's name is worthy to be mentioned, even though the research aims at demonstrating esthetics aspects in his works, but he is a major figure in Kurdish classic literature and most known classic poet in Mukryan area. His poems are artistically to a large extent valued, musical and identifiable style of his own, also including rich imagery. Wafay owns an enriched poetic, historical, religious and societal language; he was a good absorber of the poems of other poets such as Hafiz among the Persians and Nali among the Kurds.

The research, besides an introduction, is comprised of three parts:

**Part One**: the rhetorical and scientific names of this part include two arguments, the first one argues the science of rhetoric in terms of linguistics and concepts regarding this science, and also the viewpoints of many literary figures and rhetoricians are brought forward. In addition, the history of rhetoric from Greece, Romans to Arabs, Persians and Kurds is discussed. The second part is for the three branches of rhetoric as a science which are rhetoric, semantics and aesthetics. Science of rhetoric as part of the title of the research is meticulously and fully in terms of its concepts, viewpoints and historical background demonstrated.

**Part Two**: Wafay's word aesthetics is illustrated, the arguments are structured according to the dependency of each branch of the science after being identified and defined, then practicing the theoretical aspects by way of applying it on Wafay's poems. More importantly, the combination of theory and practice leads the research to the analyses of the poems in light of the sciences we have discussed before, in which the techniques and arguments will incorporate.

**Part Three**: this part which is the last part of the research illustrates the aesthetical techniques of semantics in Wafay's poems. This part is structured like the second part; the techniques and arguments embrace the following which are semantics aesthetics: (paradox, comparison, displacement and etc.)

Finally, the conclusion of the research is naturally confirmed. In addition, the bibliography which the research has relied on is written. It is worthy to mention that the research abstract has been translated in to Arabic and English.